«ئەدەب جۆرێکە لە تۆڵەکردنەوە، ئەدەب ئەوەم پێدەبەخشێ کە ژیانی ڕاستەقینە ناتوانێ بمداتێ. هەموو سەرکەشییەکان، هەموو نەهامەتییەکان، هەموو ئەزموونەکان کە دەتوانم بە خەیاڵ لەناویاندا بژیم، ئەدەب بۆ بەدی دەهێنێ»
ماریۆ ڤارگاس لیۆسا

ژمارە ١٠
زستانی ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبی، هزری، رەخنەیی، رۆشنبیری گشتییە. بایەخ بەبواری ئەدەبی (وتار، لێکۆڵینەوە، رەخنە، دەق) و بواری فەلسەفی و بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و رۆشنبیری گشتی دەدات. زمان و وەرگێران لە بابەتە گرینگ پێدراوەکانی گۆڤارن.

خاوەن ئیمتیاز
سیروان عەبدولکەریم عەلی

سەرنووسەر
گۆران رەسووڵ

بەرێوەبەری نووسین
دانا ئەحمەد محەمەد

نەخشەسازی بەرگ و دیزایین
هێمن خدر
Hemn89@gmail.com

گۆڤاری ٢٣ تەنیا بەرپرسیارییەتی ئەو بابەتانە لە ئەستۆ دەگرێ کە لۆگۆی گۆڤارەکەی لەگەڵە. ئەوانی تر بۆچوونی نووسەرەکانن و خۆیان بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن.

پەیوەندی :
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٥٢٤٤٤٣
ئیمەیل: govar23@yahoo.com

دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی: کۆمپانیای بڵاڤ پەیک

BLAV PAYK

پێرست

Full Stop.................... سەرنووسەر ٥

وتار و لێکۆڵینەوە:

بەردەوامی سەدەی ترس.................... هاوار کامل ٨
کوژانەوەی گوڵەستێرەکانی کەریم کاکە .... ئاری عوسمان خەیات ١٢
دیاردەی نادادپەروەری....................بەختیار محەمەد ٢٠
ئەدەب وەک وانەیەک لە زانکۆ....................عبدوڵا رەحمان ٢٧
مرۆڤ لە روانگەی فەلسەفەی (ئەریستۆ)وە....................عەلی سەرتیپ ٣٩
سارتەر و پارادۆکسەکانی .... ئەبوبەکر جاف ٤٥

تەوەری وەرگێران:

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ ٥٣
بەکر دەروێش.................... ٦٣

دەق:

لەجیاتی شیعر.................... تەیب قادر ٧٤
سەرگۆن پۆڵس.................... ئەدیب نادر ٧٩
لە غەریبیدا نابمە خۆم.................... زانا سامان ٨٧
کراسێکی شەکەت....................خەلیل زێوەیی ٨٩
چەند شیعرێکی عەلی کاکاوند....................و: فارسییەوە: جەبار سابیر ٩١
تۆماری وێنەکان لە دووکەڵی جگەرەدا.................... کازیوە سالح ٩٦
پەپەسێلکەی سپی .... گۆران رەئوف ١٠٠
کوڕە پیاو کوژەکەی من.................... بێرنارد مالٌمود.. و:بابەک سەحرانەوەرد ١٠٣
ژن و مێردێکی نموونەیی.................... نەبیل عەودە..و: سەنگەر زراری ١١١
نوسین سەرئێشەیە....................غەمگین بۆڵی ١١٦

وەرگێران:

کاستۆر یادیس.................... هاشم سالح و: تاهیر عوسمان ١٢١
لە وڵاتی مامە سامیشدا ....و: د. فەیسەڵ بڵباس ١٢٦
ئەگەر ژیان یاری بێت ئەمە چیرۆکەکانییەتی....................و:د. پەخشان سابیر ١٣٢

دوا وێستگە .... بەڕێوەبەری نووسین ١٤٢

Full Stop

سەرنووسەر

ڕەنگە دیمەنێکی تراژی-کۆمیدی بێت ئەگەر بتەوێ لە کوردستان وەکو میدیای سەربەخۆ کار بکەی و هیچ بەربەستێکت نەیەتە پێش. لێرە یان میدیای ئازاد هەر بوونی نییە یا ئەوەی کە پڕوپاگەندەی سەربەخۆبوون دەکا، ئەوا خۆی لە پشت ماسک و پەردە بۆگەنەکاندا شاردووەتەوە. ئەم پڕۆسەیە هەر وەنەبێ میدیای هەواڵی و سیاسییەکانی گرتبێتەوە بگرە ئەم پەتایە پەڕیوەتە ناو هەموو بوار و لایەنەیەکانی کارکردنی میدیایی، بەڵام ڕەنگە پڕۆسەکە ڕێژەیی بێت و لە بوارێکدا ڕەنگ زەق و لەیەکێکی تردا کاڵ دەربکەوێ. هۆکارگەلی زۆر هەن کە دەبنە بەربەست لەبەردەم هەبوون یان لەباربردنی میدیای ئازاد، دەسەڵات لەلایەک و جەماوەریش لەلایەکی تر دوو هۆکاری گەورەن لەم پڕۆسەیەدا.

دەسەڵاتی کوردی بەجۆرێکی وەها خنکێنەر دەستی خستووەتە بینەقاقای کاری میدیاییەوە کە یان ئەوەتا دەبێ بکەویە ژێر ڕکێفییەوە یان ئەوەتا دەست لە کار و پڕۆژەکەت هەڵگری. ئەوەتا دەبینین سەرەڕای ناشیرینکردن و ناوزڕاندن و بڕینی هاوکاری دارایی و دواجار لێدان و کوتانیش بووتە بەشی میدیاکارانی سەربەخۆ. بێدەنگکردن و کپکردنی میدیای ئازاد واتا بێدەنگکردن و کپکردنی کۆمەڵگە، یان بەجۆرێکی دی کۆنترۆڵکردنی میدیای ئازاد واتا کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە. دواجار ئەمەش چەقبەستن و لەباربردنی پڕۆسەی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵگە و تاکەکانی بەدوا دادێت. شتێکی تری زۆر قێزەوەن ئەوەیە کە دەسەڵات خەڵکانێک ڕێنوێنی و پەیڕەودەکا کە خۆیان وەک ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ یان نووسەر و فۆتۆگرافەر

و چی و چیتری ئازاد لەناو کاری ڕاگەیاندندا بناسێنن، لە کاتێکدا هەر ئەو کەسانە کادیرانی حیزبی و لایەنە سیاسییەکانن و دواجاریش هەر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانیاندا کارە میدیاییەکانیان بەکاردەهێنێن. ئینجا زۆرجاریش دەسەڵاتی سیاسی ئەم پڕۆسەیە دەگەیەنێتە شوێنێک کە ڕێگە بە دامەزراندنی سەدان بڵاوکراوەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی دەدات و دواجار پڕۆسەکە دەبێتە فەوزا و کارە چاک و بوێرەکان لەناویاندا ون دەبن. ڕۆژانە ئەگەر سەیری ئەو کۆشکە بچووکانە بکەین کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان تێدا دەفرۆشرێ دەبینین کە هەتا چاوت دەکەوێتە سەر گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی یان ئەدەبی یەک دەرزەن ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسیی کرچوکاڵ یەخەت دەگرن، کە لە خوێندنەوەی سەرلەبەریان لە ژانەسەرێکی تاقەتپڕووکێن زیاتر هیچت پێنابەخشن.



جەماوەریش بەرپرسیارییەکی ترن لە نەبوون و لەباربردنی میدیای ئازاد. ئێمە هەموو ئەوە دەزانین کە دەسەڵات تەنیا هاوکاری ئەوانە دەکا کە ئەندامان و کادیرانی خۆیانن و ئەوانی تر ئەگەر بیانەوێ دەبێ لە گیرفانی خۆیانەوە کار و پڕۆژە ئەنجام بدەن، (تێگەیشتنێک هەیە لەناو ئێمەدا ئەویش ئەویە کە هەستێک دروست بووە وەک ئەوەی کە ئەگەر حکومەت هاوکاری دەزگا ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان بکات وەک ئەوە وایە خێریان پێبکات، خەڵکانێکی حیزبی هەن کە وا بیردەکەنەوە ئەو داهات و سامانەی کە حکومەت سەرپەرشتی دەکا هەمووی لە گیرفانی حیزبەکانەوە دێتە دەرێ). لە هەموو دونیادا میدیای ئازاد هەر بەکردە دەبێ ئازاد بێ و خۆیشی خۆی بەڕێوە ببات. بەڵام ئێمە کە ڕێژەیەکی ئەوەندە کەمی خوێنەرەمان هەیە، کامە ڕۆژنامە

یان گۆڤار دەتوانێ بڕی تەنیا خەرجی چاپەکەی دەستبکەوێ! خەڵکانێک هەن لایان ئاساییە ڕۆژانە دوو پاکەت جگەرە بە هەوادا بکەن، بەڵام ئامادە نین ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بکڕن کە خەرجییەکەی ناکاتە بڕی نیوەی خەرجی یەک پاکەت جگەرە. ڕێژەیەکی کەم هەن کە بۆ چێژ و هۆشیاری دەخوێننەوە، ڕێژەیەکی کەمتریش هەن کە لە بەتاڵیدا دەخوێننەوە، ئەمە ناوەندە زانستی و زانکۆ و ڕۆشنبیرییەکان هەر باس ناکرێ! کە چۆن خوێندنەوە نامۆترین دیاردەیە لەناویاندا.

ئێمە لەماوەی کارکردنی ئەم دە ژمارەیەدا هەوڵمانداوە کە تەواو ئازادانە و دوور لە سێبەری دەسەڵات و حیزبدا کاربکەین، هەرواشمان کردووە و ئێستاش کە گۆڤارەکەمان دەگاتە دوا وێستگە پەیوەندی بەو نەهامەتیانەوە هەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد. من لێرە بۆ مێژوو دەیڵێم کە ئێمە تەنیا وەک هاوکارییەکی سەرەتایی و بۆ یەکەم ژمارە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری کراین، بەڵام دواتر بەپێی ئەو بڕیارەی کە حکومەت دەریکرد و هاوکاری دارایی هەموو میدیا و ڕاگەیاندنە سەربەخۆکانی بڕی (دواتر هاوکاری ئەوانەی تایبەت بە خۆی بوون بە شیوەگەلی جیاواز گەڕاندنییەوە)، ئێمە تاقە یەک عانەشمان لە هیچ لایەنێک وەرنەگرتووە و من وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە لەگەڵ خاوەن ئیمتیاز کۆی خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوەیمان بە شانازییەوە گرتووەتە ئەستۆ. بەڵام سەرەڕای ئەمەش خەڵکانێک هەن هەمیش ئەو تانەیە دەدەن کە ئێمە لە لایەکی ترەوە هاوکاری دەکرێین، ئا ئەمەیە دیمەنە تراژی-کۆمیدییەکە. یان ڕەنگە ئەمە جۆرێک بێ لە پەتای کۆیلەیی ئەم کەسانە و وەک پێشینان گوتوویانە ئەوەی دز بێ لای وایە هەموو خەڵک دزە.

زۆر لایەنی سیاسی ویستیان کە ئەم گۆڤارە بەردەوام بێت و هاوکاری دارایی بکەن ئەمەش بەمەرجی ئەوەی کە لۆگۆی ئەو لایەنانەی لەسەربێ، بەڵام من ڕاگرتن و داخستنیم پێ باشتربوو وەک ئەوەی کە لەژێر ڕکێف و فەرمانی لایەنێکی سیاسی گۆڤارێکی ئەدەبی دەربچێ.

من لێرەوە ئەوە دەڵێم کە هیوادارم کە لەو ماوەیەی کارکردنماندا خزمەتێکمان بەبواری ئەدەبیات و فیکر و ڕەخنە کردبێ، هەرهیچ نەبێ لە ڕێگەی دواندنی کۆمەڵێک وەرگێڕەوە خزمەتێکمان بە بواری وەرگێڕان کردبێ، کۆمەڵێک دەنگی نوێمان بە خوێنەران ناساندبێ. ئەو کارە جدییانە لەسەر ڕێنووس و زمان لەکۆی بابەتەکانی هەموو ژمارەکاندا کردمان سوودێکی بە زمانی کوردی گەیاندبێ. دەخوازم لە داهاتوودا بتوانین بە شێوەی تر و کاری تر خزمەتی بواری ئەدەبیات بکەین.

بەردەوامی سەدەی ترس

هاوار کامل

فەیلەسوف و بیرمەندی فەرەنسی (ئەلبێرت کامۆ) سەدەی بیستی بە (سەدەی ترس) ناوبردووە، چونکە ئەم ماوەیە تژی بووە لە بێ ڕێزی بەرامبەر ئینسانەکان و بەها مرۆڤایەتییەکان. تیایدا دوو جەنگی پڕ وێرانکاری و خودویستی و مرۆڤ کووشتن گەیشتبووە دوا ترۆپک. لێرەدا جارێکی تر دەکەوینە بەر ئەنجامگیری سەدەیەکی تری کۆیلەبوونی مرۆڤایەتییەوە، ئەویش ڕووداوەکان تیشکی خۆسەپاندنی هەمان دۆخی ڕابردووە.

گومانی تێدا نییە بیرمەندێکی وەکو کامۆ، کە ئەنجامگیرییەکی سەختی لەو چەشنەی خستەڕوو، وای کرد، هەموو دەسەڵاتە رەهاکان و (بوون) بخاتە ژێر دادگایەکی ئەخلاقییەوە. بەبڕوای من دادگایەکی خودی مرۆڤە ڕەسەنەکانە. دەیویست و کاری دەکرد، کە ڕێگایەکی میانڕەوانە و گفتوگۆ و هەمەلایەنە بدۆزێتەوە، کە کابوسێک جیهانی بە خوێن گلدابوویەوە، بەو پێوەرەی سنوورێک یان ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەرامبەر تیرۆرو کوشتن و توندوتیژی بگرێت.

لەڕاستیدا ئەم فەیلەسوفە ڕەخنەگرە هیومانیستە ئەخلاقگەرایە، بە بیرکرنەوەکی فرە ڕەهەندی و ڕیالیستییانە، بە ڕۆحێکی پاکی ئێجگار بەرپرسیارێتییەوە، کەوتبووە هەڵسەنگاندن و شیکرنەوەی تەوای ئایدۆلۆژیاو ئەفسانە ئیتنییەکان و تیۆرییە بەناو زانستییەکانەوە، کە زۆربەی فەیلەسوفانی سەدەی هەژدەو نۆزدە هەڵگری بوون.

کەواتە ئەم فەلسەفەیە سەرەڕای گشتگیری و گشتێتی خۆی، بەرهەمی سەردەمێکی تایبەتە، بەڵام دەبێت بزانین ئەم سەردەمە لە چ ڕوویەوەکەوە لە سەردەماکانی تر جیاوازە؟

دیوێکیان گەورەترین ژیاری و چرکەساتەکانی گەشەکردنی ڕۆشنبیری و کەلتووری مرۆڤایەتی بوو، دیوەکەی تریشیان مرۆڤ لەناوبردن و هۆلۆکۆستەکان بەرهەمی تەواوی زانست و تەکنەلۆژیا و ئایدۆلۆژیاکان بوون.

زۆر گرینگە بگەڕێینەوە بۆ ئەوە حوکمدانەی کە
کامۆ لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا (مرۆڤی یاخی)
تەرحی کردووە، یاخیبوونە ڕووکەشەکانی
ڕابردوو و بەردەوامییان! وەک ئەوەی خۆی
بە جێگیرەوەی زوڵم و ستەم دەبینێتەوە،
بە مانایەکی تر هەندێک ئاقار دەیەوێت زەوی
بکاتە بەهەشت و ئایدیالی، بەڵام ئەمە مەحالە،
مادامەکێ ژیان بەردەوامە، کەواتە مردن هەیە،
دەسەڵات و ڕەهایی و کۆیلەبوونیش هەیە.

یاخیبوون لای کامۆ، بریتییە لە دژایەتی نامەعقوولییەکانی ژیان و خۆنەدزینەوەش لێی، وەڵامێکی گونجاوی هەیە بۆ ئەم ژیانە مەحاڵەی دادپەروەری، دەڵێت: (ئێمە باس لە جیهانێک ناکەین هیچ مرۆڤێکی تێدا نەکوژرێت، بەڵکو جیهانێک، کە پاساوی کوشتنی تێدا نەبێ)، ئەمە مانای ئەوەیە پاساوهێنانەوە بەناوی هەرشتێکەوە بێت ئیتر ئازادی و ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەو زادەکانی بێت، کارێکی نەگونجاوەو مایەی قبووڵکردن نییە.

کامۆ دەیەوێت پێمان بڵێت: زۆربەی تاوانەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، تاوانێک بوون بە ناوی مافی مرۆڤ و ئازادییەوە، سەرجەم بەها ئینسانی و مۆراڵییەکانی خستە ژێرپێوە، بە مانایەک لە ماناکان لەدژی دۆزەخێک، دۆزەخێکی دی هێنایە کایەوە، گۆڕینی دەمامکی بکووژە جەللادەکان بوو بۆ دادوەرییەکی جیهانی ئەنجامەکەی بوو. بەم واتایەش بێت هەنووکە ئەم دادوەرە، حوکمی دونیا دەکات. ئێستاکێ کێشە لە ناوکی دونیایەکی پڕ مەترسیدارتر لەو سەدەیەی کە بەمەترسی ناوی دەبەین هەیە، ئەویش سەدەی بیست و یەکە. لەم کاتەدا دەگەینە دوا سنووری کێشە ناموومکینەکان، دەبێت بگەڕێینەوە سەر بیرکردنەوە مەحاڵەکان، ئەویش قبووڵکردنی یەکتری و ڕێزگرتنی شوناس و بەهاکانی مرۆڤبوونە، جگە لەمە ژیان هەناسەیەکی تر نادات.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە جیهانی سەدەی بیست ویەک، لە یەکەم چرکەساتییەوە، پێی ناوەتە سەردەمێکی پڕ لە خوێن و لەبن نەهاتووی کوشتنەوە، لێرەوە نووسەرێکی فەڕەنسی (دۆمینیک دۆڤیلبان) ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات و سەرجەم کاروانی مرۆڤایەتی ئاگادار دەکاتەوە لە بەردەوامی کێشەکان و دەڵێت: (یا ئەوەتا هەمووماں لەناودەچین یاخود هەمووماں پێکەوە ڕزگارمان دەبێت)، ئەمە زەنگێکی پڕ مانابەخشە بۆ کەسانێک خاوەن دەسەلات و سەڵتەنەت و سەرۆکەکانی جیهان، بەو پێودانگەی سرووشتەکەی تێکەوتووە، بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدۆستانەی هەبێت. ئەویش ئەوەیە (چوونکە هەمووماں سواری یەک کەشتی بووین، کەشتی ئەستێرەی زەوی) لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەبێت هەموو دژەکان ئاشت ببنەوە، (قرشی زەبەلاحی نێو قوڵایی دەریا لەگەڵ نەورەسی جوان، کە بەردەوام بەسەری دەریاوە دەسووڕێتەوە، ئاشت ببنەوە).

یاخیبوون لای کامۆ ، بریتییە لە دژایەتی
نامەعقوولییەکانی ژیان و خۆنەدزینەوەش لێی ،
وەڵامێکی گونجاوی هەیە بۆ ئەم ژیانە
مەحاڵەی دادپەروەری ، دەڵیت: (ئێمە باس
لە جیهانێک ناکەین هیچ مرۆڤێکی تێدا نەکوژرێت ،
بەڵکو جیهانێک ، کە پاساوی کوشتنی تێدا نەبێ) ،
ئەمە مانای ئەوەیە پاساوهێنانەوە بەناوی
هەرشتێکەوە بێت ئیتر ئازادی و ئایدۆلۆژیاو
فەلسەفەو زادەکانی بێت ، کارێکی نەگونجاوەو
مایەی قبووڵکردن نییە

بە تێڕوانینی ئەو واقیعەی دەگوزەرێت، ئەمە هیچ مانایەکمان نادات بەدەستەوە، چونکە مێژوویەک یان سەرزەمینێک بە درێژایی درووستبوونی گەردوون و مرۆڤایەتی تا ئێستاش مرۆڤ کوشتن و تاوان، نەک هەر کەمی نەکردووە، بەڵکو سەدە بە سەدە و سات دوای سات تاوانکردن و خوێنڕشتن، بە هەرهۆیەک بێت، لە بەردەوامبووندایە، بەڵام ئەمە تێروانینی ڕەشبینی من نییە بەڵکو ئەنجامی مێژوویەکی ڕەشی مرۆڤایەتییە.

(دۆمینیک) ئەم نووسەرە داندییە ومۆڕاڵییە، بەردەوام دەبێت و دەبێژێت: (گرنگترین شت ئەوەیە، کە یەکەم جار لەگەڵ خودی خۆمان ئاشت ببینەوە، دواتر لەگەڵ ئەوی دیکەدا ئاشت ببینەوە)، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم نووسەرە ئەوەیە، بە فۆرمێکی ئیستاتیکی مێشکی کاغەزت بۆ دەڕازێنێتەوە بێ ئەوەی بزانێت کەی کاتی خۆرهەڵاتنە!

هەروەها زۆر زیاتر دەڕوات و دەڵێت: (ئەوی دیکە لەلایەنی ئایین و نەتەوە و زمان جیاوازە لەگەڵماندا). هەر خاوەن هۆشێک هەست بەم ڕێزە باڵایەی ناو ناخی خۆی دەکات؟ نەخێر.. تەنها هەستێکی خەیاڵییە و هیچی دی! لە ڕیالدا دەبێتە پراکتیک؟

تەنها خۆ گێلکردنی خۆمان و ڕاکردنە لە فۆبیای دەورووبەرەکەمان، ئایا هیچ دەوڵەتێک و نەتەوەو لایەنێک ئەمە دەکەنە کارێکی کردەی ناو واقیع؟

بە پێچەوانەوە هێندە خۆسەپێنەرو دابڵۆسێنەرتر دەر دەکەون، هێندە مانایەکی کورت نادەنەوە بەو مۆڕاڵە ڕەمزییە!

کوژانەوەی گوڵەستێرەکانی کەریم کاکە
(ئەزموونکردنی دەسەڵاتی دەق، لە پرۆسەی خوێندنەوەدا)

ئاری عوسمان خەیات

(١)

بۆ جاری دووەم، هەر سێ بەرگی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە)ی (کەریم کاکە)م خوێندەوە، دەبینم ئەمە ئەو شێوازە نووسینەیە، کە تەواو لە خوڵقی خوێنەرانەی منەوە نزیکە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە پێموایە نووسینی ڕاستەقینە دەبێ ئاوهابێ، کە ناوبراو لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خۆیدا کردوویەتی.

کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، بەڕادەیەک چێژم لێوەرگرت، کەڵکەڵەی جارێکی تر خوێندنەوەی چێشتی مجێورەکەی مامۆستا هەژارم کەوتەوە سەر، کە لەخوێندنەوەی ئەمیش بوومەوە، هەستم کرد، دەبێ دیسانەوە بچمەوە کن گوڵەستێرەکانی کاکە... ئێستاش تێنەگەشتم، ئەوە چییە وا لەمن دەکا، لەنێوان ئەم دوو تێکستەدا هاتوچۆی خوێنەرانە بکەم؟ کامیانە، وا من بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و سەرلەنوێ ئەمیان ڕادەستی ئەویدیم دەکاتەوە؟ لە گەڕی سێیەمی ئەم گەمەی خوێندنەوەیەدا بووم، تەماشا دەکەم، ئەگەر من بەردەوام بم لەسەر ئەمە کارەم، ئەوا مەگەر سەرلەبەری ئەم وەرزی پشووە، هەر خەریکی خوێندنەوەی کاکە و هەژار بم!

(٢)

نووسینەوەی یادەوەری، هەر ئەوە نییە، تۆ بێی ژیانی خۆت لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر بنووسییەوە و ئاو بێنەو دەست بشۆ، چونکە ئەگەر وا بێ، کەواتە هەمووومان دەتوانین ئەوە بکەین، ئیدی

ورده ورده وای لێدێ، دەڵێین: خۆ گەر کەسێکیش بەخۆی ئەوەی پێ نەکرا، قەیدی چییە، با بچێ تەکلیف لە ناسیاوێ، برادەرێ بکا و سەرهاتی ژیانی بۆ بگێڕێتەوە و ئەویش لە کتێبێکدا بۆی بنووسێتەوە و ئێوەش فەرموون ئەوە یادەوەری منی فڵانە کەسە و بیخوێننەوە!

کەواتە چەند سەرنجڕاکێشە، کاتێک خوێنەرێک دەست دەداتە خوێندنەوەی یادەوەریی و بەسەرهاتی نووسەرێک، بەڵام کە لێدەبێتەوە، نازانێ بەڕاستی ئەوە وایە؟ بەڕاستی کەسێک ئەو هەمووەی بەسەردا هاتووە؟ چەند جوان بوو، کە گوڵەستێرەکانم دەخوێندەوە، لە چەندین شوێندا، سەرسوڕمان بە تاقەت و هێزی گێڕانەوە، بەلای نووسەرەوە، ڕای دەگرتم و لەخۆم دەپرسی: ئەرێ ئەوە چ هێزێکە، وا ژیان هێند بەو ناسکییە لە بۆتەی وشە و واتەدا نمایش دەکاتەوە؟

نووسەر وەڵام دەداتەوە: (لەو گێڕانەوەیە بە دیاریکراوی، هیچ مەبەستێکم نییە، هێندە دەزانم ئەوە حەزی نووسینە و چیدی نا...).

ئەگەرچی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم سێ بەرگەی گوڵەستێرکان، تایبەتن بە نیوەی دووەمی هەشتاکان، تا ڕاپەڕین، بەڵام ئێمە دەتوانین وەک کڵاوڕۆژنەیەکی تەواو کراوە و ڕۆشن، کڵاوڕۆژنەیەکی بێلایەنانە، کە لێیەوە بڕوانینە تەواوی ئەو قەوماو و گرتە و دیمەنە ونبووانەی مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی نەوەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ئەم میللەتە

(٣)

گوڵەستێرەکان کوژانەوە، یەکێکە لەو دەقانەی کە شایستەی هەر جۆرە هەڵوەستە لەسەرکردنێکە، چونکە لەپاڵ گێڕانەوەیەکی ئەدەبی باڵادا، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە وەختە بڵێم: ڕۆمانێکە بۆ خۆی، هەروەک نووسەریش دەنووسێت: (نووسینەوەی سەرهات لە دیدی منەوە، پتر بەلای ڕۆمان، چیرۆکدا دەشکێتەوە)، هاوکات مامەڵەکردنێکی هونەرییانەیشە لەگەڵ هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لەناو کۆی دەقەکەدا دەیانخوێنینەوە.

ئەگەرچی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم سێ بەرگەی گوڵەستێرکان، تایبەتن بە نیوەی دووەمی هەشتاکان، تا ڕاپەڕین، بەڵام ئێمە دەتوانین وەک کلاوڕۆژنەیەکی تەواو کراوە و ڕۆشن، کلاوڕۆژنەیەکی بێلایەنانە، کە لێیەوە بڕوانینە تەواوی ئەو قەوماو و گرتە و دیمەنە ونبووانەی مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی نەوەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ئەم میللەتە، کە لەڕاستیدا دەبوو، بەچەندین شێوازی ئەدەبی جیاواز و لە بۆتەی چەندین ژانری ئەدەبی دیکەدا، بەلای نووسەرانی ترمانەوە، ئەو جۆرە باس و گرتە و دیمەن و قەوماوە ونبووانەی ناو شۆڕشی ڕزگاریخوازیمان، ڕەنگیان دابایەوە، ئاخر گێڕانەوەی مێژووییانەی سەرهات و ڕووداوەکانی هەر قۆناغێکی مێژوویی، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ناگاتەوە ئاستی ئەو گێڕانەوەیەی کە لە ئەدەبدا هەیە، چونکە دواجار مامەڵەی ئەدیبێک لەگەڵ مێژوو، تەواو جیاکارە لەو مامەڵەیەی مێژوونووسێک دەگەڵ ڕووداوەکانی ناو مێژوویدا دەکات، بەڵام وادیارە بێخەمی نووسەرانی کوردە، کە هێشتا وەک پێویست ئەوە لە ئەدەبی ئێمەدا بەرکەڵک نەخراوە و بەرچاو ناکەوێ، یان ئەوەتا دەسەڵاتی کوردی، لەدوای ڕاپەڕینەوە و بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا، وێنەی جوانی پێشمەرگایەتی و خەباتی ئەو چەندین ساڵەی پێشی بەرێی، هێند ناشیرین و دزێو کرد، کە چ قەڵەمێک تاقەتی نەبێ، سەرهاتی پڕ لە شانازی جاران بنووسێتەوە، بەوشێوەیەی لای کەریم کاکە هەیە (لە گێڕانەوەی سەرهاتی پێشمەرگایەتی نە مەبەستم گێڕانەوەی ڕاستییەکان و نە ڕاستکردنەوەی بەهەڵە گێڕانەوەکانە، نە مەبەستم شکانەوەی کەسێک، لایەنێکە نە پێچەوانەکەیشی.... کە پێشمەرگایەتیم دەگێڕمەوە، خۆم دەگێڕمەوە)، ئەمەش تێڕوانینی نووسەری بێلایەنە، لەکاتێکدا کە خۆی، لە دەمی ڕووداوەکاندا، لەگەڵ لایەنێکدا ژیاوە، بەڵام ئایا ئەدەب بە چ چاوێک و لەکام گۆشەوە لە ئێستاو ڕابردوو دەڕوانێ؟ هەڵبەت پێموایە ئەوەی لەم ڕووەوە کۆمەکی بە کەریم کاکە، کردووە و تێدا سەرکەوتووش بووە، ئەوەیە کە لەڕابردوودا پێشمەرگەیەکی نووسەر ئێستاش نووسەرێکی پێشمەرگەیە.

(٤)

ئەم کتێبە سێ بەرگییە، کە نازانین چەند بەرگی دی بەدوادا دێ (نازانم لە چەند بەرگی وەک ئەم بەرگە تەواو دەبن، ڕەنگە تەواویش نەبن)، کتێبی سەرهاتەکانی پێشمەرگەیەکی خەیاڵفراوانی ئەو سەردەمەیە، کە منی خوێنەر بەهیچ جۆرێک لە خوێندنەوەی تێر نابم، نەک هەر من، دڵنیام هەر کەسێکی تریش، بەمەرجێ خوێنەرانە دەست بداتە خوێندنەوەی، لێی تێر نابێ، بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە خاوەنەکەی دەزانێ چۆن یادەوەری و بەسەرهاتان بگێڕێتەوە، هەروەک خۆی دەڵێت: «خودایە زاری ڕژان نەکەیتەوە، دەنا سەرهات بەسەر یەکدی سەر دەکات و ناگێڕێتەوە» {بەرگی سێیەم: ل١٢٥}.

بەڕاستی نووسەر سەلیقەیەکی جوانی گێڕانەوەی نیشان داوە، بەجۆرێک، کە لەم دیمەنەوە بۆ

ئەو دیمەن و لەم ڕووداوەوە بۆ ئەو ڕووداو باز دەدا، بێ ئەوەی پێوەندی زنجیرەیی نێوانیان بپچڕێ، ئەمەش وا دەکات، خوێنەر لە خوێندنەوە وەڕس نەبێ، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو یادەوەرییانەی تر، کە لە دوو توێی کتێباندا چاپکراون و ڕەفەی کتێبخانەکانیان قەرەباڵەغ کردووە، هەر لە یەکەم لاپەڕەوە، زەوقی خوێندنەوەت تفت و تاڵ دەکەن و ناچار تۆی خوێنەریش پشتی تێ بکەیت.

(٥)

ناولێنانی کەس و شوێن، ڕێک دەچنەوە چوارچێوەی ئەو جۆرە مامەڵەکردنەوە، کە بە خەڵقکردنی کەس و شوێنی ڕۆماننووسانە ناسراوە، ئەو پرۆسەی خەڵقکردنەش هەروا لە فەزایەکی بۆشدا ناهاتووەتە بەرهەم، بەڵکو لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیکەی (ئەمجارەش) ڕۆماننووسانەی باڵادا سازکراوە، یان بەرهەم هێنراوە، ئەویش گێڕانەوەیەکی چڕە، واتا نووسەر لەیەک کاتدا، لەناو پرۆسەی خەڵقکردندا، شوێنان و کەسان خەڵق دەکاتەوە، ئەمەش بارگاوی بە هێزێکی گەورەی زمان، کە خوێنەر هەست بەو سیستمەی نووسینە دەکات، کە دواجار داڵ و مەدلولەکانی لە پشتڕا ئامادەیە. ئەوەتا خۆیشی دەنووسێت: (ئەو کەسانەی دەکەونە ناو گێڕانەوە، ڕەنگە دەورەکەیان کتومت بەو شێوەیە نەووبێ، کە من بۆیانم دیاری کردووە،

لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە سەرهاتی دەمێنێتەوە، واتە ڕووداوەکان دەستکرد نین، بەڵام دەتی هونەرکاریان گەیشتۆتێ..).

(٦)

زمان لەم دەقەدا، کوردییەکی پەتی و جوانە، مەگەر بۆ پێویستی گێڕانەوە خواستبێتی، دەنا خوێنەر چاوی بە وشەیەکی بێگانە، وشەیەکی بەدەر لە زمانی شیرینی کوردی، ناکەوێ. من بە خۆم، (ئەگەر سەرسامیم بە تێکستەکە بەهەڵەیدا نەبردم)، تەنیا لە بەرگی یەکەمدا چاوم بە وشـەی (ئەنالیزە) کەوت، کە وشەیەکی ناکوردییە، هەربۆیە لەنێو کەشێکی تەواو کوردانەدا، خوێنەر ڕۆدەچێتە نێو دنیای سەرهاتی پۆلە پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەست، کە دەنگی نووسەر و چاوی نووسەر، دەبنە ڕێبەر و چاوساغی خوێنەرو دوای خوێندنەوەی یەکەم و دووەم لاپەڕە، ئیدی بێ ئەوەی بەخۆت بزانی، دەبینی وا تۆی خوێنەریش بووی بە یەکێک لە هاوڕێیانی پۆلە پێشمەرگە و لەگەڵیان شاخەوشاخ و هەورازە و هەورازە و نشێوا و نشێو، بەڕێ کەوتووی، دەبینی تۆش هاوڕێ لەگەڵ ئەوان، وای لەنێو مەترسییە بەردەوامەکاندا، وەک ئەوان هەست بە نزیکبوونەوەی مەرگ دەکەی، هەر لە نزمبوونەوەی کۆپتەرێکەوە بەقەد بەژنێک و هەر لە نزیکبوونەوەی مارێکەوە، تا چرکەساتەکانی شەڕێکی دەستەویەخەی جاش و جەیشدا... ئەمانە و زۆری تریش، هەر زۆر زۆر... ئەو دیمەنانەن، کە لە کوژانەوەی گوڵەستێرەکاندا لە قاوخی چەندین وێنەی جوانی گێڕانەوەو زۆرجاریش بارگاوی بە زمانێکی شیعری ناسک، هەستیان پێ دەکەین و تێیاندا دەژین و مامەڵەیان دەکەین.

وەسفکردن لەم دەقەدا سەرهاتییەدا، پانتاییەکی فراوان و ئاستێکی باڵای بۆخۆی داگیر کردووە، ئەمەش وایکردووە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لەڕێگەی وشەوە، تەواو وەک وێنەی جوڵاو بێنە بەرچاو، چوون ئەوەی دانیشتبی و تەماشای فیلمێکی سینەمایی بکەیت، ئاوا...

(٧)

لە خوێندنەوەی گوڵەستێرەکان کوژانەوەدا، بە کردەکی بۆم دەرکەوت، کە چۆن ئەگەر دەقێک جوان بێت، خوێنەر ناتوانێ بەجارێک و دووانی خوێندنەوە لێی تێر ببێ، هەروەک ناشتوانێ دوای ئەوەی دەستی داوە یەکەم لاپەڕەی و خوێندییەوە، ئیدی لێناگەڕێ تا سەرتاپای نەخوێنێتەوە، چونکە هەر ئەوەندەی تێکەڵی دنیای ئەو جۆرە تێکستە بووی، ئیدی ناتوانی دەست نە بە هیچ کارێکەوە بدەی و نە دەست بۆ خوێندنەوەی هیچ کتێبێکی تریش بەری، تا لە خوێندنەوەی ئەمەیان نەبییەوە، چونکە دەقی گێڕانەوەبەندی جوان چنراو، وا لە خوێنەر دەکات، ئەو کاتانەی کتێبەکە بۆ چەند ساتێک وەلا دەخات و دەست دەداتە کارێکی دیکە، هەست بەوە بکا، کە هێشتا کارێکی گەورەتری ماوە تەواوی بکا، کارێک کە مادامەکێ قسان لەمەڕ کوژانەوەی گوڵەستێرەکانە، وا هەست دەکا، هێشتا بەڕێوەیە بەرەو (بارەگا

پێرسییەکە) یان لەوی (بن عەردیی)یەوە بەرەو ئەوی (ئاسمانی)ی هەڵدەکشێ بەرەو لای هەورەکان... ئەمە تەواو ئەو دەسەڵاتەیە، کە نووسەر، توانیویەتی بە دەقەکەی خۆی ببەخشێ و لەوێندرێشەوە، خوێنەرانی خۆی پێ ئاشنا بکا، بەڕاستی من بە خۆم، ئەم حاڵەتەم لەکاتی خوێندنەوەی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە)دا، بە تەواوی ئەزموون کرد.

مامەڵەیەکی هێند هونەرییانەی لە بەرکەڵکخستنی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا، لەنێو گێڕانەوەکەیدا کردووە، کە خوێنەر وا لێدەکا، خۆزگە بخوازێ لەوەی نووسەر پتری لەوبارەیەوە نووسیبا، واتا لەو چەند شوێنەی گێڕانەوەدا، کە ناوی ئەنفال یان ژەهربارانکردنی هەڵەبجە بەرخوێندنەوە دەکەوێ، تۆی خوێنەر لە دۆخێکدای، بتەوێ و نەتەوێ، ڕاستەوخۆ دەکەوییە ژێر کاریگەریی ئەو کارەساتەی بەسەر کوردی هەشتاکاندا هاتووەو تا نهۆش کاریگەرییەکەی هەر ماوە

(٨)

ڕەنگە (سەرهاتی پێشمەرگانە) یان (گەشتی پێشمەرگانە) ئەو پێناسە کورتە بن، کە هەر خوێنەرێک بتوانێ بۆ گوڵەستێرەکان کوژانەوەی بەکاربەرێ، چونکە ئەو کتێبە تا ئێستا سێ بەرگییە، خۆی لەخۆیدا گەشتێکی دورودرێژی پڕ ڕووداوە، بەنێو ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا و لێرەشەوە دیمەنێکی پانۆرامایی چیا و دەشت و دەر و گوندەکانی کوردستانمان پیشان دەدات، بەتایبەتی هی دەڤەرەکانی سۆران و بادینان، هەر لێرەشەوە بە ناوی چەندین گوند و دێهاتی ئەو دەڤەرانە ئاشنا دەبین، هاوکات بەو زمانە ناسکەی خۆیشی، وەسفێکی داروباری هەر گوندو دێیەک، ئەوان ڕێیان تێی کەوتبێ، دەکات و وێنەیەکی ئێجگار ڕەنگینی سروشتی کوردستانمان پێش چاو دەخات، بیریشمان نەچێ، ڕۆڵی ئەو دێهاتییانەی لە خزمەتکردنی پێشمەرگەدا لە هەموو سەربوردێکیدا، کە گێڕاویەتییەوە، باس کردووە، بەدەر لەوەش مامەڵەیەکی هێند هونەرییانەی لە بەرکەڵکخستنی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا، لەنێو

گێڕانەوەکەیدا کردووە، کە خوێنەر وا لێدەکا، خۆزگە بخوازێ لەوەی نووسەر پتری لەوبارەیەوە نووسیبا، واتا لەو چەند شوێنەی گێڕانەوەدا، کە ناوی ئەنفال یان ژەهربارانکردنی هەڵەبجە بەرخوێندنەوە دەکەوێ، تۆی خوێنەر لە دۆخێکدای، بتەوێ و نەتەوێ، ڕاستەوخۆ دەکەوییە ژێر کاریگەریی ئەو کارەساتەی بەسەر کوردی هەشتاکاندا هاتووەو تا نهۆش کاریگەرییەکەی هەر ماوە (ئەو زستانەی من قسەی لێوە دەکەم، زستانی پێش ئەو هاوینە بوو، کە ئاگری ئەنفال لە هەموو لایەکەوە هەڵیکرد و کافێیشی وەک هەموو جوانییەکانی گەرمیان و کوێستان بە هەموو جوانییەکانییەوە سوتاند، زستانێکی زگپڕ بوو، ڕێک ئەو زستانە بوو هەڵەبجەی لە زگدا بوو...) {بەرگی یەکەم، ل٥٢ — ٥٣}.

ئێمە لەو گەشت و گەڕانە پانۆرامییەدا، هەر چوار وەرزەکەی ساڵ (هاوین، پاییز، زستان، بەهار) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێندا و پێبەپێی بەرەو پێشچوونی پرۆسەی گێڕانەوە، هەست پێدەکەین. بەچەشنێک، من یەک بەخۆم، کە سەرهاتی (گارە) یان (قەندیل)م دەخوێندەوە، هەستم دەکرد هەر بەڕاستی لەو سەرمایەدام و ناوەناوە لەرزم لێدەهات، کەچی مانگی تەممووزیش بوو، کاتێ بەرگی سێیەمم دەخوێندەوە! خۆ ئەو دەمەی پۆلە پێشمەرگە لە (بن گارە تا سەری هەورێ) هەڵدەکشان، هەرچەن کاتی خوێندنەوەی من، وەرزی گەلاوێژ بوو و هەوای سبلیتی ژوورەکەم لەسەر (٢٦)یش دانابوو، کەچی وەختە بوو لە تینووان بخنکێم، بۆیە هەر زوو زوو دەستم دەدایە ئاو خواردنەوە.

جرێکی تر، ئەمە ئەو دەسەڵاتەی دەقمان پیشان دەدات، کە وا لە خوێنەر دەکات، تەواو دەیخاتە بن دەستی خۆیەوە، بەو مانایەی لە دۆخی خوێنەربوونەوە دەتگوازێتەوە بۆ دۆخێکی تر، کە ئەویش نووسەربوونە، بەمانا (کاکەیی)ەکەی، واتە دەبییە ئەو کەسەی کە بەخۆت دەنێو سەرهاتەکاندا دەژیت.

(٩)

وەک چۆن نەمزانی لە کێندرێوە دەست بەم نووسینە بکەم، ئاواش نازانم لەکوێدا کۆتایی پێ بێنم، بەڵام ئەوەی وام لێدەکا بێخەم، ئەم نووسینە، بەبێ هیچ کۆتاییەک واز لێبێنم، ئەوەیە کە هۆکارەکەی دەزانم، واتە دەزانم ئەم پەتایەم لە چییەوە تووش بووە.. من پاش خوێندنەوەی هەرسێ بەرگی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە)، وام بەسەرهات.

سەرەتاو کۆتایی بەچەشنێک ئاوێتەیە، کە خەریکە بڵێم: ناوهێنانی بەرگەکانی بە ژمارە، تەنها بۆ جیاکردنەوەیانە وەک ئەوەی هەیە، دەنا لەهەر کوێیەکەوە دەست بە خوێندنەوەی سەرهاتی کوژانەوەی گوڵەستێرەکان بکەی، هەر وا دەزانی سەرەتایە.

* سەرچاوەکان:

١. گوڵەسێترەکان کوژانەوە (یادەوەری)، کەریم کاکە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، چاپخانەی (تیشک)، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢. گوڵەستێرەکان کوژانەوە (یادەوەری)، کەریم کاکە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. گوڵەستێرەکان کوژانەوە (یادەوەری)، کەریم کاکە، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، چاپخانەی (شەهاب)، هەولێر، ٢٠١٠.

دیاردەی نادادپەروەریی

بەختیار محەمەد

هەڵبەت ئێمە ناتوانین ستەمکار بین، هەتا نادادپەروەر نەبین. ناشتوانین نادادپەروەر بین، هەتا مافی ئەوانی دیکە نەخۆین و پێشێل نەکەین. هەر بۆیەشە لە خۆڕایی نییە، کە گوتوویانە: ((دادپەروەریی ... بەهای هەموو بەهاکانە)) و ((پیرۆزترین پاژی ناو هەموو ئاکاریشە)).(١) ئێمە لەو ساتەوە نادادپەروەرین، کە هێز و دەسەڵات بە خراپی بەکار دەهێنین. واتە بە شێوەیەکی خۆپەرستانە ئەم دوو ڕەگەزە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی خۆماندا بەکار دەهێنین. لە ڕاستیدا هۆکاری هەرە سەرەکی نادادپەروەریی –وەک دەزانین– لە دیکتاتۆرییەت و لە نادیموکراسییەتدایە. واتە ئێمە ناتوانین دادپەروەر بین، هەتا دیموکراسی نەبین. ناشتوانین ئازادیخواز بین، هەتا دادپەروەر و دیموکراسیخواز نەبین. هەڵبەت دیموکراسییەتیش –وەک کە لەلای خۆمان باوە– هەر تەنها مۆدێلی سیاسی باوی سەردەم و سەفسەتە و زۆربلێیی و دروشم نییە، بەڵکو ڕەوشت و کرداری واقیعی ژیانی ڕۆژانەمانە؛ ئەو واقیعەی، کە لە کەمترین و بچووکترین قسە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی هەمووماندا ڕەنگ دەداتەوە و بەدەر دەکەوێ. هەر لەم سیاقەشدا ڕۆسۆ لە ((پەیمانی کۆمەڵایەتی))دا دبێژە: ((پەکخستنی ئازادیی لە ویستی مرۆڤدا، بەواتای پەکخستنی هەموو ئاکارێکە لە کارەکانیدا)).(٢) کەواتە پێویستە هەموو ئازادیخوازێک دادپەروەر بێ، ئەمە

پرسێکی ئەخلاقیی یەکجار گرنگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو ئازادیخوازێکە، ئەگەرنا ئەم کەسایەتییە لە سیفەتی ئازادیخوازیی و شۆڕشگێڕیی دادەماڵدرێ.

گوتاری ئەخلاقیی ئایین لەسەر دوو کۆڵەگەی بەهێزی گرنگ ڕاوەستاوە، ئەوانیش کۆڵەگەی ڕاستگۆیی و کۆڵەگەی دادپەروەرییە: بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە وای دەبینین، کە لە گوتاری فکری ئاییندا جۆرە تەناقوز و ئیشکالییەتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە دادپەروەریی و ڕاستگۆیی و هەموو بەها چاکەکان، زۆر بە ئەستەم -لە بواری پراکتیکدا- دەتوانن لەگەڵ بیری شمولیی گوتاری تەقلیدیی ئاییندا بگونجێن

ئێمە لە مێژووی شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازیی گەلاندا نموونەی وەهامان یەکجار زۆرە، کە لە ئاکامدا ئازادیخوازەکان بوونەتە ستەمکار (تۆ بڵێی سروشتی دەسەڵات وەها بێ، کە زۆربەی جار ستەمکار بخوڵقێنێ؟). هەڵبەت بەهای دادپەروەریی هەر لە دیاردە و شتە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە دەست پێدەکا، هەتا دەگاتە دیاردە و شتە گەورەکانی وەک کار و چالاکی سەرلەبەری دەزگا کۆمەڵایەتی و دەزگا سیاسییەکان. بێگومان دادپەروەریی ڕۆحی مەدەنییەت و ڕۆحی دیموکراسییەت پێکدەهێنێ. ئێمە دەبێ هەمیشە ئەوەمان لە بیر بێ، کە هەر وەک چۆن پێویستە بەهای دادپەروەریی ڕۆحی دەزگا کۆمەڵایەتی و دەزگا سیاسییەکان پێکبهێنێ، هەر بە هەمان شێوەش پێویستە بنچینەی هۆشیاریی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ژیانی ڕۆژانەی یەک بە یەکی هەموومان بێ. واتە — بەنموونە دەڵێم- پێویستە من وەک تاکەکەسێک لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە دابمەزرێنم؛ ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاکارییە پێویستە لە هەموو بوار و ئاستێکی ژیانمدا ڕەنگ بداتەوە (ئا ئەو کاتە دەکرێ بڵێین، کە من کەسێکی دادپەروەرم، واتە وشیارم بەوەی، کە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەی مندا نادادپەروەریی هەیە و پێویستە نەیهێڵم، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە، کە من کەسێکی دادپەروەر بم). هەڵبەت، ئەگەر من لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمدا کەسێکی دادپەروەر نەبم، ئەوا بە بێ یەک و دوو گەورەترین درۆ لەگەڵ حەقیقەتی ژیانی خۆم و هەموو

مرۆڤایەتیشدا دەکەم (چونکە ژیانی مرۆڤایەتی بە بێ دادپەروەریی هیچ مانایەکی نییە). لەمەوە، ئەگەر نادادپەروەرەکان کەسانی ستەمکار بن، ئەوا ستەمکارەکان درۆزنترین خەڵکانی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین. دیارە سیفەتی ڕاستگۆیی هەمووشمان لەوەدایە، کە ئێمە دژی درۆ و ستەم بین، ئا هەر ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پەیامی پیاوچاک و پێغەمبەران بووە. هەمووشمان دەزانین، کە یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی کەسایەتی پێغەمبەران، سیفەتی ڕاستگۆیی ڕەها بووە، واتە پێغەمبەران هەرگیز نابنە پێغەمبەر، ئەگەر بە تەواویی دەستپاک و ڕاستگۆ نەبن، ئەمەش پێمان دەڵێ، کە چۆن پێغەمبەران لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بە سیفەتی دادپەروەریی دەناسرێنەوە (وەک کە مێژووی باوەڕی ئایینەکان پێمانی ڕادەگەیەنن). هەڵبەت ئەمەش هەر دەبێ وا بێ؛ چونکە ئەوان بە ناوی دادپەروەریی ڕەهای خواوە قسە دەکەن. ئێمە هەمووشمان دەزانین، کە گوتاری ئەخلاقیی ئایین لەسەر دوو کۆڵەگەی بەهێزی گرنگ ڕاوەستاوە، ئەوانیش کۆڵەگەی ڕاستگۆیی و کۆڵەگەی دادپەروەرییە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە وای دەبینین، کە لە گوتاری فکری ئاییندا جۆرە تەناقوز و ئیشکالییەتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە دادپەروەریی و ڕاستگۆیی و هەموو بەها چاکەکان، زۆر بە ئەستەم —لە بواری پراکتیکدا— دەتوانن لەگەڵ بیری شمولیی گوتاری تەقلیدیی ئاییندا بگونجێن؛ کەچی هەموومان ئاگادارین، کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆی ئێمەدا، هیچ هێز و لایەنێک ناتوانێ بە ڕاستی دادپەروەر بێ، ئەگەر باوەڕی بە فرەدەنگی و فرەڕەنگی و باوەڕی بە دیموکراسییەت و قەوارەی سیاسی و جوگرافی سەربەخۆی ئەوانی دیکە نەبێ. هەر بەنموونە دەڵێین: ئێمە چۆن باوەڕ بەوە بکەین، کە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق، دوو دەوڵەتی (ئیسلامی) دیموکراسین (وەک کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن) ، ئەگەر دوو دەوڵەتی داگیرکەر بن و باوەڕیان بە ئازادیی و سەربەخۆیی گەلی کورد نەبێ؟! کەواتە دادپەروەریی سەد لە سەد بەندە بە دیموکراسییەتەوە؛ لێرەشەوە ئێمە بۆ ئەوەی دادپەروەر بین، پێویستە دیموکراسیخواز بین. کەواتە هەموو کۆمەڵگە دیموکراسییەکان کۆمەڵگەی دادپەروەریشن. هەر بۆیەشە لە خۆڕایی نییە، کە گوتوویانە ((دادپەروەریی ... بەهای هەموو بەهاکانە)).

دەشێ چیرۆکی یەعقوب و یوسف و برایەکانی، نموونەی هەرە جوانی ئەم نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییە بێ، کە هەتا ئەمڕۆش لە مێژووی کۆمەڵگەکانی ئێمەدا باڵادەستە

دادپەروەریی خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیشە، هەر تەنها خەسڵەتێکی (ماهیەتێکی) سیاسی نییە. دادپەروەریی لە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی یەک خێزانیشدا ڕەنگ دەداتەوە و بەدەر دەکەوێ. بەنموونە، پێوەندی دایک و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان. ئێمە هەموومان دەزانین، کە لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکانی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا، زۆر لە دایک و باوکان لەسەر بنەمای هەندێک سیفەت و ئیعتیبار، جیاوازی لە نێوان منداڵەکانی خۆیاندا دەکەن: کوڕ لە کچ پایەدارتر و خۆشەویستترە و کوڕی تاقانەش پێگەیەکی تایبەتی لە خێزانەکە و هۆزەکەیدا هەیە و منداڵانی جوان و ملکەچیش بۆ ویستی دایک و باوکیان، خۆشەویسترن لە منداڵانی ناشیرین و بزۆز و یاخی (بەو پێیەی، کە هێشتا جوانیی لەلای ئێمە حەقیقەتێکی ڕووتی بایۆلۆژییە، نەک حەقیقەتێکی ئەخلاقی). دەشێ چیرۆکی یەعقوب و یوسف و برایەکانی، نموونەی هەرە جوانی ئەم نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییە بێ، کە هەتا ئەمڕۆش لە مێژووی کۆمەڵگەکانی ئێمەدا باڵادەستە. لەم چیرۆکەدا بە ئاشکرا دیارە، کە یەعقوب یوسفی پاشەبەرەی (هەڵبەت لەگەڵ ئیعتیباری پاشەبەرەییدا — یوسف و بنیامین هەردوو برای پاشەبەرەی دوازدە کوڕەکەی یەعقوبن؛ ئەم بە پیریی ئەم دوو کوڕەی دەبێ) لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر دەوێ، بەڵام ئێمە نە لە سەرەتای گێڕانەوەکەی تەورات و نە لە سەرەتای گێڕانەوەکەی قورئانیشدا، یەکسەر نازانین بۆ یەعقوب، یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر دەوێ (ئایا ئەمە تەنها شەرعییەت دانێکی کۆمەڵایەتی و میتافیزیکییە بە سیفەتی پێغەمبەرایەتی و بە قۆناغی بە پێغەمبەر بوونی یوسف؟)؛ تەورات تەنها بە ڕستەیەک پێمان دەڵێ، کە یوسف خۆشەویستی باوکی بووە. قورئانیش پتر وەک ڕووداوێکی میتافیزیکی و ئەخلاقی گرنگ ڕووداوی چیرۆکەکەی تەوراتمان بۆ دەگێڕێتەوە (قورئان لە تەورات زیاتر بە زمانە میتافیزیکی و ئەخلاقییەکەی ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە): یوسف خەونێکی دیتووە، کە ((یازدە ئەستێرە و ڕۆژ و مانگ سوژدەی بۆ دەبەن)).(٤) ئا ئەمە دەبێتە خاڵی وەرچەرخاندن لە ژیانی یوسفدا. خەون هەموو شتێک لە بن و بۆتکەوە (لە ڕەگ و ڕیشەوە) دەگۆڕێ: یوسف دەبێتە پێغەمبەر و دەسەڵاتدار و جیهانێکی نوێش لە دایک دەبێ، بەڵام لێرە هەمووان (باوک و برایەکان، بەپێی تەورات)، هەڵوەستە لەسەر ئەم خەونەی یوسف دەکەن، کە گریمانەی دەسەڵاتی داهاتووی یوسف دەگەیەنێ، بۆیە کە یوسف خەونەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، ئەم پێی دەڵێ: ((ئەمە چ خەونێکە تۆ بینیوتە؟ تۆ لەو باوەڕەدای، کە من و دایکت و برایەکانت دێین و لەبەر دەمتدا دەچەمێینەوە و کڕنوشت بۆ دەبەین؟)). (٥) لێرە بە ئاشکرا دیارە، کە یوسف لەلایەن باوکیەوە سەرکۆنە دەکرێ و ڕەخنەی لێ دەگیرێ؛ کەچی لە قورئاندا یەعقوب بە تەواویی پشتگیری ناوەرۆکی خەونەکە دەکا و زۆر بە سۆزەوە بە یوسف دەڵێ: ((ئەی کوڕیژگەکەی خۆم! ئەم خەونەت لای براکانت مەگێڕەوە، نەوەک گەڕێکت پێ‌بکەن؛ چونکە شەیتان بۆ بنیادەم دوژمنێکی ئاشکرایە)).(٦) لێرە وەک دەبینین، هەڵاواردنی یوسف هەیە لەناو هەموو برایەکاندا. لەهەمان کاتیشدا، گوتاری قورئان گوتارێکی

میتافیزیکیی و ئەخلاقیی زۆر ڕۆمانتیکیترە لە گوتاری تەورات: لە قورئاندا چیرۆکەکە بە زمانێکی زۆر تراژیدییتر ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و باسی کەسایەتی یوسف و یەعقوبمان بۆ دەکا و وەک دوو کەسایەتی بێگوناه و بێ خەوش و مەزلۆم ، وەسفیان دەکا و وێنەیان دەکێشێ. قورئان پترجەخت لەسەر پێغەمبەرایەتی یوسف و یەعقوب دەکاتەوە و وەک دوو پەیامبەری خوا دەیانناسێنێ.(٧) بە کورتی دەمەوێ بڵێم: قورئان گوتارێکی زۆر تراژیدییتر بەم چیرۆکە دەبەخشێ، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێزتر بۆ گوتارە میتافیزیکییەکەی چیرۆکەکە. واتە چیرۆکەکە بێ یەک و دوو دەبێتە چیرۆکێکی خودایی (غەیبانی). ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ، کە مێژووی ئیسلام —بێگومان لە ڕوانگەی قورئانەوە— دەقەکانی تەورات و ئینجیلەکان بە لادەر و شێوێندراو لە قەڵەم دەدا.

یەعقوب، یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر دەوێ (ئایا ئەمە تەنها شەرعییەت دانێکی کۆمەڵایەتی و میتافیزیکییە بە سیفەتی پێغەمبەرایەتی و بە قۆناغی بە پێغەمبەر بوونی یوسف؟)؛ تەورات تەنها بە ڕستەیەک پێمان دەڵێ، کە یوسف خۆشەویستی باوکی بووە. قورئانیش پتر وەک ڕووداوێکی میتافیزیکی و ئەخلاقی گرنگ ڕووداوی چیرۆکەکەی تەوراتمان بۆ دەگێڕێتەوە (قورئان لە تەورات زیاتر بە زمانە میتافیزیکی و ئەخلاقییەکەی ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە)

پێدەچێ گومانەکەی قورئان لەم دەقانە، وەڵامێک بێ بۆ ئەو گومانەی، کە لە حەقیقەتی بە خودایی بوونی ئەم دەقانە دەکرێ: گوتاری گێڕانەوەی دەقەکانی تەورات گوتارێکە بە ئاشکرا مۆرکی گوتاری گێڕانەوەی مرۆڤی پێوەیە؛ گوتارێکە پڕە لە ئەفسانە. ئینجیلەکانیش هەر هەمان حاڵەت و هەر هەمان شێوازیان هەیە، کەواتە بۆ ئەوەی قورئان پتر لەوان خۆی بە قسەی خودا بزانێ، لەلایەکەوە دێ لەسەر شێوازی گوتارە میتافیزیکییەکەی ئەوان بەردەوام دەبێ (شێوازی پێوەندی نێوان خودا و پێغەمبەرەکان)؛ لە لایەکی دیکەشەوە دێ گومان لە خەسڵەتی بە ئیلاهی بوونی هەندێک چەمکی ناو دەقەکانیان دەکا، وەک چەمکی سێ ئەقنیمی

باوەڕی مەسیحییەت: باب و کوڕ و گیانی پیرۆز. ئێمە هەمووشمان دەزانین، کە لە مەسیحییەتدا مەسیح کوڕی خوایە، بەڵکو خۆی خوایە لە جەستەی مرۆڤدا، دیارە ئەمەش لە ئیسلامدا بە تەواویی ڕەتدەکرێتەوە و بە باوەڕێکی لادەر و سەرچاوەی شرک دادەندرێ. بەهەر حاڵ، با لێرە بگەڕێینەوە بۆلای چیرۆکەکەی یوسف و لە خۆمان بپرسین: بۆ لەناو ئەو هەموو برایەدا، تەنها یوسف بەپێغەمبەر هەڵبژێردرا؟ ئایا ئەمە هەر لەبەر ئەوە بوو، کە ئەو لە هەمووان جوانتر بوو و لە هەمووانیش پتر ملکەچی ویستی باوکی بوو (واتە منداڵێکی ساڵح بوو)، یانیش ئەمە هەر بە ڕێکەوت بوو؟ بەڵام ئایا لە حاڵەتی ڕێکەوتدا، هیچ مانایەک بۆ ئیرادەی چاکەکردن دەمێنێتەوە؟ ئایا لێرە –بەپێی تێگەیشتنی ئایین– چەمکی چاکە بەشێکە لە حاڵەتی ملکەچیی بۆ (خوا و دایک و باوک و ...) و جوانییش خۆی بەهای مەعنەویی چەمکی چاکەیە و بەڵکو جوانی بە خۆشی بەهایەکە لە بەها چاکەکان؟! ئەدی ئێمە هەمیشە وەک بەهایەکی باڵا تەماشای جوانیی (ڕووخسار = شێوە) ناکەین؟ واتە: جوانیی جەستە بەهایەکی ڕەها نییە لە زەین و مەیلی دەروونیی هەمووماندا؟ بەڵام لێرە لە چیرۆکەکەدا، جوانی هەر تەنها حەقیقەتێکی (دیاردەیەکی) بایۆلۆژیی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی بایۆلۆژیی و ئەخلاقییشە پێکەوە: ئەخلاقی ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی باوکەکان. یەعقوبیش نموونەی دەسەڵاتی باوکێکە، کە بەشێک لە ئیرادەی خودا بەرجەستە دەکا؛ پێشدەچێ لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا هەموو باوکێک دژی یاخی بوون و ئازادیی ڕۆڵە و نەوە و نەتەوە و گەلەکانیان بن. بەهەمان شێوە خوداش (نموونەی دەسەڵاتی ڕەها)، لە گوتاری توندڕەوی ئایینییدا، هەمیشە دژی ئازادیی و یاخی بوونی مرۆڤەکانە. دەبێ بزانین، برایەکانی یوسف هەر تەنها نموونەی ئاکاری خراپ نین (وەک کە گوتاری باوی ئایین پێمانی دەڵێ)، بەڵکو ئەوان نموونەی ئازادیی و یاخی بوونن لە نادادپەروەریی – نادادپەروەریی باوکێک لە بەرانبەر ڕۆڵەکانی: یەعقوب بە ناوی خواوە هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانە لە بەرانبەر ڕۆڵەکانیدا دەنوێنێ. لەمەوە، گوناهی برایەکان بەرئەنجامی گوناهی نادادپەروەریی باوکیانە. کەواتە، کە دەسەڵات دەسەڵاتێکی نادادپەروەر بوو، ئەمە تاوان و گوناه لە کۆمەڵگەدا بەرهەم ناهێنێ؟ ئا بەم شێوەیە، گوناهی برایەکانی یوسف گوناهێکە دژ بە گوناهی

نادادپەروەریی. تەنانەت حاڵەتی بە پێغەمبەر بوونی یوسفیش بەرهەمی ئەم گوناهەیە: گوناهی نادادپەروەریی. کەواتە ئەگەر وا بێ، ئەوا نادادپەروەرەکان گوناهباری یەکەمی هەموو مرۆڤایەتی نین؟ ئێمە لە دوماهیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هەموو ویژدانێکی دادپەروەر و هەموو کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکرات و دادپەروەر و هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیموکراسیخواز و دادپەروەر بەجێ دەهێڵین؛ چونکە هەر ئەوان باش دەزانن، کە دەسەڵاتی نادادپەروەر، شتێکی چەند تراژیدیی و زیانبەخش و قێزەونە بۆ مرۆڤایەتی!

پەراوێزەکان:

١- مایکل ج. ساندل، اللیبرالیه وحدود العداله، ت: محمد هناد (المنظمة العربیه للترجمه، الطبعة الاولی: بیروت، دیسمبر ٢٠٠٩)، ص ٣٧، ٥٨.

٢- جان جاك روسو، فی العقد الاجتماعی او مبادئ القانون السیاسی، ت: عبدالعزیز لبیب (المنظمة العربیه للترجمه، الطبعة الاولی: بیروت، یولیو ٢٠١١)، ص ٨٦.

٣- ئەدی ئێمە هەمیشە لەسەر بنەمای حەقیقەتی بایۆلۆژیی ناڵێین، کە ئەمە ناشیرینە و ئەوە جوانە و فلان ڕەشە و فیسار سپیە و ئەو کورتە و ئەم درێژە ...، ئنجا وەک کێشەیەکی ئەنتۆلۆژیی گەورەی ئەبستراکتیش تەماشای ئەم مەسەلەیە دەکەین و وەک بلێی خۆمان بەرپرسی یەکەمی خوڵقاندنی خۆمان بین؟ ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا، کێشەی گەورەی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ تاکەکان دروست دەکا.

٤- بڕوانە کتێبی (التفسیر التطبیقی للکتاب المقدس)، سفری دروستکردن (تەکوین)، ل ٩٥؛ هەروەها: قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مام هەژار، سوڕەتی یوسف، ل ٢٣٥

٥- التفسیر التطبیقی للکتاب المقدس، سفر التکوین، ص ٩٥.

٦- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی: مام هەژار، سورەتی یوسف، ل ٢٣٦.

٧- قورئان بە بێ هیچ ڕەخنەگرتنێک پێغەمبەرایەتی ئەوان دەسەلمێنێ؛ ئەگەرچی قورئان هەندێک جار ڕەخنە لە هەندێک کار و ڕەفتاری پێغەمبەرەکەی خۆشی (پێغەمبەری ئیسلامیش) دەگرێ. ئەم ڕەخنەگرتنە پێمان دەڵێ، کە پێغەمبەرەکانیش مرۆڤن و هەڵە دەکەن. ئەم حاڵەتەش هەم دەرخستنی توانای دیاریکراوی مرۆڤە و هەم دەرخستنی توانای بێسنووری خوداشە. لێرەشدا ئایین بەناوی خواوە (توانای ڕەهاوە) خۆی دەسەپێنێ.

ئەدەب
وەک وانەیەک لە زانکۆ

عەبدوڵا رەحمان
کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەڵاحەدین

پێشەکی

ئەدەب و جۆرەکانی ئەدەبی یەکێکن لەو بوارە مەعریفیانەی کە قوتابیان دەتوانن بەهۆیانەوە جیا لە ئاشنابوون بە ئەدەب و مێژووی ئەدەبی و تیۆرەکانی ئەدەبی و ئاشنابوون بە ئەدەبی نەتەوەکەیان، دەتوانن ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانتر بکەن و شیانی ئەوەیان هەبێت، کە عەقڵییەتێکی رەخنەگرانە بۆخۆیان دروست بکەن و لەهەمانکاتیشدا چێژێکی ستاتیکی بەدەست بهێنن و دنیایەک لە جوانی مەعنەوی بۆ خۆیان بنیات بنێن. دیارە ئەدەب وەکو

یەکێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت بۆ گەیشتن بەو حاڵەتانەی سەرەوە، چەند رێگا و شێوازێک پەیڕەو بکات، تا بەهۆیانەوە مەبەستەکانی بهێنێتەدی.

رێگاکانی وانەگوتنەوە، وەکو زانستێک ئەم دەرفەتە دەرخسێنێت و بوار بە مامۆستا و قوتابیان دەدات سوودێکی بێ پایان لە ئەدەبیات وەرگرن، ئەمەش لەرێگای خستنەڕووی چەندین رێگا و شێوازی تایبەت بە بوارەکانی وانە گوتنەوەی ئەدەب.

لەم چوارچێوەیەشدا ئەدەبیش وەکو هەموو بابەت و پرۆگرامەکانی دیکە پێویست دەکات شێواز و رێگاکانی وانەگوتنەوەی دیاری بکرێت و رۆشناییان بخرێتە سەر بۆ ئەوەی مامۆستایانی بواری ئەدەبی بەڕێگا و شێوازێکی گونجاو بابەتەکانی ئەدەبی بە قوتابیان بگەیەنن و نەوەیەک دروست بکەن کە خاوەن مەعریفییەکی تەواو بێت لە بارەی ئەدەبیاتەوە.

لەراستیدا ئەوەی ئێمەی هاندا بۆ هەڵبژاردنی وەها بابەتێک بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، ئەوە بوو کە تا ئێستا ئەدەب لە قۆناغەکانی خوێندندا، و بەتایبەتیش لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا، تەنیا بۆ لەبەر کردن دانراوە، واتە تەواوی بابەتی ئەدەبیان هاوشانی تاکە پرۆسەیەکی شیانی عەقڵی کردووە، کە ئەویش لەبەر کردنە، دیارە لێرەشدا هەموو مرۆڤێک شیانی عەقڵی بۆ لەبەر کردن وەکو یەک نییە و جیا لەمەش لەبەرکردنیش وەکو پرۆسەیەک پێویستی بە ڕێوشوێنی گونجاو و مومارەسەی بەردەوام هەیە، لەهەموو گرینگتر دەبێت کەسێک لەبوارەکەیدا بسپۆر بێت، واتە هەمیشە ئامراز و کەرەستەکانی ئەدەبیات رۆژانە لەبەردەست بێت، تا بەهۆیەوە ئەوەی لەبەریکردووە، لەبیری نەچێتەوە و لەخانەکانی مێشکیدا بچەسپێت. زۆر بەداخەوە قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندنی لە پرۆسەی فێربوون و ئامادەکردندان، نەک لەقۆناغی پسپۆریدا. بۆیە سەرلەبەری ئەو پرۆسەی کە ئەدەبیاتی هاوشانی لەبەرکردن کردۆتەوە، لەلایەکەوە بە ئەرکێکی قورس لەسەر شانی قوتابی کەوتۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئاراستە و مەبەستەکانی خودی ئەدەبیات یەکناگرێتەوە، چونکە ئەدەبیات ئەگەر هەست و نەستی شاعیر و نووسەرانیش بێت، ئەوا لە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی کە گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستانەیە بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دادەبڕێت. بۆیە داڕشتن و ئاراستەکردنی قوتابیان لەم ڕووەوە بەڕای ئێمەی دەبێت لەدوو خاڵی زۆر سەرەکیدا خۆی ببینێتەوە، ئەوانیش:

١ـ هاندانی قوتابیان بۆ ئەوەی لەجیاتی لەبەرکردنێکی بەبەغاییانە، هەوڵی تێگەیشتن و چێژوەرگرتن و دیاریکردنی تەکنیکەکانی نووسینی دەقەکانی ئەدەبی بدەن.

٢ـ وەرگرتنی پەیامەکانی خودی نووسەران لەرێگای بەرهەمەکانیان و شیکردنەوە و راڤەکردنیان.

پرۆسەی لەبەرکردن وەکو تاکە ڕێگایەکی گوتنەوەی ئەدەبیات تا ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندندا ڕەچاو کراوە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێگاکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب تەنیا خۆی لە پرۆسەی لەبەرکردن قەتیس ناکات، بەڵکو چەندین ڕێگا بەسوود و پڕ مفا هەیە لە گوتنەوەی وانەکانی ئەدەبیاتدا

دیارە تا ئێستا بەداخەوە لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەدەبیات بۆ لەبەرکردنە و لەم پێناوەشدا وەزارەتی پەروەردە لە کتێبە مەنهجییەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا، بەفەرمی ئەوەشی دیاریکردووە کە قوتابیان چەند لە دەقەکە لەبەر دەکەن و داخڵی تاقیکردنەوەکانیش کراوە. کە بەڕای ئێمە سەر لەبەری ئەو پرۆسەیە هەڵەیە. هەڵەکەش تەنیا خودی قوتابیان ناگرێتەوە، بەڵکو لەدواجاردا بەرۆکی زانکۆکانیش دەگرێتەوە، چونکە کاتێک قوتابی ڕوو لە هۆڵەکانی خوێندنی زانکۆیی دەکات لەبەشە کوردییەکاندا، مامۆستایانی زانکۆ ڕووبەڕووی قوتابییەک دەبنەوە کە جگە لە لەبەرکردنی چەند پارچە شیعرێک و مێژوویەکی زۆر سادە و ساکاری ئەدەبیات، هیچ شتێک لەبارەی کەرەستە و پێکهاتە و تەکنیکەکانی دەقە ئەدەبیەکان نازانێت و تەنانەت لە قۆناغی یەکەمدا هەمیشە ئەو پرسیارەی کە مامۆستای زانکۆی پێ قەڵس دەکات ئەوەیە کە قوتابی داوای دەکات کە ئەوەی خوێندرا لەبەر بکرێت، یاخود نا.

ئێمە کە باسی پرۆسەی لەبەرکردن دەکەین، تەنیا مەبەستمان ئەوە نییە کە لایەنی نەگەتیفی ئەو پیشان بدەن و ڕەتی بکەینەوە، بە پێچەوانەوە پرۆسەی لەبەرکردنیش سوود و مفای خۆی هەیە و قوتابی ڕادەهێنێت لەسەر ئەمبارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە وشە، بەو واتایەی کە فەرهەنگی وشەی لا دەوڵەمەند دەکات و هەلی ئەوەی بۆ دەرخسێنێت کە لەکاتی نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبیدا پەنا بۆ ئەو ئەمبارەی وشە ببات و پەکی لەسەر ڕێکخستنی وشەو ڕستەکان نەمێنێ.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە پرۆسەی لەبەرکردن وەکو تاکە ڕێگایەکی گوتنەوەی ئەدەبیات تا ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندندا ڕەچاو کراوە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێگاکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب تەنیا خۆی لە پرۆسەی لەبەرکردن قەتیس ناکات، بەڵکو چەندین ڕێگا بەسوود و پڕ مفا هەیە لە گوتنەوەی وانەکانی ئەدەبیاتدا. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین باس لەو ڕێگایانەی گوتنەوەی وانەکانی ئەدەبیاتدا

بکەین لە قۆناغێکی دیاریکراودا، کە ئەویش قۆناغی زانکۆیە بەو پێیەی کە خوێندنی زانکۆیی (لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی پەروەردەییدا، بەشداریدەکات لە بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگا و دەستنیشانکردنی سیماکانی لە ئێستا و داهاتوودا، هەروەها مسۆگەر کردنی رێگای پێشکەوتنی دروستی نەتەوە لە خەباتکردنیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا)(١). لێرەشدا بۆ گەیشتن بە بەمەرامانە، سەرەتا پێویست دەکات ئامانجەکانی وانەگوتنەوەی ئەدەبیات بزانین، چونکە لەرێگای ئەوانەوە دەتوانین گونجاوترین و رێکترین رێگا هەڵبژێرین بۆ وانەگوتنەوەی ئەدەب، کە بەرێگایەکی دروست ئامانجەکانمان بۆ بەدی بهێنێت، لەژێر رۆشنایی ئەم ئامانجانەشەوە دواتر رێگانی وانەگوتنەوەی ئەدەب دەستنیشان دەکەین و یەکەیەکەیان شیدەکەینەوە.

١-١ ئامانجەکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب:

وانەگوتنەوەی ئەدەب چەندین ئامانج لەخۆ دەگرێت کە پێویستە مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەیدا ئەو ئامانجانە رەچاو بکات و هەوڵی بەدیهێنانیان بدات، چونکە ئەو ئامانجانە بەتێکڕایی دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەدەبیات بەشێوازێکی راست و دروست بە قوتابیان بگات و سوودی لێ ببینن، ئامانجەکانیش ئەمانەن:

١- کارامەییکردنی بیرکردنەوە لای قوتابی: یەکێک لەئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ئەدەب ئەوەیە کە بیرکردنەوە وەکو پرۆسەیەک لەلای قوتابی چالاک بکات. بەو واتایەی کە کارامەیی بیرکردنەوە بجوولێنێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ((بایەخ و گرنگی ئەدەب لەخودی بایەخ و گرنگی زمانەوە سەرهەڵدات، چونکە دەقە ئەدەبییەکانی وەکو شیعر و پەخشان لەراستیدا خۆیان گوزارشتکردنن، کەرەستەی گۆکردنە زمانییەکان وا دەکات کە خوێنەر و گوێگر بیری لێبکەنەوە و واتاکەی شیبکەنەوە، لەسەر ئەم بنچینەیەش ئاراستەیەک هاتەکایەوە کە پسپۆرانی فێرکردن داوایان کرد، ئەویش پێویستی بوونی کارامەیی بیرکردنەوە لە ناو خودی پرۆگرامەکانی خوێندن و کارکردن بۆ گەشەپێدانی بەهۆی رێگاکانی وانەگوتنەوە و شێوازە جۆربەجۆرەکانییەوە))(٢)، واتە پێویستە کارامەیی بیرکردنەوە لەلای قوتابیان گەشە پێبدەین، بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی داهێنەر و بەرهەمهێن، نەک کەسێک دەرخکەر، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەدەب، کە کەسێک بەرهەم بێت خاوەنی عەقڵێکی داهێنەر بێت و بتوانێت هەموو بیروبۆچوونەکانی خۆی لە شێوازی هونەری و ئەدەبی زۆر جوان دابڕێژێت.

٢- چێژ وەرگرتنی ئەدەبی: بۆ ئەوەی سوودی و خۆشی لە دەقە ئەدەبییەکان بەدەستبهێنین، پێویستە چێژی ئەدەبی لای قوتابیان پەرەپێبدەین. چێژی ئەدەبیش ((توانایەکە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا کە وا لە خاوەنەکەی دەکات لە پێگە جوانییەکانی نێو کارە هونەرییەکان و بەتایبەتیش ئەدەب، خۆشی وەربگرێت))(٣) واتە پرۆسەی چێژ وەرگرتن زیاتر پابەندی کەسەکە و لەسەر توانا مەعریفییەکانی ئەو کەسە دەوەستێت، دیارە لەپرۆسەی پەروەردەییشدا

ئەو کەسە قوتابییە و توانای رۆشنبیرییەکەی کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگرتنی چێژ لە ئەدەبدا، بۆیە لێرەدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر مامۆستا بۆ ئەوەی وا بکات مەودای رۆشنبیری قوتابی زیاتر بکات، بەو واتایەی کە قوتابییەکە رۆشنبیر بکات و روئیای فراوانتر بکات و وای لێبکات بگاتە پرۆسەی چێژوەرگرتن لە ئەدەب، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش دیارە پێویستیمان بە کردەوەیەک هەیە، ئەو کردەوەیەش تێگەیشتنە لەدەقی ئەدەبی ((تێگەیشتنی دەق کلیلی چێژوەرگرتنی ئەدەبییە و قوتابیش هەرگیز ناگاتە پرۆسەی چێژوەرگرتن تا لە پەیوەندیی و پەیوەستەکانی نێوان پێکهاتەکانی کاری ئەدەبی نەگات و پەی بەنهێنییەکانی جوانی و خاڵە لاوازەکانی نەبات)) (٤). دیارە ئەم پرۆسەی چێژوەرگرتنی ئەدەبییەش لەسەر دوو لایەنی زۆر گرنگ وەستاوە:

* شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان و راڤەکردنی گشت لایەنە پێکهێنەرەکانی.

** رەخنەگرتن و ئاشکراکردن و دۆزینەوەی لایەنە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤی دەقە ئەدەبییەکان.

ئەم دوو لایەنەش لە ئەنجامی ئەوە دێنە ئاراوە کە قوتابی زیاتر لە جارێک دەقە ئەدەبییەکان بخوێنێتەوە و بەشێوەیەکی پراکتیکیش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر مامۆستا بۆ ئەوەی وا بکات مەودای رۆشنبیری قوتابی زیاتر بکات، بەو واتایەی کە قوتابییەکە رۆشنبیر بکات و روئیای فراوانتر بکات و وای لێبکات بگاتە پرۆسەی چێژوەرگرتن لە ئەدەب، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش دیارە پێویستیمان بە کردەوەیەک هەیە، ئەو کردەوەیەش تێگەیشتنە لەدەقی ئەدەبی

٣- شارەزابوون لە مێژوو و تیۆر و جۆرەکانی ئەدەبی: قوتابی بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ئەدەبخواز، یان مامۆستای ئەدەب، پێویستە لەسەری بنچینە و بناغەیەکی پتەو لەبارەی پسپۆرییەکەی دروست بکات، ئەمەش زیاتر خۆی لە شارەزایی وەرگرتن لەبارەی مێژووی ئەدەب و تیۆرە ئەدەبییەکان و جۆرەکانی ئەدەبی بەدەست بهێنێت، دیارە بنیاتنانی ئەو بنچینە و بناغەیەش قورساییەکەی زیاتر دەکەوێتە قۆناغی زانکۆوە، بەو پێیەی کە لەزانکۆدا

بەپێی پسپۆرییەکان قوتابیان لە کۆلێژ و بەشەکاندا وەردەگیرێن. بۆیە پێویستە مامۆستای زانکۆ ئەو شارەزاییەی خۆی بە کاراترین شێوە بۆ قوتابیان بگوازێتەوە و بنچینە و بناغەیەکی تۆکمە و پوخت بۆ قوتابییەکانی دابرێژێت بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب.

٤- شارەزابوون لە تەکنیک و پێکهاتە وبەشەکانی دەقی ئەدەبی: قوتابیانی بەشەکانی ئەدەب دەبێ توانای ئەوەیان هەبێت رایەڵەکان و رەگ و ریشاڵی پێکهاتەی دەقی ئەدەبی جودا بکەنەوە و شیانی ئەوەیان هەبێت شیتاڵی بکەن و راڤەی بکەن و ماناکانی ئەودیو دەق بدۆزنەوە، چونکە ئەم کردەوەیە بناغەو بنچینەیەک دروست دەکات بۆ ئەو قوتابییانە کە لەدوارۆژدا ببنە شاعیر یان نووسەر یان رەخنەگر یان لێکۆڵەر و کەسانێکی کاراو چالاکییان لێ دروست ببێت. ئەم ئامانجە یەکێکە لەخاڵە هەرە گرنگەکانی شێواز و رێگاکانی وانەگوتنەوە، چونکە قوتابیانی بەشی ئەدەبی لە بواری تیۆرییەوە راستەوخۆ بۆ بواری پراکیتکی دەگوازێتەوە. واتە لەبوارێک کە مادده سەرەتاییەکان وەردگرێت و شارەزایی دەبێت، کە هیچ هەوڵێکی وای ناوێت، دەچێتە بوارێک کە ئیدی وەکو تاقیگەیەک دەقێکی ئەدەبی لەبەردەمی دانراوە و دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکات و شیبکاتەوە و لایەنەکانی ئاماژە پێبکات. دیارە لێرەدا شیان و ئامادەگی و رادەی تێگەیشتنی قوتابیان بەدیار دەکەوێت و هەر لێرەشدا جیاوازی تاکایەتی لەنێوان قوتابییان زۆر بە ئاشکرایی هەستی پێ دەکرێت و مامۆستای سەرکەوتوو و زیرەک، لەم قۆناغەدا دەزانێت کامە قوتابی لەپاشەرۆژدا دەتوانێت بەردەوام بێت و کەسێکی بەرهەمهێنی لێ دروست ببێت. ئەم ئامانجە یەکێکە لە ئامانجە زۆر گرنگەکان کە بەداخەوە لە زانکۆکانی ئێمەدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت و بواری گەشەسەندنی بۆ نارەخسێت.

٢-١ تیۆرەکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب:

ئەدەب وەکو فەزایەکی گەورە کاتێک بەخۆی و هەموو ژانرەکانی لە وانەی زانکۆییدا کورت دەکرێنەوە، مامۆستایان دووچاری کێشەیەک دەکاتەوە کە خۆی لە دەستبەرکردنی هەژموونی گەورەی ئەدەب و بچووککردنەوەی بۆ ئاستی قوتابی تا لێوە تێی بگات و چێژی ئەدەبی بۆ دروست ببێت. لەم پێناوەدا کۆمەڵێک تیۆر هاتوونەتە ئاراوە تا یارمەتیدەری مامۆستا بن لە ئەرکەکەی، لەوانەش:

١- تیۆری قوتابخانەیی: یاخود تیۆری چەرخە ئەدەبییەکان، کە بریتی بوو لە دابەشکردنی کەلەپوری ئەدەبی بەپێی سەردەمەکان کە هاوشان بێت لەگەڵ سیستەمی فێرکردن. لایەنە نەگەتیفەکانی ئەو تیۆرەش ئەوەبوو کە ئەو بیرۆکەیەی بە فاکتەری سیاسی بەستۆتەوە، بەشێوەیەک کە چالاکی ئەدەبی بە نەمان و رووخانی هەر دەوڵەت و میرنیشینێک پەیوەست کردووە، بەو واتایەی بوونی هەر دەوڵەت و میرنشینێک چالاکی ئەدەبی دەوڵەت و میرنیشینەکانی

پێشەخۆی دەسڕێتەوە. کە ئەمەش ماقوولییەتی خۆی لەدەست دەدات و یەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیش وەلاوە دەنێت کە چێژی ئەدەبە.

٢- تیۆری هونەرە ئەدەبییەکان: ئەم تیۆرەش راستەوخۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەکات و بەهۆیەوە بڕیارە هونەرییەکان بەرهەم دەهێنێت و هەڵیک دەرخسێنێت بۆ بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان. بەپێی ئەم تیۆرەش خوێندنی ئەدەب بەپێی ژانرەکانی بەرهەمی ئەدەبی دەبێت و لە هەر ژانرێکیشدا بەشەکانی لێک جوداکرێنەوە و دەخوێندرێن، بۆ نموونە شیعر وەکو ژانرێک پێشکەش دەکرێت و مەبەستەکانیشی بەجیا دەخوێندرێت (غەزەل، ستایش، لاواندنەوە، داشۆرین....هت) و بۆ ئەوەی قوتابی لەسەرخۆ و بەوردی زانیاریی لەسەر وەربگرێت. خاڵی نەگەتیفی ئەو تیۆرەش فەرامۆشکردنی مێژووی ئەدەبییە.

٣- تیۆری هەرێمایەتی: خاڵی جیاکردنەوەی ئەو تیۆرە لە ئەوانی دیکە ئەوەیە کە ئەدەب بە پێی گۆڕانکاریی ماددی و مەعنەوی دەخوێنێتەوە، گۆڕانکارییە مادددییەکانیش بریتین لە فاکتەری ژینگە، وەکو بوونی رووبار و چیا و دەشت ودەر یاخود بیابان و دارستان و.... هتد، گۆڕانکاری مەعنەویش بریتییە لەسیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری. ئەم فاکتەرانەش رۆڵ و کاریگەری خۆیان لەسەر رۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی و ژیاری ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە لە ئەدەبی عەرەبی لێکۆڵینەوە و خوێندەی ئەدەب بەپێی هەرێمەکان دەبێت، وەکو ئەدەبی میسری، ئەدەبی مەغریبی، ئەدەبی عێراقی، چونکە هەر یەکێک لەمانە لە بارودۆخێکی جیاوازی ماددی و مەعنەوی دژیت.

٤- تیۆری مێژوویی: ئەم تیۆرەش بە تیۆری قوتابخانەیی ناوبانگی دەرکرد، چونکە ئەو تیۆرە وەکو پرۆگرامێک لە ئامادەیی و زانکۆکانی رۆژئاوا دەخوێندرا. ئەو تیۆرە سەرەتا لە فەرەنسا سەریهەڵدا، کاتێک ئەندرێ دۆشیسۆن کتێبێکی لەسەر ئەدەبی فەرەنسی لەساڵی (١٧٦٧) بەناونیشانی (مێژووی ئەدەبی فەرەنسی) بڵاوکردەوە و تێیدا ئەدەبی فەرەنسی بەپێی سەردەم و بارودۆخی سیاسی دابەشکرد.

لێرەدی جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە لە خوێندنی زانکۆکاندا، چ لە وڵاتانی ناوچەکەدا بێت و چ لە کوردستان بێت، زیاتر پشت بەستراوە بە تیۆری قوتابخانەیی، هەر بۆ نموونە عەرەب، مێژووەکەی خۆیان دابەشی سەر سەردەم و دەسەڵاتەکاندا کردووە، وەکو سەردەمی جاهیلی و سەردەمی سەرەتای ئیسلام و سەردەمی عەباسی و سەردەمی ئەمەوی و.......... هتد. لە ئەدەبی کوردیشدا سەرەرای ئەوەی کە دابەشکردنەکە لەسەر لایەنی کۆنی و نوێیدا وەستاوەتەوە، لە هەمانکاتیشدا بوونی میرنیشینەکان و بووژاندنەوەی دەسەڵاتیان کاریگەری لەسەر خوێندنی ئەدەب هەبووە، بۆ نموونە میرنیشی بابان و سۆران و ئەردەلان و ....هتد. بێگومان ئەم پشت بەستنەش بە تیۆری قوتابخانەیی سەرەڕای سودەکانی، زیانی خۆشی هەبووە. قوتابی لە وەرگرتنی کۆمەڵێک دەقی مێژوویی زیاتر شتێکی دیکەی وەرنەگرتووە. بەتایبەتیش کە بەپێی ئەو تیۆرە دەبێ قوتابی لەسەرەتاوە واتە لە ئەدەبی کۆنەوە تا دەگاتە

ئەدەبی نوێ، هەروەها بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی و مێژوویی دەست بەخوێندنی ئەدەب بکات. بەبێ ئەوەی فێری هونەرەکانی نووسینی ئەدەبی و شیکردنەوە و روونکردنەوەی تەکنیکەکانی ژانرە ئەدەبییەکان بکرێت.

دەبێت وانەی پراکتیکی هەبێت و مامۆستا بتوانێت دەق بە قوتابیان بدات و بەیەکەوە فێری شیکردنەوە و رەخنە لێ گرتنیان بکات. ئەمەش دواجار ئەدەب لەخوێندنێکی وشکی تیۆرییەوە بۆ خوێندنی بە سەلیقە و پڕ چێژ دەرباز دەکات

بەڕای ئێمە پێویستە لە قۆناغی زانکۆییدا جیا لەو جۆرە خوێندنە، خۆێندنی پراکتیکیش هەبێت، کە هەر چەندە ئێستا تەنیا لە قۆناغی چواردا قوتابی کاری پراکتیکی پێ دەسپێردرێت بەوەی کە باسی دەرچوون ئامادە بکات، بەڵام ئەوە چارەسەر نییە. پێویستە قوتابی کاتێک کۆلێژ تەواو دەکات، توانای ئەوەی هەبێت شیعرێک شیبکاتەوە و تەکنیک و فەزای چیرۆک و رۆمانێک بخاتە بەر تیری نەشتەرگەری، بەو واتایەی شیانێکی رەخنەیی بۆ دروست بکرێت. ئەمەش بەڕای ئێمە بەوە دەبێت کە وانەی پراکتیکی هەبێت و مامۆستا بتوانێت دەق بە قوتابیان بدات و بەیەکەوە فێری شیکردنەوە و رەخنە لێ گرتنیان بکات. ئەمەش دواجار ئەدەب لەخوێندنێکی وشکی تیۆرییەوە بۆ خوێندنی بە سەلیقە و پڕ چێژ دەرباز دەکات.

٣ـ١ رێگاکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب:

پێش ئەوەی باس لە رێگاکانی وانەگوتنەوەی ئەدەب بکەین، پێویست دەکات سەرەتا بە کورتی خودی رێگاکان و رێگاکانی وانەگوتنەوە بناسێنین، کالیسۆن Galison بەمشێوەیە رێگا پێناسە دەکات کە ((کۆمەڵێک هەنگای رێکخراوە بەپێی پرەنسیب و گریمانەی سایکۆلۆژی و پێداگۆکی گونجاو کە وەڵامدەرەوەی ئامانجێکی دیاریکراوە))(٥) بەو واتایەی کە رێگا هاوبەشی و گونجانێک لەنێوان ئامانج و بنەما و پلان و تەکنیکەکان دروست دەکات. لەم روانگەیەشەوە دەکرێت وا پێناسەی رێگاکانی وانەگوتنەوە بکەین کە ((بریتییە لەهەموو جۆرە چالاکییەک کە پێویستە مامۆستا بەهۆی بابەتەکانی پرۆگرامێکی دیاریکراو ئەنجامی بدات بەمەبەستی ئەوەی قوتابییەکان ئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان جێبەجێ بکەن))

(٦). بەو واتایەی کە گرنگترین شت لە پرۆسەی وانەگوتنەوەی گواستنەوەی زانیارییە لە مامۆستاوە بۆ قوتابی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانج و مەبەستانەش لە خوێندنی ئەدەبدا، دەبێ چەند ئاراستە و ڕێگایەک پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی کارا وانەی ئەدەب بڵێینەوە و بابەتەکان بە قوتابیان بگەیەنین، ئەو ڕێگایانەی کە تا نهۆ لە وانەگوتنەوەی ئەدەبدا بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:

١ـ ڕێگای ئیلقاکردن ـ موحازەرە:

ڕێگایەکی کۆن و تەقلیدییە و یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بۆ گوتنەوەی بابەتی ئەدەبی لە ئێستادا زۆر بەکاردەهێنرێت و تەنانەت بووە بە شتێکی باو لەلایەن مامۆستایانەی ئەدەبی، دیارە ئەمەش لە گوتاری خۆیاندا بەدیاردەکەوێت کە هەمیشە دەڵێن ئەدەبیات تەنیا ڕاڤەکردن. دیارە ئەمەش لە باشترین حاڵەتیدا بەشێوەیەکی زارەکی بابەتەکە دەڵێتەوە و بە قوتابیانی دەگەیەنێت و قوتابیانیش تەنیا گوێدەگرن، یاخود چەند سەرەقەڵەمێک لە گرینگترین خاڵەکانی ئەو ڕاڤەکردنەی مامۆستا دەنووسنەوە بۆ ئەوەی پاشان بچنەوە سەری و سوودی لێ وەربگرن، بێگومان لەدوای ئەو موحازەرەیەش قوتابیان ئەو سەرەقەڵەمانە دووبارە بەشێوەی تایبەتی خۆیان داڕێژنەوە. دیارە لێرەدا سوودی ئەو ڕێگایە ئەوەیە کە بەهۆیەوە ((مامۆستا برێک زۆر لەوانەکەی خۆی بە قوتابیان دەڵێتەوە)) (٧)، چونکە تەنیا خۆی وانەکە دەڵێتەوە و قوتابیان بەشداری تێدا ناکەن. لەراستیشدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی دووچاری بێزاربوون و تێنەگەیشتن بێت و بەناچاری پەنا بباتە بەر ئەوەی کە بابەتەکە لەبەر بکات. بەو واتایەی کە ڕادەی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی و بابەتە ئەدەبییەکە زۆر کەم دەبێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕێگایە تا ئێستاش نەک هەر لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، بەڵکو لەقۆناغەکانی خوێندنی زانکۆییش بەکاردەهێنرێت، کە بەڕای ئێمە مامۆستا بەتەنیا پشت بەم ڕێگایە نەبەستێت بۆ خوێندنی ئەدەب. بەراستیش بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بەتەنیا واتە کوشتنی ئەدەب خۆی. بۆیە پێویستە لەپاڵ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە، ڕێگەکانی دیکەش بەکاربهێنێت.

مامۆستا دەتوانێت چیرۆکێک دیاری بکات و داوا لە گروپێک بکات لایەنی دەروونی ئەم چیرۆکە شی بکەنەوە و گروپێکی دیکە لایەنی کۆمەڵایەتی و گروپێکی دیکە لایەنی سیاسی و گروپێکی دیکە لایەنی تەکنیک و ڕەگەز و توخمەکانی دیار بکەن

٢- ڕێگای گفتوگۆ- دیالۆگ:

ئەمەش ئەو ڕێگایە کە لەسەر دیالۆگ بنیاتنراوە، ئەو دیالۆگەی کە لەشێوەی پرسیار و وەڵامدا خۆی دەبینێتەوە کە لەنێوان مامۆستا و قوتابییەکانیدا دێتەکایەوە و دیالۆگێک لەسەر بابەتە ئەدەبییەکەدا دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەو ئامانجەی کە مامۆستایەکە مەبەستییەتی. ئەمەش لەڕێگای گەیشتن بە ڕاستییەکان بەهۆی ئەنجامدانی دیالۆگێکی سەرەکەوتوو.

ئەم ڕێگایە جۆرێک لە زیندوویەتی بەخۆیەوە دەبینێت و لەهەمانکاتیشدا قوتابیان لە ڕۆڵی گوێگرتنەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆڵی بەشداریکەر، ئەمەش لەڕێگای دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان، دیارە لێرەشدا قوتابی لەلایەکەوە بەشدارییەکی کارا لە پۆلدا دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە فێری چۆنییەتی گفتوگۆکردن و چۆنییەتی ڕادەربڕین دەبێت. هەروەها لەم ڕێگایەدا مامۆستا بەشێوەیەکی سەرەکی ((پشت بە زانیارییەکانی قوتابیان و شارەزاییەکانی پێشتری دەبەستێت و چالاکییەکانیان ئاراستە دەکات بەمەبەستی تێگەیشتن لە بابەتەکە بەهۆی پرسیاری جۆراجۆر و وەڵامدانەوەی قوتابییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە، لێرەشدا وورووژاندنی زانیارییەکانی لەپێشینەی قوتابی و چەسپاندنی زانیاری نوێ و دڵنیابوون لەتێگەیشتنی بابەتەکە)) (٨) لەم چوارچێوەیەشدا مامۆستا لەسەریەتی هێڵی گشتی گفتوگۆکردنەکە بپارێزێت و سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی بکات تا دەگاتە ئامانجەکەی، بۆ ئەمەش پێویستە مامۆستا ((هەمی قوتابیێن خوە دناڤ وانەگوتنێدا پشکدار بکەت و دیسان ئارمانجێن پەروەردەیی بدارێژیت و دڤێ چەندێدا پێدڤیە پێشبینێن خوە و پێزانینێن خوە بۆ قوتابیان دیار کەت)) ( ) ، ئەمەش وادەکات کە قوتابیان ڕابهێنێت لەسەر بیرکردنەوەی دروست و بەدەستهێنانی گیانی هاوکاریکردن لەنێوان قوتابیان. دەشکرێ ئەم ڕێگایە لەڕێگای سیمینارێکی کراوە بێت، یاخود بەشداری پێکردنی دوو قوتابی یان زیاتر بێت.

٣- ڕێگای وانەگوتنەوەی بەگروپ:

ئەم ڕێگایە باشترین جۆرە بۆ گوتنەوەی بابەتی ئەدەبی، چونکە هەم ئیلقاکردن واتە پەیرەوکردنی شێوازی موحازەرە لەخۆدەگرێت وهەمیش گفتوگۆ و دیالۆگ دەگرێتە باوەش. واتە دەتوانین بڵێین کە تێکەڵی و ئاوێتەکردنی ڕێگاکانی وانەگوتنەوەیە لە یەک وانەی بابەتی ئەدەبیدا.

لەم ڕێگایەدا مامۆستا قوتابییەکانی پۆلەکەی دابەشی چەند گروپێک دەکات، کە هەر گروپێک لەچەند قوتابییەک پێکدێت، کە ڕاستەوخۆ بەشداری لە وانەکەدا دەکەن. ئەمەش لەڕێگای ئەوەی کە پرسیارێک ئاراستەیان دەکرێت ئەوانیش بەیەکەوە هەر گروپێک هەوڵ دەدەن وەڵامێکی گونجاوی بدەنەوە و دواتر بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستادا ئەو وەڵامانە گفتوگۆیان لەبارەیەوە دەکرێت و هەوڵدەدرێت باشترین و ڕاسترین وەڵام بۆ پرسیارەکە دەستنیشان بکرێت لە نێوان گروپەکاندا.

ئەم ڕێگایە بەوەش دەناسرێتەوە کە بابەتی ئەدەبی لە بواری تیۆرییەوە بۆ بواری پراکتیکی دەگوازێتەوە، بەوەی کە مامۆستا دەتوانێت پۆلەکە بکاتە تاقیگەیەک و قوتابییەکان لەڕێگای ئەم گرووپانەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی دەقی ئەدەبی هەڵبەسەنگێنن و لایەنەکانی دیاری بکەن. بۆ نموونە مامۆستا دەتوانێت چیرۆکێک دیاری بکات و داوا لە گروپێک بکات لایەنی دەروونی ئەم چیرۆکە شی بکەنەوە و گروپێکی دیکە لایەنی کۆمەڵایەتی و گروپێکی دیکە لایەنی سیاسی و گروپێکی دیکە لایەنی تەکنیک و ڕەگەز و توخمەکانی دیار بکەن و بەمشێوەیە تا دەگاتە ئەوەی هەموو بیروڕایەکان لەسەر چیرۆکەکە کۆدەکاتەوە، لێرەدا دەکرێت جگە لە بابەتەکانی وانەکە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی قوتابییانیش لەشیعر و چیرۆک و دەقی شانۆیی و ڕۆمان بخوێنرێتەوە و قوتابییان شیبکەنەوە و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی دەستنیشان بکەن. بەمەش هەم قوتابییان بەشێوەیەکی پراکتیکی دەقێکی ئەدەبی شیدەکەنەوە و هەمیش توانای ئەوەیان بۆ دەرخسێت کە ڕەخنە لەلایەنێک لەلایەنەکانی ئەو دەقانە بگرن، واتە فێری چۆنییەتی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەدەبییان دەکات. ئەمەش وا دەکات قوتابیان زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن و باوەڕ بەخۆیان زیاتر دەکەن و لەسەر کارکردنی بواری ئەدەبی دەیانچەسپێنێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە زانکۆکانی کوردستان بووەتە شتێکی مەحاڵ، چونکە بینای کۆلێژەکان و پۆلەکانی خوێندن بەهیچ شێوەیەک بوار بەم جێبەجێکردنی وەها کارێک نادەن، لەبەر ئەوەی بچووکن و ناتوانرێت قوتابیانی تێدا لەسەر شێوازی گروپ ڕێکبخرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی کوردستان هەر لەبنەڕەتدا بینای تایبەتی خۆیان نییە، لە بینای قوتابخانە و فەرمانگەکاندا جێگیر کراون. هەروەها بوونی زیاتر لە (٥٠-٦٠) قوتابی و زیاتریش لەیەک پۆلدا کارەکەی یەکجار زەحمەت کردووە و ئەگەر مامۆستا سیستەمی گروپیش جێبەجێ بکات، ئەوا ناتوانێت کەشوهەوای پۆلەکە و کۆنترۆڵی پۆل بپارێزێت.

٤-١ ئەنجامەکان:

١- ئەدەب بواری فیکری و مەعریفی قوتابییان واڵا دەکات و بەهێزی دەکات و دەرگایە بەڕووی قوتابییان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارامە و چالاک بەشداری لە دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیان بکەن و هەروەها کارامەیی ئەوەیان بۆ دروست ببێت کە وەکو لێکۆڵەر و ڕەخنەگرێک بتوانن لایەن و ڕەهەندەکانی دەق شیبکەنەوە و لێکیبدەنەوە.

٢- وانەگوتنەوەی ئەدەب کۆمەڵێک ئامانج لەخۆ دەگرێت کە هەر یەکێک لەو ئامانجانە سەرەڕای ئەوەی کە قوتابی ئامادەدەکات بۆ چوونە ناو دنیای ئەدەب.- لەهەمانکاتیشدا ڕێگای بۆ ئەوەش خۆش دەکات کە قوتابییان وەکو پسپۆڕێک لە دوا ڕۆژدا لە بواری ئەدەب بەدیار

بکەن، لەوانە کاراکردنی کارامەیی بیرکردنەوە و چێژوەرگرتن لە دەقی ئەدەبی و شارەزایی لە مێژوو و ژانر و تیۆرەکانی ئەدەبی و تەکنیک و پێکهاتەکانی دەق.

٣- دەتوانرێت بە چەند رێگا و شێوازێک وانەی ئەدەبی بگوترێتەوە، لەوانە رێگای ئیلقاکردن واتە موحازەرە و رێگای گفتوگۆ و دیالۆگ و رێگای وانەگوتنەوەی بەگرووپ، دیارە باشترین رێگاش، رێگای وانەگوتنەوەی بەگرووپە، کە هەر چەندە لە زانکۆکانی کوردستان تا ئێستا لەرووی بینا و ژینگەی پۆلەوە بەکار ناهێنرێت.

سەرچاوەکان:

١- کتێب:

١. د. شبل بدران و د. كمال نجيب، التعليم الجامعى وتحديات المستقبل، دار الوفاو لدنيا و الطباعه للنشر ، مصر - الآسكندريه، الطبعه الآولى ٢٠٠٦.

٢. د. فايز مراد دندش، اتجاهات جديده فى المناهج و طرق تدريس ، دار الوفاو لدنيا الطباعه والنشر، الگبعه الاولى ٢٠٠٣.

٣. د.ماهر شعبان عبدالبارى، التذوق الآدبى، دار الفكر، عمان - الآردن، الطبعه الثانية ٢٠١٠.

٢- گۆڤار:

٤. دیار عەبدولکەریم سەعید، دێ چەوا ببیە مامۆستایەکی سەرکەفتی؟، گۆڤاری (رووگەه)، ژمارە (٢-٣) پاییزی ٢٠١١- زستانی ٢٠١٢.

٣- ئینتەرنێت:

٥. جلال عزيز فرمان البرقعاوى، فاعليه تدريس الآدب والنصوص بأعتماد مهارات التفكير الآبداعى فى تحليل النصوص الآدبيه والآحتفاظ بها لدى طلاب المرحله الثانوية، www.uobabylon.edu.iq.

٦. جلال عزيز فرمان البرقعاوى، فاعليه تدريس الآدب والنصوص بأعتماد مهارات التفكير الناقد و التفكير الآبداعى فى التذوق الآدبى لدى طلاب المرحله الثانوية، www.uobabylon.edu.iq.

٧. أ.هجيره لعـور ، طرائق تدريس النصوص الآدبيه فى مرحله التدرج، moawadhmh.jeeran.com.

٨. أ.د. يحيى عبد الرؤوف جبر، نحو رؤيه جديده فى منهج تدريس الآدب العربى، blogs.najah.edu

مرۆڤ لە ڕوانگەی فەلسەفەی (ئەریستۆ)وە

عەلی سەرتیپ

ئەریستۆ یەکێکە لە و فەیلەسوفانەی کە سەر بە قوتابخانەی «ئەفلاتۆن»ە، باوکی پزیشکێکی بەناوبانگ بووە و لە هەمانکاتدا زانای سروشتیش بووە. ئەریستۆ لە تەمەنی حەڤدە ساڵی بووە بە قوتابی ئەفلاتۆن، لەو کاتەدا ئەفلاتۆنیش تەمەنی شەست و یەک ساڵ بووە.

ئەریستۆ خۆی خەڵکی مەکدۆنیا بووە، بیروڕاکانی زیاتر لە سەر ڕەوشتخوازی دەردەبڕیت، واتا ئەو بیروڕایانەی کە نەنگی تێدایە خۆیان لە قەرەی نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەریستۆ لە سەر هەموو زانستەکانی دی شتی دەنووسی. سەرچاوە کۆنەکان باس لە ١٧٠ ناونیشان دەکەن کە لەلایەن ئەریستۆ وە نووسرابن.

ئەریستۆ فەیلەسوفێکی وردبینی مەنهەجی بووە و بە دامەزرێنەری زانستی «لۆجیکی» دادەنرێت، دەکرێت بڵێین ئەریستۆ یەکێکە لە درێژەدەرپێدەرانی خەباتی فەیلەسوفە سروشتناسەکانی پێش خۆی وەکو (پارمێنیدس، ئێمپیدوکلیسش، دیمۆکریتس ...هتد)، زیاتر خۆی بە پرۆسێسەکانی سروشتەوە سەرقاڵ کردووە، هاوکات بە یەکەم گیانەوەرناسی ئەوروپاییش دادەنرێت.

ئەریستۆ دەڵێت: دیاردەکانی سروشت شیاوی پۆلێنکردنن بەسەر دوو گروپی سەرەکیدا، وەکو (خۆڵ و بەرد و ئاو)، ئەمانە بێگیانن و هیچ توانایەکیان نییە لەناوخۆییاندا بگۆڕێن، واتا

نازیندوون، هەر بۆیە لە دەرەوەی خۆیان دەتوانرێت گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، هەرچی شتە زیندووەکانیشە، ئەمانە دەتوانن لە ناوەوەی خۆیاندا گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، زیندووەکانیش دابەش دەکرێنە سەر دوو پۆلەوە (مرۆڤ و ئاژەڵ)، چونکە بە بڕوای ئەو ئاژەڵ و مرۆڤ بوونەوەری زیندوون، چەندها خاڵی گرنگ و هاوبەش لەنێوانیاندایە، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی نێوانیان «ژیرێتییە».

دەکرێت بڵێین دنیابینی ئەریستۆ، دنیابینیەکی هەڕەمییە، واتا لە باوەڕی ئەودا بوونەوەرەکان لە نزمترین گیا تا مرۆڤ و سەرەوەی مرۆڤ و خواوەندەکانیش بەپێی حاڵەتێکی هەڕەمی، ڕێکخراون لە جیهانی سروشتدا، لە هەمانکاتدا ئەریستۆ خوێندنەوەی خۆشی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا بە جۆرێک هەبووە، بەتایبەت ڕوانینی دەربارەی ئافرەت، کە ئەمەش دەبێتە جێگای تێڕامان

دەکرێت بڵێین دنیابینی ئەریستۆ، دنیابینیەکی هەڕەمییە، واتا لە باوەڕی ئەودا بوونەوەرەکان لە نزمترین گیا تا مرۆڤ و سەرەوەی مرۆڤ و خواوەندەکانیش بەپێی حاڵەتێکی هەڕەمی، ڕێکخراون لە جیهانی سروشتدا، لە هەمانکاتدا ئەریستۆ خوێندنەوەی خۆشی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا بە جۆرێک هەبووە، بەتایبەت ڕوانینی دەربارەی ئافرەت، کە ئەمەش دەبێتە جێگای تێڕامان، بڵێن فەیلەسوفێکی وا بەم شێوەیە لە ژن بڕوانێت، دواتر دێنە سەری.

ئەریستۆ خوێندنەوەی زیاتر لەڕێگای هەستەوە بوو، کە بایەخی بە سروشت دەدا، چونکە وەک خۆی دەڵێت: هەموو بیرکردنەوەکانمان لە ڕێگای ئەو شتانەوەیە، کە بینیومانن یان بیستومانن، هاتونەتە ناو ئاگاییمانەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیگوت: ئێمە خاوەنی بیرێکی زگماکیشین، ئێمە توانای زگماکمان هەیە، کە لەڕێگەیەوە هەموو مۆرکە هەستییەکان ڕێک دەخەین و لە گروپ و پۆلی جیاجیادا دایان دەنێین، بەم جۆرەش دەستەواژەی (بەرد و ڕووەک و ئاژەڵ) سەرهەڵدەدات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەریستۆ نکۆڵی لەوە نەدەکردووە، کە مرۆڤ ژیرێیەتییەکی زگماکی هەیە، بەپێچەوانەوە، خاسییەتی دیاری مرۆڤ تەواوەن «ژیرێتییە»، بەڵام بەپێی ئەوە، هەتاوەکو هەستەکانمان هەست بە شتێک نەکەن ئەقڵمان بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و

بەم جۆرەش مرۆڤ بەلای ئەریستۆوە هیچ شێوە بیرێکی زگماکی نییە. لێرەوە ئەریستۆ دێتە سەر ئەوەی کە مرۆڤەکان تێگەیشتنیان سەبارەت بە شتەکانی جیهان خاوەن پۆلێنکردنێکی هەرەمییە، بە واتەیک فۆرمی مرۆڤ خاوەنی گیانی «ڕووەکی و ئاژەڵی و ژیرییە»، ئەو ئەوە دەخاتە ڕوو، کە مرۆڤ دەبێت چۆن بژێت، واتا چ شتێکمان پێویستە بۆ ئەوەی بە ژیانێکی باش بژێین، لە دیدی ئەوەوە، سێ جۆری جیاواز بۆ ئاسودەیی ژیان هەیە، کاتێ دەتوانین ئاسوودە بین ئەم سێ جۆرە مەرجەمان تێدابێت:

یەکەم/ ژیانمان لە هەوەس و ئارەزوودا بە سەر بەرین.

دووەم/ ژیانی سەربەستی و بەرپرسیاری.

سێهەم/ ژیانێک وەکو فەیلەسوف و لێکۆڵەرێک.

● ئەریستۆ لە کتێبی «سیاسەت»دا هەرچی لە بارەی پەروەدەکردنی مرۆوەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، دەبیژێت لایەنی شێوازی پەروەدەکردن دەبێت بۆ هەموو کەسێک یەکسان بێی واتا هەرە شێوەی توانایی و هەرە شێوەی هونەرێک کە پێویستی بە ڕێکخستن و ئەزموونە لە بەر ئەوە تاکەکان بۆ ئەوەی کە لە توانای ئەنجامدانی کارە پڕ بە هاکانیان هەبێت، دەبێت پێشتر لە پەروەردە و ئەزموونەکان سوودمەند بن، بەتایبەت لەو بارەیەوە کە ئایا ئامانجی لاوان لەو شتانەی کە فێری دەبن دەبێت لایەنی ڕەهای چاکە لە خۆ بگرێت یان گەیشتنە بە باشترین شێوازی ژیان وە لە هەمان کاتدا دەبێت لە پەروەردەدا گرنگی بە ژیر و پەروەردە ئەخلاق بدرێت، لە بەرئەوە تا ئێستا خەڵکی نەگەشتونەتە ئەو رادەیەی کە ئایا منداڵەکانیان لە سەر کام شێوازە پەروەردە بکەن؟

ئەریستۆ باوەڕی وایە شێوازی هەنووکەیی پەروەردەکردن ئێجگا تێکەڵ و پێکەڵ کراوە، وە هیچ کەس نازانێت ئایا منداڵ ئەو شتانەی فێر بکرێت کە بەکەڵکی ژیان دێت، یا سروشت و لایەنی دەروونیان بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکرێت، یا بواری زانیاریان زیاتر بکرێت، وەک دەزانیین لەم سێ خاڵە هەر کەسە و بۆچوونی جیا و تایبەت بە خۆی هەیە!

دیدی ئەریستۆ بۆ کۆمەلگا و بابەتی تاکڕەوێتی مرۆڤ دەردەکەوێتەوە، هەر بۆیە دروشمەکەی ئەو ئەوە بوو، دەیگوت: (مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە)، بە بڕوای ئەو بەبێ کۆمەڵگای چوادەورمان مرۆڤێکی ناتەواو دەبین، خێزان و لادێ پێداویستی ژیانمان دابین دەکەن

ئەریستۆ دەڵێت گومانی تێدا نییە ئاشنا بوون بە زانستە سوودمەندەکان دەبێت بەشێک بێت

لە پەروەردەکردنی منداڵ، بەواتایەک نەک هەموو بابەتەکان فێری منداڵ بکرێت، واتا بە دوو شێوە ئەوانەی شایستەی مرۆڤن و ئەوانەی بۆ مرۆڤ بە سوود نین، بە مانایەک ئەو زانستانە سوودمەندانەی کە فێری هەر منداڵێکی دەکەن نابێت بەرفراوان و هەموو پیشەی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت، چونکە دەبێتە یەکەمین هۆکار بۆ دروست بوونی سەر لێشێواوی، بەڕای ئەرستۆ کە دەڵێت ئەو زانیارییانەی کە باسمان لێیکرد ، بە شێوەیەکی گشتیی پەروەردەی منداڵ لە سەر چوار بنەما پایەدار دەبێت ئەوانیش (نووسین- خوێندەنەوە — وەرزش — میوزیک) هەندێکی تریش وێنەکێشان دەخەنە ئەم پەراوێزەوە .

ئەریستۆ لە نامەی (ڕیتۆریکا)، هونەری وتاربێژیدا ژیانی مرۆڤەکان دابەش دەکاتە سەر سێ سەردەمەوە: ١.گەشە ٢. مینساڵی ٣. پیری.

ئەو باشترین سەردەمی ژیان لە مینساڵیدا دەبینێتەوە و باوەڕی وایە مرۆڤ لەو سەردەمەی ژیانیدا باشترین تایبەتمەندیەکانی لاوێتی و پیری لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، لە هەمانکاتدا خراپییەکانی ئەو دوو سەردەمە ڕووپۆشکراوە، هەر بۆیە سوڕی تەواوبوونی گەشەی مرۆڤ لە مینساڵی (٣٠ تا ٣٥)ساڵی و سەردەمی گەشەی ئەقڵی مرۆڤیش لە تەمەنی (٤٩) ساڵیدا دەبینێتەوە، لە بارەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە ئەوانی دی، دەڵێت: دەشێت ئێمە نە ترسنۆک بین و نە بێباک، بەڵام دەبێت ئازا بین (کەمی جورئەت ترسنۆکییە و جورئەتی زۆریش بێباکییە، بەخشندەیی کەم بەرچاوتەنگییە زۆربەخشینیش کەمتەرخەمییە). سەروەت و سامان بەهیچ شێوەیە نابێت ببێتە هـۆی جیاوازی نێوان تاکەکان، واتا کەسانی دەوڵەمەند و بە تواناکان، کە گروپێکی کەمینەن، نابێت بە هیچ شێوەیەک پلەوپایە و دەسەڵاتیان پێبدرێت، لە هەمانکاتدا نەژاد و ڕەچەڵەکیش، چونکە ئەگەر سەروەت و سامان و نەژادە باڵاکان بە شایستەی ئەوە بزانرێن، کە پلەوپایەی دەستەڵاتیان پێ ببەخشرێت، ئەوا حوکمڕانی کەسە دەوڵەمەندەکانی تر لەبەر هەمان هۆ، کە کەسە دەوڵەمەندەکان حوکمڕانی خۆیان ئاراستەی زۆرینەی خەڵکی دەکەن بکات، بە هەمانشێوە، ئەوانەی کە نەژادیان لە هەموو خەڵکێکی ئەو وڵاتە باڵاترە، بە هۆی ئەوەی لە کەسانێکی مەزن هاتوونەتە بوون، دەبێت بانگەشەی حوکمڕانی بەسەر کەسانی ترەوە بکەن.

دیدی ئەریستۆ بۆ کۆمەڵگا و بابەتی تاکڕەوێتی مرۆڤ دەردەکەوێتەوە، هەر بۆیە دروشمەکەی ئەو ئەوە بوو، دەیگوت: (مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە)، بە بڕوای ئەو بەبێ کۆمەڵگای چوادەورمان مرۆڤێکی ناتەواو دەبین، خێزان و لادێ پێداویستی ژیانمان دابین دەکەن، بۆنموونە: خۆراک و گەرمی و هاوسەرگیری، بەڵام تەنها دەوڵەت دەتوانێت بەرزترین فۆڕمی پێکەوەبوونی مرۆییانە پڕ بکاتەوە.

ئەریستۆ زۆر بە سادەیی دەڵێ: مرۆڤ بە کۆمەڵە کەسێک دەوترێت کە خاوەنی پاکایەتی و مەزنی و بەختەوەری بن، واتا مرۆڤ بێجگە لە بیرکردنەوە، کۆمەڵێک ئاتۆی لە ژیاندا هەبێت، نموونە دێنێتەوە و پێیوایە، بە ختەوەری بەبێ سامان و هاوڕێی باش و زۆری منداڵی باشن، ئارامی و جوانی و ڕەگەزی ڕەسەن بۆ مرۆڤ بوونی نییە، خۆشبەختی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە بەکارخستن و بەکارهێنانی لایەنی چاکە، هەڵبەتە بەشێوەیەکی ڕەهایی، ڕەهاش بە واتای ئەو کارانەیە، کە بەهادار و پایە بڵندن، ئینجا باس لەوە دەکات، مرۆڤ چۆن دەبێتە کەسێکی چاکەکار، ئەو دەڵێت: چاکەکاری لە سێ شتدا خۆی دەبنێتەوە، ئەوانیش: (خوو- نەریت - ژیری)، چونکە دەبێت مرۆڤ لە سروشتێکدا لە دایک بێت، کە شایستەی مرۆڤ بێت، نەک ئاژەڵ، دەبێت جەستە و ڕۆحی هەڵگری ئەو جۆرە تایبەتمەندییانە بێت، کە ئەو لە کاری چاکەکاریدا بە تواناتر دەکات، بەڵام هەندێک تایبەتمەندی هەیە لە کاتی لە دایکبووندا هیچ سوودێک ناگەیەنێت، چونکە خوونەریتەکان لە دوایدا گۆڕانکارییان بەسەرا دێنێت، ئا لێرەدا ئەو دیسانەوە جەخت لەسەر سروشت دەکاتەوەو دەڵێت: سروشت هەندێک لە تایبەتمەندیەکانی (جەستە و ڕۆح)ی مرۆڤ بەشێوەیەک پێکدەهێنێت، کە بە هۆی خوونەریتەکانەوە، گۆڕانکارییەکی باشتر یان خراپتریان بەسەردا دێت، بەکورتی: ئەریستۆ باوەڕی وایە، کە نەتەنیا ئاژەڵەکان، بەڵکو زۆرینەی مرۆڤەکان، وەک ئامێر و کەرەستە وان، کە دەبێ پێداویستییە کەسایەتییەکان، جێبەجی بکەن، لەبەرئەوەی ئەوان بە بەختەوەری ناگەن، دەرئەنجام کۆی ئەم قسانەی ئەوەیە، کە ژنان و کۆیلەکان و کرێکارەکان ئامێرە یارمەتیەدەرەکانن بۆ بەختەوەرکردنی ئەوانی دی، چونکە ئەریستۆ جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئافرەت و کۆیلەکان بخرێنە خزمەتی زانایان و فەیلەسوفانەوە، تا بتوانن

کۆمەڵگایەکی تەندروست بەڕێوە ببەن، پاشان دەیگوت: ژن بوونەوەرێکی نزم و سەقەت و بێ توانایە، دەبێ ئەرکی جووتبوون لەگەڵ پیاو و منداڵبوون لە ئەستۆ بگرێت، هەر ژنێک بەرانبەر بە پیاوێکی لە پیاوەتی کەوتویە، کەوایە سەقەتە، پیاو بۆیە پیاوە، چونکە کۆمەڵێک توانای هەیە لەژندا نییە.

ڕوانینی ئەو سەبارە بە ئافرەت لەو بڕوایە دایە، کە ئافرەت (ناق×) بێت، لای ئەو ئافرەت پیاوی ناتەواوە، چونکە لە کاتی زاوزێدا ناچالاک و وەرگرە، بەڵام پیاو چالاک و بەخشندەیە، بە مانایەکی تر، ژن و مێرد لە ڕێگای خستنی تواناکانیانەوە یارمەتی یەکتر دەدەن، لە ڕاستیدا ژن یارمەتیدراوە و پیاو یارمەتیدەرە، ئەو بۆچوونی وایە، منداڵ تەنها خاسییەتی پیاوی بۆ دەمێنێتەوە، ژنیش ئەگەر توانای ئەوەیان نەبوو جووت ببن و منداڵیان نەبێت، ئەوا بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بە ڕای ئەو تەواوی هەموو سیفاتێکی منداڵ لە تۆوی پیاودایە، ئافرەتیش وەکو کێڵگەکان وایە، تۆو وەردەگرێت و دەبێتە هەڵگرێک لەکاتێکدا پیاو کەسە «تۆوڕێژەکەیە»، ئەمەش دوو شتمان نیشان دەدات: یەکەمیان ئەریستۆ هیچ جۆرە زانیارییەکی فراوانی دەربارەی ژیانی ئافرەت و منداڵ نەبووە. دووەمیش، پێماندەڵێت: چەند ترسناکە پیاو تاقانەی بواری فەلسەفە و زانست بێت.

* سەرچاوەکان:

١. ئەریستۆ: سیاسەت، و:عیمران هاواری، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما،٢٠١١ ، چاپی دووەم.

٢. یۆستاین گاردەر: جیهانی سۆفیا (ڕۆمانێک سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە)، و: بەهرۆز حەسەن، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٢، چاپی سێهەم.

٣. ماڵپەڕی (خەبات نێت) بەم لینەکە :

http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=١٦٧٠٥&z=٢٩&١=١

سارتەر و پارادۆکسەکانی

ئەبوبەکر جاف

لە بارەی وڕێنەکانی پیاوێکی نەخۆشەوە.

(ژیوپیتی : ئازادی ئەگەر لە رۆحی ئینساندا تەقییقەوە، خوداکان ناتوانن هیچ شتێک دژی ئەم ئینسانە بنوێنن، پێویستە لە سەر مرۆڤەکانی تر وازی لێبێنن، بڕواوبێت، یا بیخنکێنن).
les mouchesjean paul Sartre

ناهەق نین تا ئەویٚ برۆین بۆ وتن: کۆی سیستەمی گوتاری نووسینی فکریی (سارتەر)، مانێڤستبوون و دەرخستنی شێوازێک لە هەڵشاخان و هەڵزنان و یاخیبوون بوو دژ بە گوتاری (میتافیزیکی- تیۆلۆژیدا). ئەو مانێڤستبوونی گووتارێکی ئەتەیزمی و ئیلحادیانەی پر(کینە و رق) بوو، پرۆبلێماتیک و ئیشکالە گەورەکەی (ژان پۆل سارتەر)، پرسی نێوان (بوون و ماهییەت) بوو ئەمە چەندێک بۆ نووسینی (بوون و نەبوونەکەی راستە . بۆ (رەخنە لە عەقڵی دیالیکتیکی و شانۆنامەکانی لە (هێڵنج و دەستە پیسەکان و مێش و مەگەزەکانیش .) راستە،

تا ئاستێک رقی لەو میراتە (فەلسەفی-تیۆلۆژی) بەشەرییە گەورەبوو، دەقاودەق ئینسانی بە هەموو ئیشکالیەت و ئاستەنگ و رەهەندەکانییەوە لە جێگەی (خودا) دانا. سارتەر بەدەر لە تێڕامانە فکرییەکانی، ئەو پیاوی کردە و بەرگریکردن بوو، لەو بەهایانەی لە ئاستی واقیعدا باوەری پێی هەبوو، سارتەر، دەکرێت بڵێین وێنەیەکی ساختە و تێکدراوی (کییەرکیگارد و هایدگەر و گابریل مرسیل و کارل یاسپیرز)ە.

واتە وجودییەک کە لای ئەم پیاوە تەنها سەبجێکتیڤییەکی رووت و قوتە. بە مانای دابڕاندنی رەهەندێکی ترانسدینتاڵی ئینسان و پەیوەستکردنی بە (بوونێکەوە)، کە خودی خۆی (ئینسان) دروستکەر و داهێنەرێتی. ئەمە ئەگەر لای هایدگەریش ریشەیەکی (ئۆنتۆلۆژیانەی)هەبێت، ئەوا ناچنەوە سەر هەمان (بانە)یەک کە وێکی بهێنێتەوە لە گەڵ(سارتەردا). وەک چۆن فەیلەسوفی (دازاین) لە کتێبی (نامەیەک لە بارەی مرۆڤخوازییەوە)، بە ئاشکرا باس لەو دەکات سارتەر تەنهاو تەنها لە (ئەو، هایدگەر) نەگەیشتووە. ناوەکانی دیکە جگە لە (سارتەر) دەچنەوە سەر میراتی تیۆلۆژی فەلسەفی مەسیحییەت، لە دەرگیربوونیان لەگەڵ ئینسان وەک (ماهییەتێکی پێش وجود)ی. ئەم قسەیەک برێکی زۆر بەرانبەر هایدگەریش هەر راستە. لە ساتی قسەکردنی لەسەر (میتافیزیکایەک کە دژی بوو بەڵام لە هەمانکاتدا بە هێڵێکی (خوازراو یا نەخوازراو) بەرهەمی هێنایەوە و زیاتر لە سۆفییەک دەچوو)!



قسەکردنی سارتەر لە سەر (نا وێکهاتنەوەیەک،non-coincidence)) کە لە خۆیدا دەرئەنجامی راستەوخۆی رەتکردنەوەی پێشینەیی جەوهەر و ماهییەتە لە سەر بوون.. primat de l essence sur l existence. لێرەوە وجودی بوونی سارتەر، لە لایەکەوە رەتی تەحدید و سنوربەنکردنی (سروشتێکی ئینسانی پێشینەیی) دەکات لە سەر ئەکتەکانی مرۆڤ. وەک چۆن لە لایەکی دیکەوە، رەدی دونیایەک دەکات کە هەڵگری (بەهای موتەعالی de valeurs transcendantes)بێت. کە بە هۆیەوە حوکم لە سەر ئەکتی ئینسانی و رەوایەتی ئەکتی ئینسانی بدرێت. کەواتە مرۆڤ دێتە بوون کاتێک ئەو مانایە وەردەگرێت و لە شوێنێکدا خۆی دەدۆزێتەوە لە ناو خودگەراییەکدا وەک پرۆژەیەکی دیاریکراو، کە هیچ شتێک جەبریەتی بەسەرییەوە نییە جگە لە (ئەکت و هەڵبژاردنەکانی خۆی نەبێت. وەک چۆن بە شێوەیەک باس لە هەلومەرجێکی ورد و دەقیقی (les condition stricte) ئینسانی دەکات، کە تێیدا ئازادی مرۆڤ (پەیپێبرا: شایستەی پەیپێبردنە» و مەعقولە، concevable). ئەوەی لێرەدا و بە لای ئێمەوە گرنگە، ئەو ئازادییە کە سارتەر باسی دەکات. سارتەر وا ئیشکالیەتی (ئازادی) وەردەگرێت، کە دەبێت بە سەلب و نەفی وەریبگرین. ئەم بە نەفی وەرگرتنەی ئازادی. دەبیات بۆ ئەوێیەک، کە ئازادی بە فۆرمێک لە فۆرمەکانی (نەفی وەربگرێت). سارتەر، پنتی کارکردنی لە سەر ئازادی، تەنها کایەیەکی تێڕامانی تیۆری نەبوو، بەڵکە پنتی ژیانی رۆژانەش ، کایەی کارلەسەرکردنی بوو، ئەمەش ئیزافەیەکی دیکەی سارتەریانەیە، بەرانبەر ئیشکالیەتی (ئازادی)، بە بەراورد بە کەسانی پێش و دوای سارتەر. هەر لێرەوە دەرگیربوونی سارتەرمان لە گەڵ چینی پرۆلیتاریادا، لە خەباتی پرۆلیتاریدا، لە پراکسسیدا بۆ دەردەکەوێت، لێرەدا پێویستە ئیشارەیەک بەو بکەین، کە سارتەر جیاوازی لە نێوان مارکسیزمی مارکسدا دەکات، کە بوار رەخساندنە بۆ ئینسان لە هەلومەرجی (کۆمەڵایەتی- مێژوویی)دا و لە نێوان مرکسییسزمی مارکسییەکاندا، بە تایبەت لە وێنەی (ستالین) کە تەنها هەلومەرجە (مێژووی- کۆمەڵایەتییەکان) وەک فاکتەری سەرەکی شۆڕشرکردن تەماشا دەکەن. ئا لێرەوە لەوە دەگەین کە ئامانج لە گەڕان و توێژینەوەی سارتەر تەنها گەیشتن نەبوو بە تێگەیشتنێکی (تیۆری) رووت. بەڵکە هەوڵی تێگەیشتنیش بوو بۆ تێگەیشتنێکی (پراکسیسیانەی) ئەکتی ئازادی. وا لە ئازادی گەیشتبوو کە کە ماهیەتی نییە، ئازادی خۆی خۆی دەکات بێ کردار، هەر لەو رێگەوە بە دەستی دێنیت کە کردەکە لە گەڵ هۆکار و پاڵنەر و ئامانجەکانی کردەی ئازادیدا هەڵگریەتی.

سارتەر، پنتی کارکردنی لە سەر ئازادی، تەنها کایەیەکی تێرامانی تیۆری نەبوو، بەڵکە پنتی ژیانی رۆژانەش، کایەی کارلەسەرکردنی بوو، ئەمەش ئیزافەیەکی دیکەی سارتەریانەیە، بەرانبەر ئیشکالیەتی (ئازادی)

ئازادی لای سارتەر ماهییەتی نییە، تەنانەت بنەڕەتی سەرجەم ئەو ماهییەتانەیە کە ئینسان کەشفی دەکات. ئینسان لای سارتەر تەنها ئازاد نییە، بەڵکە خودی ئازادییە. لە بیرمان نەچێت بۆ ئازادبوونی ئینسان، سارتەر ناچارە باس لە وشیاری بکات، وشیاری لای سارتەر (کارابوون)ە کارابوونێکی نەفیگەرایانە و سەلبیانە کە بتوانێت بڵێت (نا). ئەم توانایەی وتنی (نا)یە لای سارتەر، تەنها لە (بە پرسهێنان و وێرانکردن و حوکمدانی سەلبیدا نییە)، بەڵکە لە سەرجەم کردە مەعریفییەکاندایە. ئازادی سارتەریانە، نەفییە، چونکە لە سەر عەدەم وەستاوە. ئازادی سارتەری لە سەر نەفیکردن و وتنی (نا) وەستاوە. سارتەر بڕێکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ لە (ئازادیدا) دەکات. بە روویەکدا کە (ئازادی) بەهایە، بە روویەکدا کە ئازادی کردە و ئەکتە، بە روویەک کە سروشتمانە، لە جێگەیەکدا رەهایە و لە جێگەیەکی دیکەدا، بەربەستکراو بەستراوەیە، ئەمەش بڕێکی زۆر گەڕانەوەی ئازادییە لای سارتەر بۆ رەگەزە سروشتییەکەی، لە بری سروشتە سۆسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکەی. لای سارتەر (ئینسان ناتوانێت هەندێک کات ئازاد بێت و هەندی کاتی دیکە کۆیلە، یا ئازادە بۆ ئەبەد. یا ئازاد نییە بە رەهایی). گەورەترین هەڵەی سارتەر رووتکردنەوەی ئینسان و پێشنیازخستنی ئازادی ئینسانییە بە (رەهایی). ئینسان ملکەچی و دەورگیراوە بە کۆمەڵێک شتی سروشتی کە لە سەر کۆمەڵێک یاسای تایبەت بەخۆی دەروات! ئەگەر ئینسان وەڵامدانەوەیەکی (بە ئاگا و بێئاگای) هەبێت بۆ ئەم یاسایانە کۆیلەیە؟! سارتەر تێکەڵەیەک لە نێوان (ناچاری و ملکەچپێکردن)دا دەکات. ئازادی بەرانبەر ملکەچییە نەک ناچارییەکان! ئەمە جگە لە کۆمەڵێک پارادۆکسی تز: ئەگەر شت بۆ خۆی (pour soi) عەدەم بێت و ئەمەش ئازادییە؟! (ئازادی لە بنەڕەتدا لە گەڵ عەدەمدا وێکدێتەوە! عەدەمێک کە دڵی ئینسانە!). ئەی چۆن شیاوە بۆ عەدەمێک کە (هیچ)ە ببێتە شت؟! ببێتە کردە؟! کردەی (ئازادی) ئەمە یاریکردنە بە زمانێک کە پڕە لە پارادۆکسی (ئیپستیمی- سۆسیۆلۆژی).

ئینسان لای سارتەر تەنها ئازاد نییە، بەڵکە خودی ئازادییە. لە بیرمان نەچێت بۆ ئازادبوونی ئینسان، سارتەر ناچارە باس لە وشیاری بکات، وشیاری لای سارتەر (کارابوون)ە کارابوونێکی نەفیگەرایانە و سەلبیانە کە بتوانێت بڵێت (نا).

سارتەر کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە ، کاتێک (ئازادی) یەکسان دەکاتەوە بە (عەبەس و پووچی). ئەمەش لەوێوە کە ئازادی خۆی، خۆی دروست دەکات نەک بنەمایەک بێت بۆ خۆی! هەڵبژاردن بێهودەیی و پووچییە. ئەمەش چونکە ئازادی (هەڵبژاردنی کەینوونە و بوونە، نەک بنەمایەک بۆ بوون؟!) سارتەر ئینسانێکی دەوێت کە خۆی (بوونی) خۆی درووست بکات. ئەمەش دەیەوێت ماهییەتێک دروست بکات لە واقیعی بوونیدا هەبێت. ئەگەر ئێمە ناچاربین بەم دراوە؟ ئەی چۆن ئازادی (نەک بوون) ئامانجە! لوژیکی سارتەری ئەوەیە پێویستە (ئازادی) ئامرازی تەحقیقکردنی (بوون) ئینسان و چارەنووسی بێت. بەڵام سارتەر (یەکێتییەک) لە نێوان ئازادی و ئامانجدا دروست دەکات، کاتێک ئازادی وێکدێتەوە لەگەڵ بوونمدا، ئەوا بنەمای سەرجەم ئەو ئامانجانەیە کە دەمەوێت پێی بگەم، جا ئەمە بە ئیرادە بێت، یا بە سۆز) کاتێک وشیاری لای سارتەر ئەو کۆجیتۆیە کە پێش تێرامان دەکەوێت! و ئازادیش ئەم وشیارییەیە. کەواتە ئازادی ئەو کۆجیتۆیە کە پێش تێڕامان دەکەوێت! ئەمەش پڕۆسەیەکی (خۆبەخۆیی و تیلقاییە، لە هەمانکاتدا ئامانجە. ئامانجی ئامانجەکانە. بەدبەختتیەکەی سارتەر (تێکەڵکردنی پرۆسەی خۆبەخۆی، تیلقایی سروشتی و ئازادی مۆراڵییە! ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم تیلقاییە (نەرێیە)؟! کاتێک کە دەڵێین (نەخێر) لە راستیدا مەبەستمانە بڵێین بەڵێ. بەڵام سارتەر لە باسکردنی ئەم (نەخێر و نا)یەدا ئەوەی لە بیرکردووە کە (بەڵێیەکی ناواخنی هەیە!) ئازادی لای سارتەر لە غەریزەیەکی سروشتی دەچێت لە ئینساندا! ئەگەر سارتەر نەفی ئەوە دەکات کە (سروشتێکی نەگۆڕی ئینسانی هەبێت! ئەوا (ئازادی کردووە بە سروشتێکی نەگۆری ئینسان!) ئەم ئازادییەش خزمەت بە هیچ بەهایەک ناکات، بەڵکە خۆی بەها باڵاکەیە. ئەی ئەگەر ئینسان مەحکوم بێت بە ئازادی. مەحکومە لە بەر ئەوەی خۆی خۆی دروستنەکردووە. بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا ئازادە. ئەگەر سارتەر نەفی (جەبرییەت) ئەکات.. بەلاچم جەبرییەت درووستئەکاتەوە لە ڕێگەی (نەفیکردنەوە). « هیچ جەبرێک نییە.. ئینسان ئازادە. ئینسان ئازادییە! هیچ مەرز و سنوورێک بۆ ئازادی نییە. جگە لە ئازادی خۆی نەبێت.

سارتەر؛ (بوونەوەرێکە لە پارادۆکس!). سارتەر باس لە کۆمەڵێک (بەربەست) دەکات (شوێن، رابردوو، دەورووبەر، ئەویتر، مەرگ) بەڵام سارتەر وای دەبینێت کە ئەمانە لە خۆیاندا بەربەست نین، ئەگەر لە لاوازترین ئیماندا باوەڕمان هێنا کە ئەمانە (بەربەستی نین!) یا بەربەستی فیزیکین

سارتەر لە بوون و عەدەمدا. نەفی ئەوە دەکات پێناسەیەک بۆ ئازادی هەبێت..! ئەگەرچیخۆی پێناسەی دەکات. ئا لێرەوە قسەکردنی سارتەر لە سەر ناچاری بوون بە ئازادی. گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی ماهییەت، کە بە هەموو وزە و توانایەکی لە ژیانیدا دەیویست لێی را بکات! ئازادی لای سارتەر ئەگەر راکردن نەبێت بۆ (عەدەم) راکردنە بۆ ئەکت و کردە و نواندن؛ ئەی ئەک کردەیە چییە؟ گۆڕینی دونیایە بە پێی ئامانجێک. ئامانجەکەش (عەدەم بێت). لای سارتەر کردە رێکخستنی جیهان بێت بە ئاڕاستەی (ئازادی)! ئەگەر (ئازادیش، خۆبەخۆیی تیلقایی و ئازادی بێت! کردە و ئەکتیش رێکخستنێکی تیلقایانەی دونیا بێت. رێکخستن و تیلقایی. کەواتە سارتەر؛ (بوونەوەرێکە لە پارادۆکس!). سارتەر باس لە کۆمەڵێک (بەربەست) دەکات (شوێن، رابردوو، دەورووبەر، ئەویتر، مەرگ) بەڵام سارتەر وای دەبینێت کە ئەمانە لە خۆیاندا بەربەست نین، ئەگەر لە لاوازترین ئیماندا باوەڕمان هێنا کە ئەمانە (بەربەستی نین!) یا بەربەستی فیزیکین. ئەی سارتەر ئەم ئینسانە رووت و قووتەی لە کوێوە هێنا، ئەی ئەم پەیامبەری (ئازادیی)ە بۆچی بونیادە (سۆسیۆلۆژی- ئابووری- سیاسی- جوگرافی- سایکۆلۆژی)کانی لە یادکرد؟! بە هەرحاڵ سارتەر جۆرێک لە ئازادی پێشکەش بە ئینسان دەکات کە دیکارت تەنها بە خودای بەخشیبوو!

وەرگێڕان

Översättning

Oversættelse תרגום

ترجمة

Traducción

Translation

תרגום وەرگێڕان ترجمة Übersetzung

Μετάφραση

翻訳

Translation

Traducción

Перевод

وەرگێڕان

Μετάφραση

ترجمة

Çeviri

Oversættelse

תרגום Översättning

وەرگێڕان

Μετάφραση

Translation

Oversættelse

Übersetzung

Çeviri 翻訳

Перевод

Übersetzung

翻訳

Översättning

Traducción

ترجمة

Перевод

תרגום

ترجمة

Μετάφραση

وەرگێڕان

Translation

Übersetzung

Çeviri

Traducción

پێویستی و گرینگی کاری وەرگێڕان وامان لێدەکان
کە بەردەوام لەهەوڵی قسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم
پڕۆسەیە بین. ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە جیهان
دەناسین و جیهان دەمانناسێ. لە ئێستادا وەرگێڕانی
بابەتە ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان پشکی
شێریان بەرکەوتووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕێژەی
چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبە وەرگێڕدراوەکان ڕوو
لە زیاد بوونە. پڕۆسەی وەرگێڕان بۆ کوردی و بە
پێچەوانەشەوە خۆی لە زمانێک یان دووان قەتیس
نەکردووە. لە ئێستا پڕۆسەی وەرگێڕان بۆ کوردی لە
زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان دەبیندرێ.
ئێمە لە گۆڤاری (٢٣)وە تەوەرێکی تایبەت بە وەرگێڕانمان
کردووەتەوە و دەمانەوێ کۆمەڵێک لەو وەرگێڕە دیار و
بە بەرهەمانەی کە لە زمانە جیاجیاکانەوە وەردەگێڕن،
لە چەند پرسێکی تایبەت بە وەرگێڕان بدوێنین و لەو
ڕێگەیەوە بگەینە دەستیشانکردنی ئاستی ئەم پڕۆسەیە
و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کردەی وەرگێڕان بخەینەڕوو.

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ:

نەبوونی وەرگێرانی بە گروپ یان دەستەجەمعی یان بە کۆمەڵ خاڵێکی لاوازە بەتەوێڵی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لە کوردستان

گۆڤاری ٢٣: بەو پێیەی کە هەموو دەستەواژەیەک پێناس و ناسینی خۆی هەیە، چۆن پێناسەی وەرگێڕان بکەین؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: چەمکی وەرگێڕان وەک هەر چەمکێکی تر کەوتۆتە بەردەم گەلێ پێناسەی جیاجیاوە. هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ پێویستی بە وەرگێڕان هەبووە و دەستی بۆ بردووە و هەوڵیداوە بیناسێت و پێناسەی بکات. سەرەتا ئەو ئارگیومێنتەی لەسەر ئەوەی ئایا وەرگێڕان زانستە یان هونەرە گەلێ بیرمەند و ناوەندی ڕۆشنبیری هێناوەتە قسە. هەندێک وەرگێران بەهونەر دەزانن . هەندێکیتر بەزانست و هەشە بەهونەر و زانستی ناو دەبات. وەرگێران ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییە لە میانی گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. ئەم هونەرە ئەرکی گواستنەوەی مانای دەق لە زمانی لێوەرگێڕدراو بۆ مانای دەق لەزمانی بۆوەرگێڕدراوی لەسەرشانە. ئەوە ئاشکرایە زمانی لێوەرگێڕدراو سەرچاوەی خوڵقاندنی دەقە تازەکەیە. کەواتە دروستکردنی هاوبەهایی مانا لەنێوان دەق لە زمانی لێوەرگێڕدراو و دەق لە زمانی بۆوەرگێڕدراو دەتوانین ناوبنێین وەرگێڕان. ئەوەی پێشتر دەگووترا وەرگێران بریتییە لە گۆڕینی بابەت یان دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان ئەوەی دەگووترێت وەرگێران بریتییە لە گواستنەوەی مانا و تێگەیشتنی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەتوانن بەشێک بن لەو پێناسە هەمەلایەن و گشتیگیرییەی بۆ هونەری وەرگێران دەکرێت. ئاشکرایە پرۆسەی وەرگێران وەک بنیادنانی پردێک وایە لەنێوان دوو زمانی جیاوازدا و لەسەر ئەو پردەوە لەشکرێک لە مانا و دەلالەت و ئاماژە خەریکی پەڕینەوەن. دەتوانین گواستنەوەی مەعریفە و دانانەوەی کۆدەکانی دەق لەنێو کایەی زمان لەپرۆسەی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوودا ببینین. بێجگە لەمانەش خودی وەرگێران هەم پرۆسەیە و هەم پراکتیکە و هەم شارەزاییە. دەکرێت وەرگێران لەبونیادی خۆیدا وتووێژی مانا بێت. بۆیە ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو وتانەی سەرەوە پێناسەی وەرگێران بکەم دەبێت بڵێم وەرگێران پرۆسەیەکە تیایدا کۆمەڵێ کۆد و مانای مەعریفیی دەقێکی دیاریکراوی زمان و کەلتوورێکی دیاریکراو دەگۆڕێ یان دەیگوازێتەوە بۆ هەمان مانای مەعریفیی و دانانەوەی هەمان کۆد لە دەقێکی تر و زمان و کلتوورێکی تر.

دەتوانین گواستنەوەی مەعریفە و دانانەوەی کۆدەکانی دەق لەنێو کایەی زمان لەپرۆسەی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوودا ببینین. بێجگە لەمانەش خودی وەرگێران هەم پرۆسەیە و هەم پراکتیکە و هەم شارەزاییە. دەکرێت وەرگێران لەبونیادی خۆیدا وتووێژی مانا بێت

گۆڤاری ٢٣: ئەو پرەنسیپ و تایبەتمەندیانە چین کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبێ کاریان لەسەر بکا؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: وەرگێر کاتێک ئیش لەسەر تێکستێک دەکات بەمانای لەهەوڵی دارشتنەوەی دەقێکی نوێیە کە هەڵگری هەمان مانا و هێما و ئاماژەی دەقە ئەسڵییەکەیە. واتە وەرگێر دەبێت هەوڵبدات وێنەیەکی دروست و نزیک لە دەقە ئەسڵییەکە بدات بەدەستەوە و زیندوویەتی دەقەکە نەفەوتێنێت و وردبینییەکی زۆر لەزمان و ڕەوانی و پاراوی بنوێنێت. وەرگێر یان وەرگێڕکار دەبێت بە بەرپرسیارەتییەوە مامڵە لەگەڵ دەق و زماندا بکات تا لە جوانی و پاراوی و سەرکەوتن نزیک ببێتەوە. ئەرکی وەرگێرە هەوڵبدات ئەو پانتاییە لە میتافۆر و پەند و ئیدیۆم و وشە بازاڕییانە لەدەقدا بناسێتەوە و هاومانایی لەزمانی بۆوەرگێردراوی بۆ ئامادە بکات. چونکە یەکێک لەو زەحمەتییانەی دێتە ڕێی وەرگێر بریتییە لە گرفتی زاراوەناسی.

وەرگێر دەبێت بەجوانی لەدەقی زمانی لێوەوەرگێردراو تێبگات و مانای پەیامی دەقەکەی لا ڕوون بێت.

وەرگێڕ دەبێت شارەزایی ئەو بابەتەش بێت کە وەریدەگێڕێ.

وەرگێر دەبێت نووسەرەکە بناسێت و ئاگاداری نووسەرەکە و شێوازی نووسینی بێت.

وەرگێر دەبێت ستراکتۆری دەقەکە بناسێت و هەوڵ بدات لەمیانی پرۆسەی وەرگێراندا ئەو ستراکتۆرە لەزمانی بۆوەرگێردراو بینا بکاتەوە و نەهێڵێت ساختمانی دەق دووچاری شێواندن و بەسەریەکدا ڕووخان ببێتەوە.

وەرگێر دەبێت شێواز و تەکنیکی گونجاو لەزمانی بۆ وەرگێردراو بدۆزێتەوە کە ڕێک بەباڵای تەکنیک و شێوازی دەق بێت لەزمانی لێوەوەرگێردراو.

وەرگێڕ دەبێت خاوەن زەمینەیەکی مەعریفی باش بێت جگە لە عەشق و پەرۆشی و مومارەسە کردن کە ڕۆڵێکی بەرچاو وکاریگەریان هەیە لە بەخشینی ناسنامە بە وەرگێری سەرکەوتوو.

وەرگێر دەبێت لە ئامرازەکانی زمان و کردنەوە و ناسینی کۆدەکان و دووبارە بنیاتنانەوەیان شارەزا بێت و دەست ڕەنگین بێت.

وەرگێر دەبێت مۆرک و ناسنامەی زمانی بۆ وەرگێردراو لە دەقی تازەدا بەرجەستە بکاتەوە لەپێناو گەیشتن و هەڵگژان بەپەیژەی سەرکەوتن.

بەم پێیە گەر وەرگێر بەم ئامرازانەوە دەست بەکار بێت، ئەوا بێ دوودڵی وەرگێڕانێکی پەسند و جوانمان پێشکەش دەکات.

ئەركی وەرگێرە هەوڵبدات ئەو پانتاییە لە میتافۆر و پەند و ئیدیۆم و وشە بازاڕییانە لەدەقدا بناسێتەوە و هاومانایی لەزمانی بۆوەرگێردراوی بۆ ئامادە بكات. چونكە یەكێك لەو زەحمەتییانەی دێتە ڕێی وەرگێر بریتییە لە گرفتی زاراوەناسی

گۆڤاری ٢٣: دەتوانین بنەماكانی وەرگێڕان بە شێوەیەكی گشتی بەكاربهێندرێت؟ بە جۆرێكی تر دەكرێ پرەنسیپەكانی وەرگێڕانی تێكستێكی هزری بۆ وەرگێڕانی دەقێكی شیعری بەكاربهێنین؟
عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: من وای دەبینم وەرگێر ئەو هەنگاوانە دەگرێتە بەر كە بۆ وەرگێرانی دەقێك پێویستن. دیارە شێواز و جۆری هەنگاوەكان ڕەنگە لای وەرگێڕكاران هەموو وەكو یەك نەبن، بەڵام بۆ وەرگێڕی جیدی هەمیشە دەست بەو بنەمایانەوە دەگرێت كە لە پرۆسەی وەرگێراندا پشتیان پێدەبەستێت. بەرجەستەكردنەوەی ئەو میتۆدەی كە دەبێت بنەماكانی وەرگێران لەپرۆسەی وەرگێراندا بەكار بهێنرێن یان بەدەستەوە بگیرێن جا دەقەكە هەر چییەك بێت، دەبێتە خاڵی ناسینەوەی جەوهەری وەرگێڕان و ئایدێندتی بۆ دەقی نوێ و وەرگێر. بەڵام ئەوەی لێرەدا جیاكارییەك دەخولقێنێت خەیاڵە. لە دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی دەقی شیعری خەیاڵ ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە ناساندنی پەیام و مانا و ئاماژەكان. بۆیە لەسەر وەرگێر پێویستە شارەزایی باشی لەو بوارەدا هەبێت. من لێرە نامەوێت مەرجی شاعیر بوون بۆ وەرگێرانی دەقێكی شیعری بكەمە پێشمەرج، بەڵام دەبێت ئەو مەعریفە و شارەزاییە لە سەر خەیاڵ و هارمۆنیای ناوەوەی شیعر و زمان لەئاستێكدا بێت بتوانێت خۆی لەقەرەی شیعر بدات. لە دەقێكی هزریدا وەرگێر تەنها و تەنها مانا و ئاماژەكانی بۆ گرنگە. بەڵام لەدەقی خەیاڵئامێزدا ئیتر ئەركەكە قورستر دەبێتەوە و بەرپرسیاریەتەكەش فراوانتر. نەبوونی ئەو شارەزاییە پێوستە لە خەیاڵ و هارمۆنیای مۆسیقا و زمان لەپرۆسەی وەرگێراندا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی كە دەقە ئەدەبییەكە وەك ڕۆبەرت فرۆستی شاعیر دەڵێت» لەنێو بچێت».

له دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی دەقی شیعری خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندنی پەیام و مانا و ئاماژەکان. بۆیە لەسەر وەرگێر پێویستە شارەزایی باشی لەو بوارەدا هەبێت. من لێرە نامەوێت مەرجی شاعیر بوون بۆ وەرگێرانی دەقێکی شیعری بکەمە پێشمەرج، بەڵام دەبێت ئەو مەعریفە و شارەزاییە لە سەر خەیاڵ و هارمۆنیای ناوەوەی شیعر و زمان لەئاستێکدا بێت بتوانێت خۆی لەقەرەی شیعر بدات

گۆڤاری ٢٣: ئایا ئامانجی وەرگێڕان گەیاندنی مانای دەقە یاخود گواستنەوەی کولتوور، یان هەردووکیان بەیەکەوە. بە واتایەکی تر ئەرکی وەرگێڕان وەک کردەیەک چییە؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: من پێشتر لەوەڵامی پرسیارێکدا ڕوونم کردەوە کە وەرگێران بریتییە لەگواستنەوەی مانا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. لەم دیدگایەوە پرۆسەی وەرگێڕان زیاتر لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی مانا دایە. ئەم ئاستە لە وەرگێران ئەگەر چی تا ڕادەیەک جێی پەسندە بەڵام کۆمەڵێ پرسیار بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە چەشنی دەق ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ژیان و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، ئایا ئەو دەقە چ ئاستێکمان لەژیان نیشان دەدات؟ بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، چ جێگایەکیان هەیە لەو دەقەدا؟ گەشە و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، مۆراڵ و زمان وەک ڕەگەزێکی کاریگەری جیهانی کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگە چ ڕۆڵێکیان هەبووە وهەیە لە نەخشاندنی دەق و جوانی و ئیستاتیکای دەق؟ بۆیە وەرگێر کە لە دەقێک ورد دەبێتەوە و دەیەوێت وەریبگێرێت، ئەوا لە کەلتوورێک و ئینسکلۆپیدیاییەک وردبۆتەوە. بۆیە بەبڕوای من وەرگێران جگە لە گەیاندنی مانای دەق لەهەمان کاتدا گەیاندن و لێکگرێدانی دوو کەلتوور و دوو ئینسکلۆپیدیان جیاوازیشە. بۆیە من وای دەبینم کە ئەرکی وەرگێڕان وەک کردەیەک بریتی بێت لە بەیەک گەیاندنی دوو شارستانی جیاواز لەپێناو گەیشتن بەو دەستکەوتە هزرییە مرۆییەی کە بە یەکێک لەئامانجە مرۆییەکان ئەژمارد دەکرێت.

گۆڤاری ٢٣: ئەو خاڵە لاوازانە چین کە لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبینرێن، کاتێک ئەو تێکستە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێت و بەڵکو بە فلتەری زیاتر لە زمانێکدا رۆیشتووە؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: لە پرۆسەی وەرگێڕاندا کاتێک وەرگێر بەهرەمەند نەبێت لە پێداویستییەکانی وەرگێران لە ڕووی شارەزایی و زمان و مەعریفە و لەبەردەستدا بوونی ئامرازەکانی وەرگێڕان، ئەوە لە ئاکامدا خوێنەر ڕووبەڕووی دەقێکی تازە بەڵام لاواز و ناکاریگەر دەکاتەوە. خوێنەری زیرەک و تیژبین هەر زوو وەرگێڕانی باش لەخراپ جیا دەکاتەوە. یەکێک لەو خاڵە لاوازانە مەسەلەی داڕشتن و ڕستەسازییە لەزمانی بۆ وەرگێڕدراو. وەختێ وەرگێر نەتوانێت ماناکانی دەق بەڕوونی و بەزمانێکی سفت و جوان دابڕێژێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە خوێنەر ڕووبەڕووی داڕشتنێکی خراپ و ئاست نزم دەکات. یاخود ستراکتۆری دەق و ساختمانی دەق لەبەر یەک بترازێن و خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی بکات و دەروازەیەک نەبێت لێی بچێتە دەرەوە. خاڵێکی تر لەدەقی ئەدەبیدا لەدەستدانی ئیستاتیکایە کە ڕەنگە ئەم ڕەگەزە بەمانای ژیان و مردن بێت بۆ دەق. کاتێک تێکستێک لەپرۆسەی وەگێڕاندا بەنێو هەموو ئەگەرەکانی زمانی یەکەمدا تێپەڕیوە و ناشزانرێت بەبەراورد بە ئاستی دەقی یەکەم لەچ ئاستێکدایە، بۆیە کە ڕووبەڕووی وەرگێرانێکی تر دەبێتەوە دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێین کە بەشێک لە ڕەونەق و جوانی و ڕەنگە ئاماژە و ماناش لەنێو بچن. سەرباری ئەمەش هەندێ وەرگێر هەن کە زۆر بەسەلیقە و لێزان و کارجوانن کە لەکاری وەرگێڕاندا زۆرترین هەوڵ دەدەن تا مەبەستەکان بەجوانی بگەیەنن و دەستبردن بۆ کاری ئەو وەرگێرانە زیاتر دڵنیایی لای خوێنەر دروست دەکات. تێپەڕبوونی دەقێک بە فلتەری زیاتر لە زمانێک کارێکی نیگەتیڤ نییە و من بە دروستی دەزانم تا ئەو جێیەی کە وەرگێر گوناهی چییە کە شارەزایی لەو زمانەدا هەیە کە وەرگێرانی لێوە ئەنجام دەدات و و لەزمانی یەکەمدا نییەتی. مادام وەرگێر هەوڵی خۆی دەخاتە گەر بۆ ئەوەی کاری شیاومان نیشان بدات، جا هەرچییەک بێت جێگای دەستخۆشییە و دەتوانم بڵێم من لێرەوە ئەم جۆرە وەرگێرانانە ئەگەر خراپیش بن من نەفییان ناکەمەوە و وەک هەندێ کەس هەوڵ دەدەن ئەو هەوڵانە بێبایەخ نیشانبدەن.

لەدەقی ئەدەبیدا لەدەستدانی ئیستاتیکایە کە ڕەنگە ئەم ڕەگەزە بەمانای ژیان و مردن بێت بۆ دەق. کاتێک تێکستێک لەپرۆسەی وەگێڕاندا بەنێو هەموو ئەگەرەکانی زمانی یەکەمدا تێپەڕیوە و ناشزانرێت بەبەراورد بە ئاستی دەقی یەکەم لەچ ئاستێکدایە، بۆیە کە ڕووبەڕووی وەرگێرانێکی تر دەبێتەوە دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێین کە بەشێک لە ڕەونەق و جوانی و ڕەنگە ئاماژە و ماناش لەنێو بچن

لێرەشەوە پێمباشە کورتە ئاماژەیەک بە چەمکی «خیانەت» بکەم لەوەرگێراندا. چ ئەوانەی کە وەرگێران بە خیانەت دەزانن یان ئەوانەی پێیان وایە وەرگێرانی خراپ خیانەتە لەدەق یان لە دەقنووس جگە لە دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی وەرگێران هیچیتر نییە. من بڕوام بەو چەمکە نییە و وەرگێران هەرچەند خراپیش بێت ناکاتە خیانەت و ناگاتە ئەو ئاستەی پێی بگووترێت خیانەتە لە داهێنان و جوانی، بەڵام شێواندنی ڕێزی خوێنەرە و لەسەر وەرگێڕ پێویستە ئەو ڕێزە لەئاستێکی بەرزدا بهێڵێتەوە.

گۆڤاری ٢٣: قسەیەک هەیە کە دەڵێن دەبێ وەرگێڕ جگە لەو زمانەی دەیزانێ و وەریدەگێڕێ، شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی خۆی (زمانی دایک) هەبێ و ئەوسا دەتوانێ وەرگێڕانێکی تۆکمە ئەنجام بدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە هێشتا زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارمان نییە و نووسەران و وەرگێرکاران بە پێی ناوچەگەرییەتییەوە دەنووسن، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: بەڵێ ئەوە زۆر ڕاستە کە وەرگێر دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لەزمانی بۆ وەرگێردراو هەبێت تا بتوانێت وەرگێرانێکی جوان ئەنجام بدات، و ئەوەش ڕاستە کە کورد بەداخەوە زمانی ستانداردی نییە و ئەوەی هەیە دایەلێکتی جیاجیا هەیە لە سۆرانی و بادینی و زازایی و هەورامی و کەلهوڕی. وەرگێریش کە دەستوپەنجە لەگەڵ دەقدا نەرم دەکات دێت بەو دایەلێکتە دایدەرێژێتەوە کە زاڵە بەسەریدا. سۆرانییەک بەشێوەزاری سۆرانی و بادینی بەشێوەزاری بادینی ..تاد دەنووسن و دەخوێننەوە و وەردەگێرن. ئەمە ناچارییەکی

مێژووییە و خاڵیکی لاوازی کوردە کەلەم سەرەتای هەزارەی سێیەمە زمانێکی ستانداردی نییە و وەرگێرەکانی پەنا دەبەن بۆ شێوەزارە جیاجیاکان. زمانی گەشەسەندوو بەهۆی گەشەی کۆمەڵگەوە داهێنانێکی مەزنی عەقڵی مرۆڤە و ئێمەی کورد لەو گەشەکردن و داهێنانە مەزنە بێبەشین. هەموو کەسێکی دڵسۆز بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد حەز بە گۆڕینی ئەم دۆخە دەکات کە نازانرێت چەندیتر دەخایەنێت. ئەم هەلومەرجەش بە توندی پەیوەندی بەبارودۆخی سیاسی کوردستان و حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانەوە هەیە کەڕۆڵی بەرچاویان گێراوە و دەگێڕن لە قەتیسمانی ئەم دۆخە و لەگۆ خستنی هەر هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە زمانێکی ستانداردی یەک شێوە لەسەرتاسەری کوردستان.

**ئەمە ناچارییەکی مێژووییە و خاڵیکی لاوازی کوردە کە لەم سەرەتای هەزارەی سێیەمە زمانێکی ستانداردی نییە و وەرگێرەکانی پەنا دەبەن بۆ شێوەزارە جیاجیاکان.
زمانی گەشەسەندوو بەهۆی گەشەی کۆمەڵگەوە داهێنانێکی مەزنی عەقڵی مرۆڤە و ئێمەی کورد لەو گەشەکردن و داهێنانە مەزنە بێبەشین**

گۆڤاری ٢٣: لە کوردستاندا وەرگێڕانی بە کۆمەڵ یان دەستە بە دەگمەن هەیە و ئەگەر هەشبێ هەوڵی جدی نین و تا ئێستاش سەنتەرێک یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران نییە, ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: نەبوونی وەرگێرانی بە گروپ یان دەستەجەمعی یان بە کۆمەڵ خاڵێکی لاوازە بەتەوێلی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لە کوردستان. ئەم خاڵە لاوازەش لەو بڕوایەوە هاتۆتە بوون کە دەسەڵاتداران بڕوایان بە وەرگێران نییە و نرخ و بەهای وەرگێران ناناسن. لەهەر سەردەمێکدا و لەهەر بڕگەیەک لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لە کوێدا وەرگێران بەهەرمێن بووبێت و بایەخی پێدرابێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە ئاستێک لەگەشەیان بەخۆیانەوە بینیوە. یان وەک شیگیو مینوورا دەڵێ « ئەو میللەتانەی لەکاری وەرگێراندا چالاکن لەڕووی فیکرییەوە زیندوون» . بۆیە دەبینین لەسەردەمی جیاجیادا وەک سەردەمی

بابلییەکان لە عێراق و سەردەمی فیرعەونەکان لە میسر و دواتر لە یۆنانی کۆن و ئینجا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامی و تا ئەمڕۆ بەچاوی پڕ بایەخەوە لە وەرگێرانیان ڕوانیوە و جێگە و ڕێگەی تایبەتیان بۆ داناوە. دەسەڵات گەر بایەخی مەعریفە و وەرگێران بزانێت و کاریگەری وەرگێران لەسەر بەرەوپێشچوون ببینێت، ئەوکات ئامادە دەبێت بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات و دەیان دەستە و گروپ لە وەرگێڕکاران پێکدێنێت و ئیتر دەکەونە وەرگێرانی دەستکەوتە فیکری و مەعریفییەکانی مرۆڤایەتی. دکتۆر عەزەدین محەمەد نەجیب دەڵێ «کاتێ وڵاتی یابان بەڕووی جیهانی ڕۆژئاوا کرایەوە تەنها زانستەکانی خۆرئاوای وەرگێڕا و ئەدەب و فەرهەنگەکە تایبەتەکەی بۆ خۆرئاوا جێهێشت». بەڵام لە باشووری کوردستان لەبەرئەوەی دەسەڵات نەخەمی مەعریفەی هەیە و نەپێشکەوتن، بۆیە نە بودجە بۆ وەرگێران دابین دەکات و نە پاڵپشتی وەرگێرکارانیش دەکات. ئەوەی هەیە جگە لە خولیا و دڵسۆزی وەرگێرکاران لە دەرەوەی نەخشە و سیستمێکی دروست بەولاوە هیچیتر نییە. ئەم خولیایەی وەرگێڕکارانیش جێگای ستایشە و تا ئەندازەیەک توانیویانە هەنگاوێک بنێن کە بەبەراورد بە ڕابردووی کورد جێی وردبوونەوەیە.

لە باشووری کوردستان لەبەرئەوەی دەسەڵات نەخەمی مەعریفەی هەیە و نەپێشکەوتن، بۆیە نە بودجە بۆ وەرگێران دابین دەکات و نە پاڵپشتی وەرگێرکارانیش دەکات. ئەوەی هەیە جگە لە خولیا و دڵسۆزی وەرگێرکاران لە دەرەوەی نەخشە و سیستمێکی دروست بەولاوە هیچیتر نییە

گۆڤاری ٢٣: ئایا وەرگێڕانی تاکە کەسی لەگەڵ وەرگێڕانی بە گروپ و یان دەستە چ جیاوازییەکی هەیە ؟

عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ: بێ هیچ دوودڵییەک دەتوانم ڕێ بەخۆم بدەم و بڵێم ئەوە ئاشکرایە کە وەرگێڕانی بە گروپ یان دەستەجەمعی تا ئاستێکی زۆر چاکتر و پوختترە لە وەرگێڕانی تاکە کەسی. چونکە لێرە دیسان ڕووبەڕووی مەسەلەی وردبینی و دیققەت دەبینەوە. تاکە کەس هەرچەند شارەزا و لێزان بێت لەزمانی لێوە وەرگێڕدراو و هەرچەند بەدیقەت و وردبین بێت و چەندینجار بەسەر دەقەکەدا بچێتەوە، لەوانەیە هێشتا هەندێ گۆشە و کەلێن لە

دەقەکەدا مابن کە پڕ نەبووبێتنەوە. بۆیە تێڕوانین و سەرنجی کەسی دووەم یان سێیەم بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. ئێمە زۆرجار لەسەر بەرگی کتێبی وەرگێڕدراو بینیومانە کە نووسراوە فلانە کەس پێیدا چۆتەوە و بەراوردی کردووە. من ئەمە بەکارێکی چاک و سوودبەخش دەزانم، بەڵام هێشتا ناتوانێ جێگای گروپ بگرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە وەرگێرانی بە گروپ متمانە لەلای خوێنەر دروست دەکات. کاتێک دەبینی لەسەر کتێبێکی زانستی یان ئابووری نووسراوە لیژنەیەک وەریگێڕاوە خوێنەر بێ دوودڵی دەکەوێتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی و دەست دەکات بە خوێندنەوەی. بۆیە ئەگەر قسە لەسەر جیاوازی شێوازی تاک و گروپ بکرێت لە وەرگێراندا ئەوە متمانە دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە شێوازە لە وەرگێران.

بەكر دەروێش:

وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە یەكێكە لە خاڵە هەر لاوازەكانی ئێستای بواری وەرگێڕان لەناو زمانی كوردیدا.

گۆڤاری ٢٣: بەو پێیەی کە هەموو دەستەواژەیەک پێناس و ناسینی خۆی هەیە، چۆن پێناسەی وەرگێڕان بکەین؟

بەکر دەروێش: ڕەنگە هەندێجار پێناسەی چەمکێک، دەستەواژەیەک، زاراوەیەک ببێتەهۆی تەسکبوونەوەی مەوداو فەزای لێتێگەیشتی پتر لەوەی ببێتە هۆی ناسینی بەخوێنەرو وەرگر، چونکە زۆرجار پێناسە دەبێتە هۆی لەقاڵبدانی ئەو بوارە و ئاستی گەشەسەندنی فیکری و ڕۆشنبیری و مەعریفیشی لەلای خوێنەر بەرتەسک دەکاتەوە و لەپانتاییەکی بەرفرەوانەوە دەهێنێتە نیو قەفەزی پێناسەیەکی نەخوازراو، ئەگەرچی خوودی پێناسە لە بواری کارکردن و لێکۆڵینەوە لە گەشەکردنی مەعریفی دەستەواژەکاندا پێویست بێت بۆ ئەوەی تەمومژوو لێڵی لێبرەوێنرێتەوە تاوەرگر بە ڕوونی بەرچاوی خۆی ببینێ و بزانێ لەسەر زەوی کام رۆشنبیری وەستاوە و ئاسمانی چ کەلتوورێک بارانی چ شارستانیەتێک بەسەریدا دەبارێنێ، بەرچاوڕوونی پێویستە بۆ هەڵهێنانی هەنگاوی تەندروست و تێگەیشتنی تەواوەتی لە زەوییەی لەسەری وەستاوە، لێرەوە ئەگەر پێناسەی وەرگێڕان پێویست بێت بۆ دیاریکردنی چوار چێوەی کارکردنی ئەوە دەتوانین بڵێین وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی کەلتوورێک بەهەموو چەمکەکانییەوە بۆ نێو کەلتوورێکی تر.

وەرگێڕان کردنەوەی دەرگایەکە بەڕووی دنیای دەرەوەدا بۆ بینینی دنیای ناوەوەمان لەهەمان کاتدا کردنەوەی هەمان دەرگایە بە ڕووی دنیای ناوەوەشدا بۆ بینینی دنیای دەرەوەمان

لەوانەیە ئەمە پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بێت بۆ وەرگێڕان و هەندێ کەس تێبینیان لەسەری هەبێت، وەلێ لەبیرمان نەچێت تەنانەت لە کاتی وەرگێرانی کورتە چیرۆکێکیشدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، ئەوە کەلتووری زمانی لێوەرگێڕدراو بەهەموو تواناکانییەوە ئامادەیە و خۆی دەگوازێتەوە بۆ نێو زمانی بۆوەرگێڕدراو، ئیتر چ چیرۆکنووس هەستی پێکردبێت یان پێی نەکردبێت، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی بۆی هەیە هەڵگری بەشی هەرەزۆری ئەو رۆشنبیرییە بێت کە خاوەنەکەی کردوویەتی بەسەرچاوە بۆ دەقەکەی. چونکە وەرگێڕان کردنەوەی دەرگایەکە بەڕووی دنیای دەرەوەدا بۆ بینینی دنیای ناوەوەمان لەهەمان کاتدا کردنەوەی هەمان دەرگایە بە ڕووی دنیای ناوەوەشدا بۆ بینینی دنیای دەرەوەمان.

گۆڤاری ٢٣: ئەو پرەنسیپ و تایبەتمەندیانە چین کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبێ کاریان لەسەر بکا؟

بەکر دەروێش: بێگومان هەر وەرگێڕێک شێواز و ڕەهەندی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە، کەس ناتوانێ هیچ شێوازێک لە کارکردن بەسەر هیچ وەرگێڕێکدا بسەپێنی کە خۆی قەناعەتی پێی نەبێت، چونکە وەرگێڕان پێش لەوەی کارێکی زانستی و میتۆدی بێت کارێکی رۆشنبیرییە، کاری رۆشنبیریش پێوەندی بە جوانکاری و جوانبینینی خودی ئەو کەسەوە هەیە کە پێی هەڵدەستێ، وەرگێڕ ئینسانە خاوەنی دیدێکی مەعریفی و رۆشنبیری تایبەیەت بە خۆیەتی، لەم چوارچێوەیەشەوە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی وەرگێڕانەکەی، هەڵەبەت مەبەستم وەرگێڕانی ئەدەبییە نەک بوارەکانی تری فەلسەفە و زانست و کۆمەڵایەتی، چونکە بەبڕاوی من، وەرگێڕی ئەو بوارانە جیاوازن لە وەرگێڕی بواری ئەدەبیات، لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا وەرگێڕ پێش لەهەموو شتێک وەک خوێنەرێک دەچێتە بەردەقەکە و لەگەڵیدا ئاوێزان دەبێت، دوای خوێندنەوە و چێژ لێوەرگرتنی ئینجا دەست بە وەرگێڕانی دەکات، دوای ئەوەی باش هەڵیدەسەنگێنێ و لێی وەرد دەبێتەوە و لە مێشکی خۆیدا جوان تاوتوێی دەکات، چێژ لە جوانییەکانی دەبینێ ئینجا هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی، بڕواناکەم کەسێک هەبێت پێش لەوەی دەقێک چەندجارێک بخوێنێتەوە یەکسەر هەستێت بە وەرگێڕانی، وەها وەرگێڕانێک مایەی ماڵوێرانی و نەهامەتییە ئەگەر هەبێت، لێرەوە من پێموایە یەک مەنهەج و میتۆد و پرنسیپێک نییە بۆ هەموو وەرگێڕەکان تا کاری پێبکەن، وەک وتیشم کەسیش ناتوانێ تایبەتمەندی خۆی فەرزکات بەسەر خەڵکانی تردا، دەکرێ هەندێ پرەنسیپی گشتی هەبن لە چوارچێوەی فەزای گشتی وەرگێڕاندا هەمووان کاری لەسەر بکەن بەڵام لە ئاستی پراکتیکی کاری ڕۆژانەدا هەر وەگێڕە و شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کاری لەسەر دەکات، چونکە بمانەوێ نەمانەوێ کاتێک دەقێکی ئەدەبی بە پرۆسەی وەرگێڕاندا تێدەپەڕێ ئەوە جارێکیتر لە بیر و مێشکی وەرگێڕدا کۆمەڵی گۆڕانکاری لە بوارەکانی جوانکاری داڕشتنی رستەکاندا بەسەردا دێت، کە لە دەرئەنجامی کۆتایدا بەدەردەکەوێ، بە گشتی دەکرێ بڵێین هەندێ پرنسیپ هەیە لەسەر ئاستی گشتی فەزای وەرگێڕان دەکرێ هەموو وەرگێڕەکان پابەندبن پێوەیە وەک پابەندبوون بە ڕاستگۆی و بە ئەمانەت مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، دوورکەوتنەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە، لە دەرەوەی ئەمانەش پرنسیپەکان جیاوازن و یەک ڕەنگ ویەک چەشن نین.

له ئاستی پراکتیکی کاری ڕۆژانەدا هەر وەگێڕە و شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کاری لەسەر دەکات، چونکە بمانەوێ نەمانەوێ کاتێک دەقێکی ئەدەبی بە پرۆسەی وەرگێڕاندا تێدەپەڕێ ئەوە جارێکیتر لە بیر و مێشکی وەرگێڕدا کۆمەڵی گۆڕانکاری لە بوارەکانی جوانکاری داڕشتنی ڕستەکاندا بەسەردا دێت، کە لە دەرئەنجامی کۆتایدا بەدەردەکەوێ

گۆڤاری ٢٣: دەتوانین بنەماکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی بەکاربهێندرێت؟ بە جۆرێی تر دەکرێ پرەنسیپەکانی وەرگێڕانی تێکستێکی هزری بۆ وەرگێڕانی دەقێکی شیعری بەکاربهێنین؟

بەکر دەروێش: هەندێ پرنسیپی گشتی هەیە کە وەک بنەمای سەرەکی لەکاری وەرگێڕاندا بەکاردەهێنرێن، دەکرێ ئەمانە بۆ وەرگێڕانی هەموو دەقێک بێ جیاوازی سوودیان لێ ببینرێ، چونکە کۆمەڵێ پرنسیپی گشتین و بۆ کاری وەرگێڕان بەسوود و باشن، بێجگە لەم پرنسیپە گشتیانە پێم وانییە بتوانین پرنسیپەکانی وەرگێڕانی تێکستێکی هزری بۆ وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی (شیعری) بەکاربهێنین، چونکە دوو بواری جیان و ڕەهەندەکانیان جیاوازە لەیەکتر، هەرچەندە وەکو وتم هەندێ مەبادیئی سەرەکی هەن لەکاری وەرگێڕاندا لەسەر ئاستی گشتی وەرگێڕانی دەقەکان بەکوێرەی کات و شوێن نەگۆڕن و تایبەتمەندییەکی جیهانیان وەرگرتووە، بەڵام لەسەر ئاستی تایبەتمەندی دەقەکان واتە لەو شوێنەی کە دەق خەسڵەتی خۆی هەیە ناکرێ ئەو پرنسیپانە بەکار بهێنین، واتە ناکرێ پرنسیپێکی ئەدەبی بۆ وەرگێڕانی دەقێکی فەلسەفی یان سیاسی یان هزری بەکار بهێنین چونکە لە کاری وەرگێڕانی ئەدەبیدا مەسەلەی چێژ و جوانی، زمان و کەلتوور و ڕۆشنبیری بەقوڵی دێنە ناو کارەکەوە و ڕیشەی تیادا دەکوتن، بەڵام لە وەرگێڕانی دەقێکی هزریدا کێشەکە بەو قوڵییە نییە، ئەگەر هەشبێت ئەوە ئاقاری تری خۆی هەیە، جیاوازە لەدید و بۆچوونی وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبی، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو لە وەرگێڕێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت، وەرگێڕ هەیە بۆ خۆی ئەدیبە یان سەلیقەیەکی ئەدەبی بەرزی هەیە، بێجگە لەوەی لە بواری فەلسەفە و تیوری فەلسەفیشدا بە

توانایە، ئەمەیان بۆی هەیە کاری وەرگێڕان لە هەردوو بوارەکەدا ئەنجامبدا و تێشیدا سەرکەت و بێت، بەڵام مەرج نییە لەهەردوو بوارەکەدا یەک میتۆد و پرنسیپ بەکار بهێنێ، چونکە دەقی ئەدەبی بە پێچەوانەی دەقەکانی ترەوە تاڕادەیەک پێویستی بە تەڕوبڕی و ناسکی هەیە، لەبەرئەوەی خەیاڵ زیاتر تێیدا زاڵە، وەک ئەوەی واقع تێیدا زاڵ بێت، بەڵام کاری هزری پتر بەلای واقیعدا خۆی دەکێشێتەوە، چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، زیاتر بۆ سەلماندنی خۆی پەنا بۆ بەڵگە و میتۆد و ڕەخنە دەبات، بەڵام ئەوەی لە شیعردا زاڵە زیاتر وێنە و خەیاڵ و جوانییە، ئایا دەکرێ تۆ ئەم دوو بوارە بەیەک پێوەر بپێوی و کاری وەرگێڕانیان تێدا بکەی؟ پێم وانییە ئەوەی کاری وابکات سەرکوتوو بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمەی کە وتمان شتێکی ڕەها نییە و بۆی هەیە وەرگێڕێکی بەتوانا بتوانێ بە یەک پرنسیپ و میتۆد وەرگێڕان لە هەردوو بوارەکەدا ئەنجامدات و تێشیدا سەرکوتوو بێت، وەلێ من پێم وایە هەر بوارە و بەپێی پرنسیپی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ باشترە لەوەی تیکەڵ و پێکەڵییەک بکەوێتە کاری وەرگێڕانەوە کە لەسەر ئەنجامدا لەجیاتی سوود گەیاندن بەکۆمەڵ دەبێتە مایەی زەرەرمەندی.

ناکرێ پرنسیپێکی ئەدەبی بۆ وەرگێڕانی دەقێکی فەلسەفی یان سیاسی یان هزری بەکار بهێنین چونکە لە کاری وەرگێرانی ئەدەبیدا مەسەلەی چێژ و جوانی، زمان و کەلتوور و ڕۆشنبیری بەقوڵی دێنە ناو کارەکەوە و ڕیشەی تیادا دەکوتن، بەڵام لە وەرگێڕانی دەقێکی هزریدا کێشەکە بەو قوڵییە نییە، ئەگەر هەشبێت ئەوە ئاقاری تری خۆی هەیە، جیاوازە لەدید و بۆچوونی وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبی

گۆڤاری ٢٣: ئایا ئامانجی وەرگێڕان گەیاندنی مانای دەقە یاخود گواستنەوەی کەلتوور، یان هەردووکیان بەیەکەوە. بە واتایەکی تر ئەرکی وەرگێڕان وەک کردەیەک چییە ؟

بەکر دەروێش:

پێش لەهەموو شتێک دەتوانیین بڵێن وەرگێڕ کەسێکە وەزیفەیەکی ئەخلاقی گرتووەتە ئەستۆی خۆی کە بریتییە لەگەیاندنی پەیامی ئاشنابوونی میللەتانی دونیا بە کەلتووری یەکتر، دەیەوێ

له ڕێگای ئەم پەیامەوە خزمەتێک بە کەلتوور و ڕۆشنبیری میللەتەکەی خۆی و جیهان بگەیەنێت، دەیەوێ کەلتووری میللەتەکەی بە جیهان بناسێنێ و لەهەمان کاتیشدا کەلتووری گەلانی دونیا بە گەلەکەی بناسێنێ، بۆیە وەرگێڕ، هەڵەبەت وەرگێڕی باش و بەئەمەک پەیامبەرێکە لە هەوڵی لەیەکتر نزیککردنەوەی کەلتووری میللەتاندایە و بەغەمی پاراستی ئاشتی جیهانەوەیە، چونکە ئاشنابوون بە کەلتوور و ڕۆشنبیری میللەتانی دونیا بەرچاوی مرۆڤ ڕووندەکاتەوە و ئەو دید و بۆچوونە هەڵانەی لەسەر ئەوانیتر هەیەتی دەیڕەوێنێتەوە و لە کۆمەڵێ تێگەیشتنی سەقەت رزگاری دەبێت، کاتێک کەسێک هەڵدەسێت بە وەرگێڕانی بابەتێک کە من لێرەدا زیاتر مەبەستم بابەتی ئەدەبییە ئەوا بەم کارەی چەندێک مەبەستی قازانج و بەرژەوەندی خۆی بێت دوو ئەوەندە کارەکەی بەسوود و قازانجی میللەتەکەی دەشکێتەوە، وەرگێڕان بەهەردوو لاکەیدا هەر سوودمەند و بەقازانجە، واتە چ بەرهەمی میللەتەکەی خۆت وەرگێڕی بۆ سەر زمانێکی دیکە یان بەرهەمی میللەتانی دیکە بگۆڕیتە سەر زمانی میللەتەکەی خۆت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا تۆ پەیامێک بەهەموو دنیا دەگەیەنی، بۆ نموونە بۆی هەیە کاتێک تۆ تێکستێکی باشی کوردی وەردەگێڕیتە سەر زمانی فەرەنسی کەسێکی ئەڵمانی کە زمانی فەرەنسی دەزانێ و ئەو بەرهەمە دەخوێنێتەوە پێی سەرسام بێت بڕیار بدات وەریگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی، بەم شێوەیە ئەم کارە دەستا و دەست دەڕوا و گەلێک کەس و میللەت و نەتەوەی جیاجیا ئاشنای ئەدەبی کوردی دەبن و ڕۆشنبیری و مێژووی کورد دەناسن، بەمەش وەرگێڕانەکە ئامانجی خۆی دەپێکێ، کە بریتییە لە گەیاندنی نامەی سارشتانییەتی کەلتووری کورد بەهەموو دونیا، ئەم کارە کە وەرگێڕ دەیکات ئەرکێکی ئیجباری نییە بەڵکو پابەندبوونێکی ئەخلاقییە و وەک کارێکی مرۆڤانە پێی هەڵدەسێت، کە لە خۆشەویستی خۆیەوە بۆ کارەکەی سەرچاوە دەگرێ، تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە دامودەزگا فەرمییەکاندا یان ئەوانەی بەکرێ کاری وەرگێڕان دەکەن ئەگەر بە خۆشەویستییەوە کارەکەیان نەکەن ئەوە وەرگێڕانەکەیان کارێکی کرچ و کاڵ دەردەچێت، چونکە کاری وەرگێڕان وەک هیچ کارێکی تر نییە، پێش لە هەموو شتێک زەوق و چێژی کارەکە بە خوودی وەرگێڕەکە دەگات، بۆیە دەتوانین بڵێین وەرگێر یەکەم خوێنەری جدی ئەو بابەتەیە کە وەریدەگێڕێ، لەم بوارەشدا وەرگێڕی بە ئەزموون بە سەلیقە، ڕاهاتوو بەکاری وەرگێڕان کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرفرەوان و گشتگیرە، دەزانێ چۆن ئامانج دەپێکێ لەگەیاند و گواستنەوەی هەردوو لایەنی بابەتەکە، هەم مانای دەقەکە و هەم ئەو کەلتوورەش کە سەرچاوەی دەقەکەیە، وەرگێڕان گێرەکردن نییە بەنێو شۆم و تۆمی خەڵکانی تردا، کارێک نییە ببێتە هۆی شێواندن و ناشرینکردنی بەرهەمی ڕەنج و تەقەلای خەڵکانی تر، چ خۆماڵی بێت یان دەرەکی، وەرگێڕ دەبێت بەئەمانەتەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستدا بکات و هەوڵبدات شارەزایانە و بە ئەمەکانە مانای دەق بگوازێتەوە و تا بتوانێ کەلتووری هەردوو لایەن بە باشترین کار دەوڵەمەندکات، نەک بێت ڕەزیل و سەفیلیکات، ئەرکی سەرکی وەرگێڕ گەیاندنی پەیامی تێکستە بەهەردوو جەمسەری کارەکەی، بۆ نموونە کاتێک وەرگێڕێکی کوردی

ڕۆمانێکی کوردی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی دەبێ پێش لەهەموو شتێک ئەمەکداری ئەوە بێت رەنجی رۆمانووسی کورد بەفیڕۆ نەدات و کارەکەی نەشێوێنی، لەجیاتی ئەوەی سوودی پێبگەیەنێت تێکستەکەی ناشرین کات، ئەمە یەکەم هەنگاوی گواستنەوەی مانای دەقە دووم هەنگاو هەوڵبدات ئەو کەلتوورەی کە لە تۆ و لۆی تێکستەکەدایە بە جوانی بگوازێتەوە بۆ نێو زمانی عەرەبی، ئەمەش لەڕێگای دۆزینەوە و بەکارهێنانی دەستەواژە و زاراوە و پەند و بالۆرەی گونجاو لەزمانی عەرەبیدا کە بەرانبەر بە کوردییەکان دێن، بۆیە من پێم وایە ئەرکی وەرگێڕ گەیاندنی ماناو گواستنەوەی کەلتووریشە لەیەک کاتدا.

هەروەک چۆن وێنەیەک ئەگەر یەکەمجار کۆپی بکەیت کەمێک کاڵ دەبێتەوە، دوایش چەند کۆپییەکان یەک لەدوای یەک کۆپی بکەیت لە کۆتایدا وێنەیەکت دەست دەکەوێ هیچ پەیوەندی بەوێنەی یەکەمەوە نییە، دەقی ئەدەبیش وایە، چەند لە زمانێکەوە وەرگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر لەویشەوە بۆ یەکێکیتر ئەوە لە ئەنجامدا دەبێتە دەقێکیتر و هیچ پەیوەندی بەدەقی یەکەمەوە نامێنێت، بۆیە من پێم وایە ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەر لاوازەکانی ئێستانەی کە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێن

گۆڤاری ٢٣: ئەو خاڵە لاوازانە چین کە لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبینرێن، کاتێک ئەو تێکستە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێت و بەڵکو بە فلتەری زیاتر لە زمانێکدا رۆیشتووە؟

بەکر دەروێش: زمان بڕبڕەی پشتی ئەدەبە، ئەدەب بەهەموو ژانرەکانییەوە لەسەر کۆڵەکەی زمان وەستاوە، زمانیش تەنیا کۆمەڵی وشەی رەق و تەقی بێتام نییە، بەڵکو عیبارەتە لە سەدایەک لە نەغمەی جوانی و ئیقاع و مۆسیقا، زمان لەخۆیدا کەلتوور و مێژوو رۆشنبیری میللەتێک کۆدەکاتەوە و وەک شاشەیەک دەیخاتە ڕوو، ئەم ئاوازە پێکهاتووە لە جوانییەک کە فەلسەفەی زمان و ئیقاعەکەی خۆی بەخەستی دەئاخنێتە نێو تێکستەوە، تێکستی زیندوو

که مانای خۆی لەوشەکانەوە وەردەگرێ و وشەکانیش ریتمی زمانێک نمایش دەکەن مەحاڵە لە دەرەوەی سیستمی جوانکاری ئەو بە هیچ ئامانجێکی تێکست بگەین، پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب، تێکست و وشە لەدەقی ئەدەبیدا پێوەندییەکی تۆکمە و کۆنکریتییە، هەر هەوڵدانێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم دوو لایەنە بەلاوازبوونی تێکست دەشکێتەوە، لەبیرمان نەچێت هەموو وەرگێڕانێک بڕێکی کەم و زۆر زیان بەجوانی تێکستە ئەسڵەکە دەگەیەنێ، مەبەستم تێکستی زمانی یەکەمە، بۆ نموونە کاتێک تۆ چیرۆکێکی کوردی وەردەگێڕیتە سەر زمانی عەرەبی یان بە پێچەوانەوە بتەوێ و نەتەوێ بڕێک لە جوانی ئەو چیرۆکە کە لە زمانی کوردیدا هەیەتی لە وەرگێڕانەکەدا لەدەستیدەدات، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی بە حوکمی ئەو تێهەڵکێشییەی باسمان کرد کە لەگەڵ زماندا هەیەتی هەموو وەرگێڕانێک دەبێتە هۆی ئەوەی تێکستەکە کەمێک لە زمانی دایک دوور کەوێتەوە، چەندیش زۆر دوور کەوێتەوە ئەوەندە بە ئەسڵی خۆی نامۆ دەبێت، بۆیە چەند دووبارە و سێبارە تێسکت وەربگێڕدرێت ئەوەندە زیاتر لە مانا و جوانییەکانی کە لە دەقە ئەسڵییەکەدا هەیەتی لەدەستی دەدات، هەروەک چۆن وێنەیەک ئەگەر یەکەمجار کۆپی بکەیت کەمێک کاڵ دەبێتەوە، دوایش چەند کۆپییەکان یەک لەدوای یەک کۆپی بکەیت لە کۆتایدا وێنەیەکت دەست دەکەوێ هیچ پەیوەندی بەوێنەی یەکەمەوە نییە، دەقی ئەدەبیش وایە، چەند لە زمانێکەوە وەرگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر لەویشەوە بۆ یەکێکیتر ئەوە لە ئەنجامدا دەبێتە دەقێکیتر و هیچ پەیوەندی بەدەقی یەکەمەوە نامێنێت، بۆیە من پێم وایە ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەر لاوازەکانی ئێستانەی کە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێن، من خۆم چەندان جار وەرگێڕانی یەک ڕۆمانم بەهەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بەراورد کردووە زەوی و ئاسمانیان نێوان بووە، بۆیە باشترە تێکست لەزمانی یەکەمەوە وەرگێڕدرێت نەک لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، چونکە هەموو وەرگێڕێک لەکاری وەرگێراندا کەمێک لە بۆچوون و بیری خۆی هەردەخاتە نێو تێکستە وەرگێڕاوەکە، بەمەش تێکستەکە لەگەڵ هەر وەرگێرانێکی تازەدا بڕێک لە جوانی خۆی لەدەستدەدات، ئەمەش وادەکات وەرگێران لە زمانی یەکەمەوە بێت باشترە لەوەی لەدوای فلتەری چەند زمانێکەوە بێت.

گۆڤاری ٢٣: قسەیەک هەیە کە دەڵێن دەبێ وەرگێڕ جگە لەو زمانەی دەیزانێ و وەریدەگێڕێ، شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی خۆی (زمانی دایک) هەبێ و ئەوسا دەتوانێ وەرگێڕانێکی تۆکمە ئەنجام بدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە هێشتا زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارمان نییە و نووسەران و وەرگێرکاران بە پێی ناوچەگەرییەتییەوە دەنووسن، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

بەکر دەروێش: ئەمەیان جێگای مشتومڕ نییە، ئەی باشە تۆ کە کوردیت ئەگەر زمانەکەی خۆت بە باشی نەزانی چۆن جورئەت دەکەی نەک وەرگێڕان بەڵکو ڕستەیەکیش بنووسی؟ هەموو وەرگێڕێک دەبێ ئەو دوو زمانەی کە کاری وەرگێران لە نێوانیاندا ئەنجام دەدات بەباشی بزانێ

و شارەزانی هەموو کون و قوژبنێکیان بێت، ئاگاداری شێوەی دارشتنی ڕستە و جوانییەکانی هەردوو زمانەکە بێت، ئاگاداری چۆنیەتی گوزارشت و ڕەوانبێژی و ئیدیومەکانیان بێت، بەبێ زانین و شارەزابوون لەکایەی زمان و فەزای زمان وەرگێڕان دەبێتە فەوزا و شێواندن لەجیاتی ئەوەی کارێکی رۆشنبیرانەی بەسوود بێت، وەرگێڕان کارێکی پیرۆزە و میللەتانی دونیا لەم ڕێگایەوە زۆربەی پێشکەوتنەکانی خۆیان بەدەست هێناوە، میللەت نییە لە دونیادا پێویستی بە وەرگێڕان نەبێت، نەک ئێستا بەدرێژایی مێژوو میللەتان پێویستیان بە وەرگێڕان بووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگای تۆکمە و خەڵکی زمانزان و شارەزایان هەڵبژاردووە تا وەرگێڕانیان بۆ بکەن، ئەمڕۆ ئێمەی کورد لەهەموو کەسێک زیاتر پێویستمان بە وەرگێران و شارەزابوون بە کەلتوور رۆشنبیری دونیا هەیە، راستە ئێمە تاکو ئێستا زمانێکی ستانداری یەکگرتوومان نییە بەڵام ئەو زمانەی کە هەیە بەشی وەرگێڕانی زۆر شت دەکات بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیدا، ڕەنگە لە بوارەکانی تردا کەمێک تووشی سەغڵەتی ببین بەڵام بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک دەتوانرێ بەسەریدا زاڵبین، ئێ خۆ تا ئەو ڕۆژەش دێت نابێ دەستەوەستان دانیشین، بەڵکو دەبێ هەوڵدەین و باشیش خۆمانی بۆ ئامادەکەین، مەسەلەی ناوچەگەریش هەر بەشێکە لەو کێشەیەی کە باسمان کرد، کاتێک تۆ زمانێکی ستاندارت نییە هەموو شتێکی ڕێکخستبێت و شێوە و شێوازی وشە و رستەکانی دیاری کردبێت، تۆ ناچاری بۆ ئەوەی نەوەستی سوود لە زمانە ناوچەیەکان وەرگری و کاری خۆتی پێ ئەنجامدەی، ئەمەیان نەعەیبە و نەعارە، بەڵام عەیب و عار ئەوەیە تۆ لەجیاتی ئەوەی سوود لە هەموو لەهجە کوردییەکان وەرگری، بێیت دەمارگیرانە تەنیا سوود لە وشە و ڕستەی ناوچەکەی خۆت وەرگری و پێ عەیب بێت وشەی ناوچەکانی تر بەکاربهێنی، بێئەوەی بزانێ ئەو لەهجە و زاراوانە هەموویان دەڕژێنە نێو چۆمی گەورەی زمانی کوردییەوە و سەرنجام ئەوی پێ دەوڵەمەند دەکەن، لێرەدا گرنگ ئەوەیە وەرگێڕ هەردوو زمان بەجوانی و بەباشی بزانێ و مامەڵەیەکی تەندروست و شارەزایان لەگەڵدا بکات، بزانی وشە و رستە و دارشتنەکان کەی بەکار دەهێنێ، تێکستێکی وەرگێڕدراوی وا بینێتە بەرهەم کەم کەس بزانێ وەرگێڕانە بەڵکو هەموو وابزانن دەقێکی ئەسڵی کوردییە.

کاتێک تۆ دەزگایەکی تایبەتت هەبوو بەکاری وەرگێڕان ئەوکات دەتوانی کۆمەڵێ وەرگێڕی باش لەوێدا کۆکەیتەوە و کاری وەرگێڕان بەوان بسپێری، هەروەها دەتوانی پلانی باشیش دارێژی بۆ ئەوەی چ کتێبێک باشە وەریگێڕی، یان بزانی کۆمەڵگە لە چ بوارێکدا پێویستی بە وەرگێڕان هەیە لەو بوارەدا وەرگێڕان ئەنجامدەی

گۆڤاری ٢٣: لە کوردستاندا وەرگێڕانی بە کۆمەڵ یان دەستە بە دەگمەن هەیە و ئەگەر هەشبێ هەوڵی جدی نین و تا ئێستاش سەنتەرێک یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران نییە, ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بەکر دەروێش: لەوەها کارێک وەرگێڕەکان بەرپرسیار نیین، ئەوە وەزیفەی حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیرییە کاری بۆ بکات، دەبێ ئەوان خەمخۆری ئەم لایەنە بن، چونکە پارە و توانا مادییەکان لەلای ئەوانە، وەرگێڕانی بەکۆمەڵیش هەر بەوان دەکرێ، هەڵبەت مەبەست لە وەرگێڕانی بەکۆمەڵ دامەزراندنی دەزگای تایبەت بە وەرگێڕانە کە وا خەڵکانی شارەزا و زمانزان لەوێدا کاری وەرگێڕان بە ڕاوێژ و تەگبیر بکەن، کاتێک تۆ دەزگایەکی تایبەتت هەبوو بەکاری وەرگێڕان ئەوکات دەتوانی کۆمەڵێ وەرگێڕی باش لەوێدا کۆکەیتەوە و کاری وەرگێڕان بەوان بسپێری، هەروەها دەتوانی پلانی باشیش داڕێژی بۆ ئەوەی چ کتێبێک باشە وەریگێڕی، یان بزانی کۆمەڵگە لە چ بوارێکدا پێویستی بە وەرگێڕان هەیە لەو بوارەدا وەرگێڕان ئەنجامدەی، کاتێکیش کە ئەم جۆرە دەزگایە لای خۆمان بوونیان نییە وەک وتم ئەوە دەسەڵات لێی بەرپرسیارە چونکە تەنیا ئەو دەتوانێ کاری وا ئەنجادات، لە دەروەی ئەمەش کارەکان دەبنە کاری تاکەسی و هەر وەرگێڕێک بە ئارەزوو میزاجی خۆی وەرگێڕان دەکات، ئەمەش ڕەنگە زۆر لەبەرژەوەندی گشتی نەشکێتەوە و تەنیا سوود و قازانجی بۆ خوودی وەرگێڕەکە هەبێت و هیچیتر.

گۆڤاری ٢٣: ئایا وەرگێڕانی تاکە کەسی لەگەڵ وەرگێڕانی بە گروپ و یان دەستە چ جیاوازییەکی هەیە؟

بەکر دەروێش: وەرگێڕانی بە گروپ و بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی دامودەزگای تایبەت بە وەرگێڕاندا دەبێت، کە کۆمەڵێک کەسی پسپۆر و شارەزا لە بواری زمان و وەرگێڕاندا کاری وەرگێڕانی تێدا دەکەن، لەو شوێنانەدا وەرگێڕان بە بەرنامە و بە کاتی دیاریکراو بەڕێوەدەچێت، وەرگێڕانەکە پیشانی چەندان کەسی زمانزان و شارەزا دەدرێت و بە فلتەری چەندان پسپۆردا دەڕوات، ئینجا چاپ و بڵاودەکرێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بە گوێرەی پێویست و بەرژەوەندی گشتی کتێب وەردەگێڕدرێت، بۆیە لێرەدا کارەکە ڕێکتر و باشترە لەوەی کە تاکە کەسێک پێی هەستێت کە زیاتر لە کەسێکی ئارەزوومەندا خۆی دەبینێتەوە، کە دوای خوێندنەوەی دەقێک لەبەر هەر هۆیەک کە لەلای ئەو جوانە هەڵدەسێت بە وەرگێڕانی، لێرەدا وەرگێڕان ئەو تۆکمەیەی نابێت کە لە دەزگا تایبەتمەدەکانی وەرگێڕاندا هەیەتی، چونکە لە کاتی وەرگێڕانی تاکە کەسیدا لەوانەیە وەرگێڕ چەندان کاری تری هەبێت و لەگەڵ ئاواندا وەرگێڕان بکات، بۆیە جاری وا هەیە وەرگێڕانی ڕۆمانێک ڕەنگە ساڵێک یا دووانی پێ بچێت، بەڵام هەمان ڕۆمان ئەگەر بە دەستەجەمعی بکرێت ڕەنگە بەمانگێک تەواو بێت، دواتر کاتێک وەرگێڕێکی تاکە کەسی کە تێکستێک وەردەگێڕێ پێویستی بەوەیە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ

لەدوای خۆی پێیدابچنەوە و بیخوێننەوە و هەڵەکانی چاککەن، ئەمەش لەوانەیە گرفت بۆ وەرگێڕ دروستکات ماوەیەکی بوێ تا کەسێک بدۆزێتەوە بۆی چاککات، بەڵام لە کاری بە گروپ و دەستەجەمعیدا ئەوە بەرپا نابێت، من خۆم کە تاکو ئێستا چەند کتێبێکم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی پێویستم بەوە بووە کەسێکیتر لەدوای خۆم پێیدابچێتەوە، داوام لە چەندان کەسی عەرەبیزان کردووە پێیدابچنەوە، داوای لێبوردنیان کردووە کە کاتیان نییە و ناتوانن پێداچوونەوەی بۆبکەن، بەمەش کارەکەم زۆر دووا کەوتووە، بۆیە پێم وایە ئەگەر هەبێت کاری گروپ و دەستەجەمعی باشترە لە تاکەکەسی، لەگەڵ ئەمەشدا کاری گروپ و دەستەجەمعیش لایەنی خراپەی خۆی هەیە، چونکە لەوانە هەندێجار تێکستێک بدرێ بە وەرگێڕێک بۆ وەرگێڕانی، کەچی ئەو حەزی لێنەبێت و بەلایەوە جوان نەبێت، بەڵام ناچار بێت وەریگێڕێ، ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی وەرگێڕانەکە کرچ و کاڵ دەرچێت و وەک پێویست جوان نەبێت، بۆیە من وای دەبینم هەردوو لایەنەکە لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی خۆیان هەیە.

جاری وا هەیە وەرگێڕانی ڕۆمانێک ڕەنگە ساڵێک یا دووانی پێ بچێت، بەڵام هەمان ڕۆمان ئەگەر بە دەستەجەمعی بکرێت ڕەنگە بەمانگێک تەواو بێت، دواتر کاتێک وەرگێڕێکی تاکە کەسی کە تێکستێک وەردەگێڕێ پێویستی بەوەیە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەدوای خۆی پێیدابچنەوە و بیخوێننەوە و هەڵەکانی چاککەن، ئەمەش لەوانەیە گرفت بۆ وەرگێڕ دروستکات ماوەیەکی بوێ تا کەسێک بدۆزێتەوە بۆی چاککات، بەڵام لە کاری بە گروپ و دەستەجەمعیدا ئەوە بەرپا نابێت

له جیاتی شیعر

تەیب قادر

١١

هەموو کتێبەکان، بەشی کێشەکان ناکەن.

١٢

ژیان، لێکدانەوەی خەونە.

١٣

جوانترین دێڕ، دێڕی، من تۆم خۆشدەوێ، نییە. جوانترین دێڕ ئەم دێڕەیە:
تۆ مرۆڤێکی زۆر ئەخلاقی.

١٤

وەک چۆن لە نێو ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامەدا کارەکتەر هەیە، لە نێو شیعریش دا کارەکتەر هەیە، بەڵام فۆرمی جوولە و گفتوگۆی جیاوازە. لەنێو شیعردا یان تاکە یان دووانەیە، هەندێک جار ونە و هەندێک جاریش گەمەی کارەکتەر روونە. تاک، پەیوەندی بە ئاراستەکردن و زمانی دەربڕینەوە هەیە و بەرانبەرەکەی نادیارە. بەڵام دوانە، بەرانبەرەکەی دیارە و هەستی پێدەکرێ، بەڵام کارەکتەرێکی بێ قسەیە واتە بێ گفتوگۆیە و بەشداری ناکات. زیاتر کارەکتەری دووانە لەو شیعرانە بوونی هەیە کە بۆ ڕەگەزی بەرانبەر دەنووسرێ.

١٥

تەنیایی شوێنی بۆ مرۆڤەکان پێ نییە.

١٦

ئازادی، ئەو وشەیەیە ئابڕووی بێ ئابڕووی دەبات.

١٧

دەمەوێ ئەم رستەیە راست بکەمەوە.

دونیا لە ژێر پێی ئێمە نییە.

ئێمە لە ژێر پێی دونیاین.

١٨

قەتماخەی مۆری پێ خۆش نییە، مەرگ.

١٩

ئەگەر ئازار نەبوایە، برینەکان بێ دایک و باوک دەمانەوە.

٢٠

جەنگ لە هەر شوێنێک بێت، من لەوێ نیم، من لەو شوێنانەم کە ئاو و ئاگر لە سەر یەک مێز پەتاتە دەخۆن.

٢١

دڵ لە ئەقڵ زووتر هەست بە شتەکان دەکات.

٢٢

دونیا تەنیا بە ئەقڵ بەڕێوە ناچێ، بەبێ دڵ هەمیشە تووشی هەڵە دەبێ.

٢٣

ئەو رۆمانەی چۆن دەچیتە نێوییەوە و بەو شێوەیە لێی دەردەچی، رۆمانێکە بێ ئیش و دەست و پێ سپی.

٢٤

هەموو جەستەت دەرگەیە، دەرگەی چێژ، ئەی هەقیقەت.

٢٥

شیعر نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی، هەموو شیعرێک دێڕی سەرەتای کۆتاییە و دێڕی کۆتاییش سەرەتا، بە پێچەوانەشەوە.

٢٦

مانگ بە هەر سی پەنجەی بۆت مۆر دەکا، تۆ داوێن پاکترین وشەی، ئەی هەقیقەت.

٢٧

ئازادی بریتی نییه له شکاندنی چوارچێوه، ئازادی گونجاندنی ڕەش و سپییە.

٢٨

تاکە شت توانیبێتی بە ساخی و ئازادانە بمێنێتەوە، شیعرە.

٢٩

هەموو مرۆڤێک دوو دونیای هەیە، دونیای ناوەوەی و دونیای دەرەوە. ئەگەر مرۆڤ تەنیا یەک دونیای هەبوایە، ڕەنگە لە شوێنێک بوەستایە و نەیتوانیبوایە ژیان بکا.

٣٠

گۆڕی من لەنێو دێڕێکدایە، هەرگیز نانووسرێت.

٣١

زەوی چۆتە ئاسمان و ئاسمانیش هاتۆتە زەوی، بۆیە ئیمە قلّپ دەبینەوە و ناتوانین جوان بەپێی هەقیقەت بوەستین.

٣٢

مەرج نییە چیرۆک ڕووداو بێت، دەکرێ ئیشکردن بێت لەنێو زماندا و بەبێ کارەکتەر، بەبێ شوێن، لەنیو خەیاڵێکی ناجێگیردا خەریکی باڵە فڕکە بێت.

٣٣

ئەو دێڕە زۆر گرینگە بتوانێ بەبێ ئەوەی بتهاوێتە نێو مانایەک و خەیاڵت دوور بڕفێنێ و وات لێبکات جارێکی تر بیخوێنیتەوە.

٣٤

باشترین شوێن بۆ ئاسوودەیی، نێو باوەشی هەقیقەتە.

٣٥

چەند کاتژمێرێکم لێ بەربۆوە و ژیان نیو مەتر کەمی کرد.

٣٦

لەنیو تۆدا ون بووم و کۆتایی ئەم دێڕەم نەبینی.

٣٧

ئاو، گوێی ڕاستەی بارانە.

٣٨

هەموو گۆرانییەکان کورتیان هێنا، خۆشەویستی بە تەنیا مایەوە.

٣٩

قشپل، رووناکی نانە.

٤٠

دەم، گیرفانی هەناسەیە.

٤١

بامییە، سالێکی تری تەمەنە.

٤٢

کڵاوەکەت نا، گۆرەویەکانت پڕ بە پێی دونیا نییە.

٤٣

بوون، دراوسێی ژیان و مردنە.

٤٤

تاوانی گەورە بەرانبەر بە ژن، یەکسان کردنیەتی بەرانبەر بە پیاو.

٤٥

هەندێک شت لە ناخمان هەمیشە بەخەبەرن و کە دەبێ بگوترێن و ناگوترێن، نەگوترانیان پەیوەندی بێ توانایی وشە و زمانەوە هەیە، کە هێشتا وشە و زمان پێی ناوێرن و ناتاونن لە ناخماندا بیهێننە دەرەوە.

٤٦

زیاد مەسرەف کردنی وشە لە زۆربەی شاعیرەکاندا بوونی هەیە، هەندێک وێنە لە شیعردا دەتوانرێت بە وشەیەکی کەم درووست بکرێت، کاتێ وشەی زیادەی دەخرێتە نێوی وێنەکان پەرت دەبن و وشە زیادەکانیش هەست بە خەریبییەکی زۆر دەکەن لە نێو دێڕەکاندا.

٤٧

تا ئێستا ئەدەبی کوردی خاوەنی ڕێبازێکی خۆی نییە، هەموو ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەی کاری تیا دەکرێ، لە دەرەوە هاتوونەتە نێو ئەدەبی کوردی، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە ڕێبازێکی ئەدەبی کوردی دابهێنرێت، بۆ ئەوەی شتێک هەبێ بە هەموو مانایەک پێی بگوترێ ئەدەبی کوردی.

٤٨

تکایە چتر وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە مەکەن. وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە نابێتە وەرگێڕان، دەبێتە وەرگەڕاندن.

٤٩

خۆشەویستی لەنێو گۆرانیدا جێگەی نابێتەوە.

٥٠

تیرۆر، بن کراسی تاریکییە.

٥١

تێدەگەم مرۆڤبوون سەختە، باجی گەورەی دەوێ، بەڵام چوونە دەرەوە لە بازنەی مرۆڤ بوون سەخت تر نییە؟ مرۆڤ بوون هەندێک شتت لێ دەڕوا کە دەبێ هەتبێت و ناتبێ، لە پێناوی مرۆڤ بوون. بەڵام دەرچوون لە مرۆڤ بوون، لە پێناوی بە دەستهێنانی هەندێک شتی سارد، مرۆڤ بوونت لێ دەڕوا، ئای کە کارەساتە؟

٥٢

رۆژ لە کاتی خۆی هەڵدێت و لە کاتی خۆیشی ئاوا دەبێ. شەو لە کاتی خۆی دێت و لە کاتی خۆیشی ئاوا دەبێت. ئەوە ئێمەین لە کاتی خۆی هەڵنایەین و لە کاتی خۆی ئاوا نابین، درەنگ هەڵدێین و درەنگ ئاوا دەبین، زوو هەڵدێین و زوو ئاوا دەبین.

٥٣

هەر لەسەرەتاوە خەریکی درووست کردنی بەلەمێک بیت باشترە، بۆ ئەوەی لە ژیان پێی بپەڕیتەوە، نەک خەریکی چاک کردنەوەی بەلەمێکی شکاو بیت، چاک کردنەوەی بەلەمێکی شکاو درەنگت دەخات، یان رەنگە هەر چاک نەکرێتەوە و نەتوانی لە ژیان بپەڕیتەوە.

٥٤

عیشق، گۆرانییەکە بە کەس ناگوترێ.

٥٥

مردن، ئەزموونێکی نەبینراوە.

٥٦

کەنار هیچ نییە، قوڵایی باشترین شوێنە، یان بۆ رزگار بوون یان بۆ خنکان.

٥٧

هەتا مردن بەپێ دەڕۆم و هەموو ژیان لەخۆم هەڵدەگرم.

٥٨

ئەی دیموکراسی، قسە بکە و شەرم مەکە، دەستت بە خوێنی چەندان مرۆڤ سوور بووە؟

٥٩

دڵ بۆتە گیرفان، خوردەی هەموو شتێکی هەیە، تەنیا ئەوین نەبێ!

٦٠

گۆرانییەکەتم قلّپ کردەوە، تەنیایی و تووتن و تەم بەگۆڕێ وەربوون.

***تێبینی: لە جیاتی شیعر، پرۆژەیەکە، بەردەوامی هەیە.**

سەرگۆن پۆڵس

ئەدیب نادر

لەدەمەو ئێوارەیەکی وادا،
پەنجەرەکان لێڵ دەبن و
لەسەر دیمەنی پانۆڕامیکی دنیادا وەکو هەور دەردەکەویت
.. سەرت لەناو دەفری هەتاو هەڵکێشراوە،
پەیژە تێپەڕیووەکەت بەژێر دڵۆپەی ڕەنگەکان، لەسەر پشتی ساڵە
دزێوەکاندا ڕادەگریت، لێدەگەڕێی کتێبەکان سێبەر بگرن، لێدەگەڕێی
پەپووله نەگیراوەکان بیکەن بەگوڵزار، لەسەر پشتی ساڵێکی بێ وادە
پەیژەکەت هەموو ڕەنگەکانی لێ هەڵدەوەرێت،
سەرلەبەری تولاَزیت ڕۆژانێکی بێ ئەمەکە لە سەعاتێکی پەککەوتوودا
جێ دەمێنێت
لەپڕێکا،
تریفە وەک نێچیر هەڵدێت
لە پڕێکا ئەندێشە لەبیری دەچێت کە نێچیروانێکی سەلیقە ونکردووە
لە پڕێکا تەمەن گۆرانی ئەو مەلە خۆشخوانەیە کە قۆچەقانی
دەنگی پڕ سەدای لە بێژنگ دەدات , لەپڕێکا
ئێوارە ڕۆحی دنیای تیا بڵاودەبێتەوە
دوا ساتەکانیش چرکەی کوێرن

مەودایەکی بێئەندازە لە گوێ دووریان دەخاتەوە
وەک بکوژێک، وێنەیەک دەکەیتە سەرزەمینێکی غەوارە،
دەتەوێ شتێکی سەیرسەیری تیا حەشار بدەیت، تەمەنی خۆتە، کوشتووتە..

تەمەنێک پەردەپۆش دەبێت کتێبی ئاگرە
............باخچەی پەپوولە ڕۆح شێتەکان دالّدەی تیا دەگرێت
ساڵەکان ڕوخساری دەمامکداری خۆیانی تیا لەبیر دەکەن
ترپە بێ خەونەکان لەو ئێوارانەدا تەوەزەل، وەک کرم تەوەزەل
لەسەر لاپەڕەی ئەو ساتانەدا دەنووسیت:
کرم..چ پێویستییەکی بە ماتماتیک و تیۆری ڕێژەیی هەیە ئیتر،
کرم..لەدیو ڕووی قێزەوەنی زەوییەوە پێداویستی بەچی هەیە ئیتر..

خەریکبوو، ساتێک لەناو شتەکاندا، لەیادت بتەکێتەوە
کە زۆر دەمێکە وشەکان تۆرەمەی تۆن،
قەڵەم ئامێرێکە
شەونم بۆ پەڕەی گوڵەکان وەک شیعر دەنووسێتەوە
شەونم خەونێکی تەڕە بۆ ئەوانە دەیخەیتە سەر پەڕەی ڕەنگاوڕەنگی شیعر
کە خەونەکانیان قاقڕە، حیکمەتە بێگەردەکەی ئەبوعەلای مەعەڕڕیی
لەمیانەی دڵێکەوە کە کۆڵی داوەو
ئاواتە هێشتا بەسەر نەچووەکاندا
مەودایەکی پرشنگداری پەشیمانیی هەڵ ناوەرێنێ
شەرم وەکو شانە دارینەکەی دایکت هزری ئاڵۆزکاوی بۆرت ناکاتە
کانییەک گیانیشت وەکو بیری قووڵ مۆمیا ناکات
جارێکی تر وشە تیشک بەسەری ئەنگوستە خواڵووەکانت نابەخشێت
ئیدی شیعرو یادوەری بۆچی دەگەڕێن
ئیدی شیعرو یادەوەری بۆ کوێ دەچن؟

شیعر..ڕووبەرێکی سەیرە یادەوەری هەڵدەمژێت
کەشتیی هەناسەپێوارەکانت بێ نیگەرانیی تیایدا بەرەو ئاڕاستەی ئەزموونە وێکنەچووەکان
با دەیانبات ..زەمەن، یادەوەری هەڵیدەخەڵەتێنێ،
بۆیە کەڕەتدەبێت هیچ شتێک ناسڕێتەوە تاریکی نەبێت

چی دەشاریتەوە لە ئێوارەیەکی وادا، یادەوەری ی ی؟ بێهوودە دەتەوێ
شیعر فریوو بدەیت..تائێستایش درکت بەوە نەکردووە ئاخۆ یادەوەری
شوێنێکە لەناوجەستەی نووسین، یان نووسین
شوێنێکە لەناو جەستەی یادەوەری؟
ڕووناکی لە زمانەوە دێت، یان چاوەکانی یادەوەریت چرکە دوای چرکە
پێناسەیەکی نوێی بۆ دەکەن و خۆیان دەکەن بە سەرچاوە
ڕووناکی لە ڕابردوویەکەوە دێت کە ناتوانیت بیگۆڕیت
کاڵنابیتەوە وەک سێبەر
تۆخیش نابێت وەک تاریکیی
ئەمانە باڵاپۆشێک نین بەبەری تۆۆۆ

ئێستا..ئەلبوومە تەماوییەکانی لەندەن زستان هەڵیان دەداتەوە
چەتر شمشێرێکە ڕۆشناییە هەڵوەریووەکان بۆ ڕێگا کۆدەکاتەوە
............جاروبار گومڕایی تولاَزێکە ڕێنماییمان دەکات
جاروباریش سیلەی کۆلانەکان فریشتەی قژ زەردن
وەڵامی پرسیارەکانی جیۆگرافیامان دەدەنەوە
ئەم ئاڕاستانە بۆ کوێ دەچن..
تەڕبوونی دنیا پەنجەرەکانمان لێڵ دەکات
ئەو ڕۆژە دوورانەی کات وەکو گوڵەبەڕۆژە دەیقرتاندن
چاوەڕوانییت قرچۆک نەبوو
گۆرانی شارێک..لەشارەکانی مێژوو نەدەچوو،
دەیگێڕایەوە باوەشی مێرگەکان ..ڕوون وەکو ئاو ,میهرەبان وەکو فوارە
کەپەنجە لەپێستی شینی ئاسمان دەسوێ

شوێنەوارت لەسەر دیمەنە پانۆڕامییەکانی دنیادا بەجێ دەهێشت
............ئێستایش بارانی وشەکان زەوی نادۆزنەوە
ئێستایش گوڵی درۆ بەساڵداچووەکان لە بەرۆکی شار ناکەون
شۆستەکان گیرفانیان نییە
تفی گریگۆری سامساکان هیچ شوێنێک نابوێرێت
چونکە جەللادێک بۆ کەنداڵە بورکانییەکەی خوا دەنێرنەوە و
ئەشکەنجەو ستەمیش تۆختر پێچوپەناکانی ژیان ڕەنگڕێژ دەکەن
ئیتر نەوەکان چۆن پایدۆز لە کێشانی جگەرە دەکەن...
............ئۆتۆمبێلەکان
بێلێبڕ لەسەر شەقامە بریندارو شەرمەندەکاندا خەونی گەمژەی منداڵیی تۆ
دەشێلن و یارییە لەتۆ بێبەرەکان دیسان کاڵ کاڵ دەبنەوە
مناڵەکان زێراب لەدەمیانەوە دەتەقێت، ڕەنگە تیایاندا هەڵبکەوێت
شیعرە ڕووت و جنێو فرۆشەکانی (ئالەن گینزبێرگ) وەربگێڕێت

وێستگاکان..ئێستایش هەر دەکەونە ناو نەخشەکانی چارەنووس
شەو هەمیشە دڕندەیەکی برسییە شەوبۆی مانگێکی دەوڵەمەند تێری ناکات،
هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوویت
تووڕەیی دەرەوە خۆڵەمێشی ناوەوە ببوژێنێتەوە، بەڵام لافاوی
ترسنۆکیی دەرەوەی نوقوم کردبوو
هەمیشە ناوەوە وەک بوڕکان دەورووژا
هەمیشە ناوەوە گرەوی لەدەرەوە دەبردەوە

تەڕبوونی دنیا پەنجەرەکانمان لێڵ دەکات
ئاڕاستەکان بەردەوامن لە ڕۆیشتن..
شۆستە بە کتێب قەرەباڵغەکانی ئێرە
لە دوو توێ دا حیکایەتگەلێکی تریان حەشار دەدا
خەونەکانی شاریان دەخستەوە نێوان پیادەڕەوەکانی بیرت
خەونەکانی کەرکووک جادەی بێکۆتای شیعرن ئێستگەکان دەسڕنەوە
ئەو ڕۆژانە چەند ترسناک بوو نووستن، مەوداکان چەند پڕبوون لە
بێداری و ونبوون، هەموو ئێوارەیەک بارەکان ڕۆحە تاریکەکانیان
هەڵدەلووشی و لەگەڵ بادا..دەیانبردن بۆ دووووووور

ئەمڕۆ یەکشەممە نییە لێرە، بەڵام کە شێوەی (سەڵاح فایەق)
دەروازەی زەبەللاحی ئێستگای (کامدن) دەکات بەچوارچێوە، پڕ دەبین
لەخەندەیەکی ڕتووش کراو بەباران، کڵاوەکەی سەڵاح
دەکەوێتە ئامێزی چەترەکە، تەڕبوونی دنیا فەرامۆش دەکەین
بەدەنگێک دەڵێین با لەسۆراخی (سیدۆری) یەکدا بین
بازنگەکانی زایەڵەیەکی پڕ ئۆخژن لە پێکەکانمان هەڵسێنێ
مەستیی بکەینە بانێژەیەک، لێیەوە لەڕابردوویەک بنۆڕین
نینۆکە تیژەکانی یادەوەریمان بگروێ و وەکو شەوبۆ شەوە بێتام و بۆیەکانمان ئابڵووقە بدات
............چەند هەنگاوێک لەولاتر
بەرۆکمان دەستی کریستیانێک دەشارێتەوە
: دەزانن (مەسیح)گوناهەکانی ئێوەی لەگەڵا خۆیدا بردووە
(ئازاد ئەحمەد) بەجیددی مەزاق بەو شتانە دەکا
((ئێمە گوناهمان دەرهەق کراوە بۆیە لێرەین
دیارە (مەسیح)گوناهەکانی ئەوانی...لەگەڵا خۆی بردووە))
خودا تا دێت مەودایەکی دوور تر لەگەڵا مرۆڤدا وەردەگرێت و
باوەڕی پێی نامێنێت..ئێمەیش لە ئەزەلەوە لێی دوورین ..
ساتەوەختێک تراژیدیاکە پێکەنین تاتووی دەکاو گەڕەلاووژەی
دوانەهاتووی (کۆتایی دنیا)گەمارۆی بیرمان دەدات، شەستەکان
و (جەلیل قەیسی)و سەوزاییە بێ ڕتووشەکانی ئەو دەمە..قسەکانمان دەڕفێنن،
لەپڕێکا ئاوی سۆزین، شەرمینی خۆتمان لەناودا
نوقوم دەکەیت..

زمان ,وشە، بەردەوام دەیانگێڕایەتەوە ژێر ساباتە شینەکانی ڕابردوو
هیچ نایەتەوە بیرت لە گەڵیاندا مەودا چەکەرەی کردبێت
ئێستا..خۆیان دەکەن بەڕەز، چامەکانت تەڕ تر دەبن ,ئەتمۆسفێرەکە
حالا دەیگرێت،
لەژێر قاچی درەختێکدا مارێک کاژی فڕێداوە
ڕۆح وەکو مەلێکی برسی
هەڵناکورمێ
دەڕوات

تا لە هەرکوێی ڕووباری کەفچەڕی یادەوەری دا بووە
کلکی بەجێماوی سەرەمێکوتە نادیارەکان بدۆزێتەوەو
ببێت بە قیرە قیرڕی ئایندەیان، ماسییە زیووییە ونەکانیش
بە سەرابی ئومێدە دوورەکانی خۆی دیسان زیندوو بکاتەوە

تەڕبوونی دنیا و ونبوونی ئاڕاستەکان بەردەوامن، پەنجەرەکانمان
لێڵ دەبێت، ئەو ڕۆژە دوورانەی چاوەڕوانیت، وەرزەکان
سەخاوەتیی بێڕادەت دەنووسنەوە، گۆرانی شارێک..لەشارەکانی دنیا ناچێت،
دەیگێڕایتەوە لای مێرگەکانی ڕابردوو.. ڕوون وەکو ئاو .. نایاب هەروەکو قەڵبەزە
کە چرنووک لەجەستەی تینوێتی دەشارێتەوە
............زەوی تۆ کاغەزە کاغەز
وەکو کەشتیارێکی لە کوللە هەڵاتوو خەڵتانی ڕاکردنێکی بێکۆتایت
جێ پەنجەکانت شەوبۆیین،
چیدی شاراوە نییە...ئەوسا شیعر بووکێک بوو لەگەڕەکی جەنجاڵی
(تەپپە) دا شەوێکی لاژوەردی هاتە کەژاوەی خەونەکانتەوە،
چەردەیەک سێبەر شاییان دەکرد، لەچیای ئۆڵیمپەوە شەبەنگێک هات،
وەکو نانەوایەکی دڵگەورە
لە پی دەستێکی نەرم ونیانی بە تەوێڵە شەونماوییەکەتدا هێنا

تۆ هەمیشە لەبەر چاوی سێبەرەکاندا تەنیا بووی
: ئەی شیعر تۆ بڵێ، ئەوەی ببێتە مەلەوانی زەریای پڕ گەنج و مرواریت
هەموو شتێک کرنووش نابات بەرامبەر بە دەست لێدانی
ئەی شاعیر لەو مەودایەدا تەلەفۆنێک..دەیتوانی بێتە زایەڵە
بەڵام ئەمنیژیای ئیش کردنی ڕۆژانە، هەردەم ژمارەکەتی لەیادم دەرڤاندم،
تالە (کامدن) دا , تا لە باڕی (کۆتایی دنیا) دا پێکەوە
دانەنیشتن، تا ئەلکهۆڵە ڕەنگامەکانی دنیا ئاوێتە نەکەین و
مەستیی نەکەینە بانێژەیەک، تا
لەوێوە، بگریەین ,بۆ ئەوەی پەرتگای ڕۆحمان تۆفان ڕەنگاوڕەنگی بکاو
هەموو گوناهەکانی ڕۆژهەڵات سەر ئاو کەون،
گوناهەکان...

..ئەوسا منیش، بەلێوە ڤۆدگاوییەکانم پەنجە شیعراوییەکانت مڕ
بن و فرمێسکە زۆربلێکانم بەخوماریی وڕێنەی لێبووردن بکات
بۆ ئەو هەموو کەنداوەی مەوداکانی نێوانمانی لێک دەترازاند..

: ئەی شاعیر زەوی تۆ خەونە خەون..خەڵتانی ڕاکردنێکی بێکۆتایت
(سەلاح فایەق) چاوەکانی بە گەماڕۆی پێکەنین دەبنە زەنگیانە، بیر
لەخەونەکەی تۆ دەکاتەوە، دەڵێ بەنیگەرانیی ئاوس نییە
سێکس تیایدا دانسقەترین شتە..تەواو نابێ هەر بەردەوامە بەردەوام
............زمان لەسەرتاپای جەستە بەکاردێنێت ..شیعر لەسەرتاپای
جەستەدا دەنووسێت..
چڵە ناسکەکانی شەرمم مەودایەکی تر دەگرن،
لەخەوندا بەردەوامیی یادەوەری دوا دەخات
مەرگ دوا دەکەوێت
لەگەڵ ئەوەیشدا تەمەنی خۆتت کوشتووە
مەرگ،
ببورە حەشار نادرێت

..لەوێ، لە باڕی سیحرئامێزی خەیاڵدا، دەمەوێ وەک شیعر
ببمە شۆخێکی سەمەرە، بیناییم پڕکەیت لەجوانیی، تەنانەت وێنەیەکی
شەرمنیش ناکەوێتە ناو ئەلبومی پڕئەفسووسی یادوەرییە
خووساوەکان،
مەوداکان مەچەکن ,بازنگی سەرابەکان ئەفسوونیان دەکەن
یادم بەو بیرە سیخناخ دەبێت
بۆلەناو دیمەنێکی وادا سیحری جوانترین ڕابردووم هەڵنەوەراند
بەخۆم دەڵێم .. بە بێئەوەی وەڵام لێم نزیک بێتەوە

ئیدی چیرۆکێکی (سالار عەبدولڕەحمان) تاریکیی هەولێر باڵادەست تر
دەکات، دەرگای حەوشە دەڵێی پێستەی دەهۆڵێکی دڕاوە
دەستێک
کە نەمزانیووە بەدفەڕە
لە ئێوارەیەکی وادا
دەیکات بەدەم بۆ سەدا خورپە بەخشەکان
سۆڵە مەلوولەکانم باڵ دەگرن
بەو ئومێدەی (سەباح ڕەنجدەر) بە سۆراخی تازەی شیعرێکەوە
هاتبێت، هەموو شتێک بکەوێتە کڕنووش
بەڵام لەسەر کۆسپە نزمەکەم دەبینم ئەوەی هەموو تەمەنەکانی
کوشتووە، ڕاوەستاوە
پسووڵەی مووەلیدەم بۆ درێژ دەکات

حوزەیرانی ٢٠١٢: هەولێر

ناگەمە شیعر

زانا سامان

لە غەریبیدا نابمە خۆم،

لێرەم
لەناو بەستەڵەکێک مەراق
گیرمخواردووە
لای ڕووبارە خوێن ساردەکانی مەنفا
لە تەنیشت گۆڕەکەی نیێتچە
لە پشت ڕۆمانی عەتر
لە شتوتگارد،
وەلێ من خۆم نیم
بێکەسێکی غوربەت نشینم
بایی ئەوەندەم بیرماوە
ساڵانێک دەشیعرام
ئێستا نازانم،
هانۆڤەر خۆشە
بۆ من نا، بۆ خۆیان
ئەڵمانییەکان،
دڵم بێتام گوشراوە
دڵم بێحەد لێ دەدات
وەختە لە پێستی خۆم دەرچم
نەک لە شتاینتۆر،
من دەزانم ناگەمە شیعر
چوون غەریبیم خۆشناکاتەوە

ئاسمانێک دێت، من لەوێ دەبم
پاییزێک دەگات و
من لەوێ خەریکی وتنەوەکانی خۆم دەبم
دەستی قەسیدە دەگرم و
دەڵێی هەر مەنفام نەدیوە
دەڵێی هەر پیاوەکەی جارانی باخم
ئەو دەمەی هەتاومان لە خۆر قەرز دەکرد
هەتا گندۆرەکانی تەنیایی پێ شیرین بکەین،
ڕۆژێک دێتە ئیحساسمەوە
کتێبێکی تر بنێم بە ئەدەبەوە
خۆم لەسەر ئەوە ڕابێنم
بێ ئەدەبی لەگەڵ قۆخەکاندا نەکەم،
شەکرۆکەی پەیڤەکانی خۆمم خۆش بوێت
لێم مەگرن
من چاوی خۆمم پێ نابەسترێ
لە نیگا کردنی نوور
لە تەماشاکردنی هەنار
خۆم دەناسم چەند شەرمنم
ئەوەی دەیانڵێم
جۆرێکن لە وڕێنە
شێوەیەکن لەوەی بڵێم
خودایە چەندە شاعیرم.

کراسێکی شەکەت

خەلیل زێوەیی

هاوڕێکانم هەندێکیان لە کۆلارە دەچن،
ساتێک بەدەستی منداڵانی کۆڵان و
ساتێک بە گوێسوانەی بانێکەوە
هاوڕێکانم میلی کاتژمێرێکی لە کارکەوتوون، بەدیار زەمەنەوە وەستاون
وەک باران بەسەر هەموو شتێکدا دەبارن
هەتا غەفلەتی خۆشیان
هەریەکەیان لە کۆڵانێک ژیان دەکڕێت
ئەوان لەیەک دەچن.

ئەگەرچی ئەوان لە وەرزێکی تەزیودا
چەمۆڵەیەکی نەزیفیان لەبەر دەرگای
ماڵەکەمان چاند
بەیانییەکانی منیان نغرۆی زوڵمەت کرد
کاسەیەک خوێنی بەریئیان کردمە دەست
ئەو ڕەشۆڵانەی
ئێستاش بەسەر ماڵی ئومێدمان هەڵنافڕن و
دەنکێک گەنمی ڕزیو لەسەربانەکانمان هەڵناگرنەوە
هاوڕێکانم
ئەوانەی بەبەر دەرگای ماڵەکەم ڕەتبوون و
کتێبی بیرەوەرییەکانیان سووتاندم
شووشەی حورمەتیان ورد و خاش کردم
هاوڕێکانم

ئەوانەی لە دەرگای بەختەوەریمەوە هاتنە ژوور و
لە پەنجەرەی بەدبەختیمدا
کەنارییەکانیان لە باخچەکەدا دەکوشتم
هاوڕێکانم
وەک ئەفسانەی ژیانێکی ون بوو
وەک هەڵاوسانی رۆژێک بەدیار تەنیاییمدا
بیریان دەچوو
من هێشتاش سەودام لەگەڵ پەڕەی گوڵ و باڵی پەپوولەیە
من هەمیشە چۆلەکەیەکی شێت
ئیحساسی پەرتم کۆدەکاتەوە
حەشرم لە گەڵ ئەو کوکوختیانەیە خودا بە مرۆڤی نەناساندوون
وەک مەسیح عاتیفەم بە خاچێکی دوور مەوداوە
غەریبانە هەڵواسراوە
هاوڕێکانم بیریان چوو
من لەجنسی ئەو ماسییانەم
بە شەپۆلێکی بچووک لەت لەت دەبم
بیریان چوو
ئەوکات بارانێکی شەرمن

گەڵاکانی خستبووم
پایزێکی تەڕ دەستی بۆ ڕاخستبووم

ئەوان بوون
لە بێداریمدا عاتیفەیان دەدزیم و
لەخەودا پاڵیان بەڕوانینمەوە دەنا
کەچی هێشتا ئەوە منم
وەک مەیلێکی دۆڕاوی پاش ماوەی جەنگ و
کراسێکی شەکەت و
زیکرەیاتێکی هەراسان و
خەونی قەیرەکچێکی دوای شکست
هەمیشە ڕەنگی تر دەگرمەوە.

چەند شیعرێکی عەلی کاکاوند

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

(نوح)

بەڕاست کاتێک نوح
تەمەنی بووە نۆسەد ساڵ
شتێکی لە منداڵی خۆی بیر دەهاتەوە؟

(دایەگەورەی بێ دەست)

من کە کڕنووشم بۆ کەس نەبردووە
لە بەرامبەر تۆدا دەنووشتێمەوە
تا قەیتانی پێڵاوەکانت بۆ گرێ بدەم
دایەگەورە بێ دەستەکەم!

(تاشەبەرد)

لێگەڕێ لەم ئەشکەوتەدا
وەها لە یەکتریدا ون بین

بە دیوارەکانەوە بلکێین و بمرین
ساڵانێک دواتر کەسێک لێرەوە تێدەپەڕێ
وێنەی دوو خێوی ئەویندار ببینێ
کە ئیدی ئەوسا دوای نەوەیان بڕاوە.

(ئەبەدی)
گەرچی لێرە کامێرایەک لە گۆڕێ نییە
کە دوایین هەناسە دەدەیت، پێکەنە
تێکەڵەی مردن و کەنین، مرۆڤ جوانتر دەکات.

(نەمری)
تاڵێک لە قژی کچی چاپخانەکە
کەوتە سەر پەڕەی کتێبەکەم
دواتر چەند هەزار کەس کۆپی قژی ئەویان بینی
کێ چوزانێ؟
رەنگە ساڵانێک دواتر
هەر دووکمان نەمربین.

(هەوەڵین ئەوین)
گوڵەکان نایلۆن بوون
دوای ساڵانێک بوو تێگەیشتم گوڵفرۆشییەکان گوڵی راستەقینەشیان هەیە
ساڵانێک دواتر بوو تێگەیشتم ناوچەوانت تێک نابوو.

(ناودژ)
قەلەڕەشەکان بەفریان خۆشدەوێ
کۆتریش دووکەڵکێش
باڵندەکان بە دژەکانەوە دەژین
تۆیش بەم هەموو هەستەوە
لەماڵەوە قەفەسی کەنارییت هەیە.

(برۆنزی)

چەند قەڕنێکە ئەوینداری سکرتێری مۆزەخانەکەم و
دەستم بۆ درێژ کردووە
ئەو پێیوایە من تەنها پەیکەری فەرماندەیەکم
کە بەڕێکەوت دەستی رووەو مێزەکەی ئەوەو
خەریکە فەرمانی جەنگ دەردەکات.

(دەریا)

دژوارە دەریابوون
دایکێکی چەند غەمگین و پرسەدار!
دەبێت ئاگات لە ماسی و ماسیگریش بێت.

(هێوری)

گەر هاتییە لام
دەریام بۆ مەهێنە
راستە دەریا شەپۆلی هەیەن رۆخی هەیەن گوێچکەماسی هەیە.
بەڵام ماسی و کۆسە ماسی و لاشەی زۆریشی هەیە
دەزانی من نە حەوسەڵەی ئاژەڵیماڵیم هەیە
نەدڵی لەباوەش گرتنی ئەم هەموو لاشەیە.

(تەنیایی)

لە پشتەوە تەقەیان لێدەکرد
لە پێشەوەیش تەقەیان لێدەکرد
کە شەڕ تەواو بوو
هەموو گەڕانەوە ماڵەوەو پێشوازی گەرمیان لێکرا
ئەو هەروا سەنگەر بوو.

(گوندی جیهانی)

گوندی جیهانی بێ مانا ئەمەیە:
لە کونجێکی ژوورەکەدا رادیۆکەت بە گوێتەوە نووساندووە

تا دەنگی هەواڵەکەی لە نێو بۆمبابارانەکەدا باشتر بژنەوی
ئەو لەسەر قەنەفەکە هەلاژاوەو
کەناڵەکان دەگۆڕێ
تا بزانێ لە وڵاتەکەی تۆ چ باسە.

(تۆران)

ژنە پێڵاوەکانی جووت دەکات
وەک دوو کەروێشکی سپی نیگەران
کابرا کاتژمێرەکەی دادەنێ
وەک کەڵەکی نزمی دەوری ئۆردوگا
ژنە جانتاکەی هەڵدەگرێ
رێک وەک ژنەکەی وێستکەی کازابلانکا
کابرا لە سەر سیسەمەکەی رادەکشێ
وەک تابووتێک کە سەری مردووەکەی دیار بێت
ژنە لە پێچی پلیکانەکان دەچێتە خوارێ
وەک کەوتنە خوارەوەی بەرد بۆ بنی دۆڵێک.

(بلدۆزەرەکان)

ئەم هەموو ماڵەمان رۆناو
خشتێک نەبووە هی خۆمان ,
من و بلدۆزەرەکان باشتر دەزانین
رێگەکان دروستکراون
تا مرۆڤە سەرگەردانەکان سەرگەرم بکەن
ماڵەکانیان دروستکردووە
تا مرۆڤە سەرگەرمەکان بخەوێنن.

(گەڵاکان)

گەڵاکان یەک یەک دەوەرن
جارجارێکیش بەکۆمەڵ گۆڕێکی لوولەکی لە هەوادا دروست دەکەن.
دار بەردەوام دەبێت
پرسەداری منداڵەکانی نابێ
پێیوایە ئەوان چوون بۆ سەفەر و
دووبارە دەگەڕێنەوە.
گەڵاکان تاق و تەنیا دەوەرن
تاق و تەنیا پان دەبنەوەو گسک دەدرێن
بەڵام هەموو پێکەوە دەسووتێن.

(هەڵپەسێراو)

من بیر لە گوێرەکەیەک دەکەمەوە
کاتێ گەورەبوو نەبێتە گا.

سەرچاوە:

سردخانه
علی کاکاوند
موسسه انتشارات نگاه
تهران، چاپ اول، ١٣٩١

كازیوه ساڵح

تۆماری وێنەكان لە دووكەڵی جگەرەدا

بە سەر شەقامەكەدا بەرەو ساختمانەكەم تێ دەپەڕم ،لە دوورەوە چاوم لێیەتی، پاش گسک دان و پاكردنەوەی شەقامەكە، دەچێتە سێبەری دار (مەیپڵ)ەكە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت، كە بە لایدا تێدەپەڕم جگەرەكەی لە پشتییەوە دەشارێتەوە و سەری سڵاو و ڕێزم بۆ دادەنوێنێت و زەردەخەنەیەک دەگۆڕێتەوە. كە دەگەمە ساختمانەكەم لە باڵكۆنێكەوە چاودێری یەكەم و هەر ژنێک بە لایدا تێدەپەڕێت هەمان ئاكار دووبارە دەكاتەوە.

ئەو پیاوە نموونەی ئەو گەنجەی وەبیر هێنامەوە كە زۆر كات لە قاوەخانەكەی گەڕەكی خۆمان دەمبینی پاش ئەوەی نیوەی قاوەكەی دەخواردەوە، دەڕۆیشتە دەرەوە جگەرەیەكی دەكێشا و دەگەڕایەوە ژوورەوە قاوەكەی تەواو دەكرد. ڕۆژێک گووتی دەمەوێت زۆر بە ڕاشاكاوی پێم بڵێت تۆ بۆچی ڕازی نەبوویت ببیت بە هاوڕێم؟

گووتم: لە بەر ئەوەی جگەرە كێشی.

-تۆ حەساسیەتت بە جگەرە هەیە؟

وەڵامم دایەوە: من تەنها حەساسیەتی جەستەییم بە جگەرە نییە، بەڵكو حەساسیەتی عەقڵی و ویژدانیشم هەیە.

گووتی: هیچ تێ نەگەشتم ، بەڵام هەموو جەستەم گوێیە و گوێم لێ گرتوویت، دەتوانم بزانم مەبەستت چییە گەر بە ئاسایی بزانیت؟

«بەڵێ بێ گوومان» وەڵامم دایەوە، « من ئێستا لە تۆ دەپرسم، هەموو جگەرەكێشێک دەزانێت جگەرە چ زیانێكی تەندروستی و چ مەترسێكی بۆ ژیان هەیە، هەمووشمان دەزانین مرۆڤی جگەرەكێش بەردەوام بۆگەنی تەپڵەكی جگەرەی لێ دێت ئەگەر خۆشی هەستی پێ نەكات یان ڕای جیاوازی هەبێت، وایە؟»

بە دەنگی بەرز پێکەنی « زۆر ڕاستە»
« باشە» گووتم، « ئێستا کە تۆ دڵسۆزی ڕۆح و ژیانی خۆت نیت و بەو شێوەیە لە ناوی دەبەیت، من بۆ متمانەت پێ بکەم کە دڵسۆزی ڕۆح و ژیانی منیت؟ تۆ کە دەربەستی پەسەندی خۆت نیت لای بەرانبەر و بەو بۆنە خۆت بێزەوەر دەکەیت ، من بۆ متمانەت پێ بکەم کە دەربەستی پەسەندی و هەستی من دێیت؟
چاوی بڕیە گۆشەیەکی زەوێکە و بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بوو، پاشان بە دەنگێکی هێمن و بە دەم هەناسەیەکی قوڵەوە گووتی «من داوای بەخشین دەکەم کە کردارە ناپەسەندەکانم بێ ئومێدیان کردیت، دەبێت دان بەوە بنێم کە ئەمە یەکەمجارە ڕووبەڕووی پرسیارێکی وا دەبمەوە لە ژیانمدا. تەنها پێم گوتراوە خراپە ئەوە مەکە، تەنانەت کە مناڵیش بووم باوکم پیاوێکی سەربازی بوو، دایکیشم کابانێکی ماتماتیکی هەموو شتێێکی بە حساب بوو، هەرگیز لێیان نەپرسیوم بەرپرسیارەتیت بەرانبەر بە خۆت، ڕۆحی خۆت و جەستەی خۆت بەرپرسیارییەتیت بەرانبەر بە کەسێکی تریش دیاری دەکات، هەمیشە گرنگی پابەند بوون بە کاتژمێرە میقاتکراوەکانی نان خواردن، لە خەو هەستان، یاری کردن و بۆ خوێندن ڕۆشتن قسە و باسی سەر سفرەی ئێمە بوون».
بە دەستی ڕاستی پشتی سەری خوراند وەکو ئەوەی ئایدیایەک لە نەستەوە بگوێزێتەوە بۆ هەست، بە لێوەی داخراوە و زەردەخەنەیەکی کرد و پاشان خۆی ڕێکردەوە و ڕووی تێکردم و پرسی: «دەتوانم داوای چاکەیەکت لێ بکەم؟»
«بێ گومان، فەرموو، هەرچی بە من بکرێت» لە وەڵام پێم گووت.
«من لە ئێستاوە بڕیارم دا واز لە جگەرە بهێنم، پاکەتەکەی دەستی وردکرد و چەند هەنگاوێک بەلاترەوە کردیە ناو تەنکەی خۆڵەکەوە، دەتوانیت ببیت بە چاودێرم، بۆ ئەوەی لاواز نەبم نەگڕێمەوە سەر جگەرەکێشان، سوێند دەخۆم لە دوو هەفتە زیاتر نەخایانێت، ئەرکی تۆ تەنها ئەوە دەبێت ڕۆژانە تێکستێکم بۆ بکەیت هانم بدەیت یان بیرم بهێنیتەوە»
«تۆش پەیمان دەدەیت کە ئەمە بڕیاری ڕاستەقینە بێت و پاش ماوەیەک نەگەڕێتەوە سەر ئەو خووە» من لێم پرسی و ئەویش پەیمانی دا کە بڕیاری ڕاستەقینە بێت ، ماوەی ئەو دوو هەفتەیە جگەرەی نەکێشا و ئیتر من پێم گووت کە ئەرکم لەوێدا کۆتایی پێ هات. پاش شەش مانگێکیش تەلەفونی بۆ کردم بۆ ئەوەی قاوەیەک لە گەڵ خۆی و دۆستە کچە بخۆمەوە، چوون کچەکە دەیویست سوپاسم بکات و گووتی ئەگەر جگەرە کێش بوایە ئەو نەیدەتوانی لە گەڵی بژی.
هەڵوێستی ئەو دوو مرۆڤە گەڕاندمییەوە بۆ یادەوری دیالۆگێکی دژاوار کە هەر لە درەئەنجامی قسەیەکی وەکو ئەوەی پێشتر هاتە ئاراوە، من وامزانی لە بەر ئەوەی پازدە ساڵ بوو زیاتر لە

دەرەوە ئەژیا وەکو هەر کوڕێکی ڕۆژئاوای ببورەیەکی بەسە بۆ ئەوەی ئیتر دەستبەرداری ئەو گفتوگۆیە بێت و بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات، بەڵام ئەو وەکو هەموو پیاوێکی تری کورد جەختی لە سەر داواکەی دەکرد، نەک لە بەر ئەوەی خولیای من بووبێت، بەڵکو وای هەست دەکرد لە شەڕێکی دوو جەمسەریدایە و ئەو دەبێت لە جەمسەری براوە بێت.

بە بێزاری و ناچاری گوتم «بەڕێز تۆ پێویستە بە ببورەیەک بکشێتەوە، نەک وەکو ئەوەی لە دادگای تاواندا بم پرسیارم لێ بکەیت و داوای سەدان بەڵگە و وەڵامم لێ بکەیت کە بۆچێ هەڵتنابژێرم، خۆ ئەگەر هەموو ئەوانەی وترا لە بیر بکەین، هێشتا لە بەر ئەوەی جگەرە کێشیت لە گەڵ من ناگونجێیت ، پێویستە بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت لە گەڵ سیفاتەکانی خۆتدا بگونجێت»

« جا توخوا عەیب نییە تۆ قسەی وا دەکەیت، خۆ تۆ بە حساب ڕۆشنبیریت، ئەی لەو ڕۆشنبیرەی باسی ڕووخسار و جگەر و خواردنەوە و ئەم شتانە بکات , ئەی نەخوێنەوارەکە چی بڵێت؟»

من لەو کاتەوە ژیانم لا ناشیرین بوو کە هەموو بودەڵەیەک وشەی ڕۆشنبیری بە کاردەهێنا، بە هەموو کەسیش دەوترا ڕۆشنبیر، ئەوەی: پانتۆڵی لە بەر بکردایە، ئەوەی ددانی بشووشتایە، ئەوەی هەردوو تاکی گۆرەوییەکەی یەک ڕەنگ بوایە، تەنانەت ئەوەی عەینەکی لە چاو بکردایە، کورە ئەوەی جانتایەکی ڕەشی پڕ مادەی بێهۆشکەری بگرتایەتە دەست، تەنانەت ئەوانەش ژنیان لاقە دەکرد و دوای دەیانکرد بە چیرۆک هەر ناوی ڕۆشنبیر بوو.

وشەی ڕۆشنبیر قێزونترین وشە بوو ببیستم و بخوازم پێم بگوترێت. لەگەڵ ئەوەشدا بیرم لەوە کردەوە، نامەیەک بۆ یەکێک لەوانە بنووسم کە بە تاقانەی پۆست مۆدێرن ناسراوە، ئێ دە وایە، کە کۆمەڵ بوو بە دوو بە دوو بەشی ناجسنی نەوی و باڵا لە سەر بنەمای ڕەگەز، تەنانەت عەقڵێشت کە موڵکدارییەتی کەس قبوڵ ناکات، مەگەر باڵا بتوانێت ساختە بتوانێت بەشەکەی لای نەویش بۆ خۆی تۆماربکات و بە ناوی ئەوانەوە بناسرێت، ئیتر چیت لە گێرانەوەی حکایەتی کۆترەکان و شپرزەیی فڕینی هەڵۆکان داوە، نا چاکتر وایە کاتی خۆت مەکوژە، هەر بە دەمی بە یەکێکیان بڵێ چی بنووسن و بڕایەوە.

لە پەنجەرەکەوە سەیری کابرای جگەرەکێش دەکەم بزانم هێشتا بە هەمان شەرمەوە جگەرەکەی دەکێشێت، دەبینم جارێکی دی کەوتوەتە هەڵگرتنەوەی گەڵا وەریوەکان. دەچمە سەر کۆمپیوتەرەکەم ئەو نامەیەی بڕیارم دابوو بنووسم، بە سەر شاشەکەدا دەگەڕێم بۆ پرۆفایلەکەی، دەبینم وێنەیەکی نوێی خۆیمان پێ دەناسێنێت، دیسان ناوچەوانێکی درژ و پڕ غەمی دەستکرد، چاوی لە نادیار بڕیوە و جگەرەیەکی ناوە بە لا لێوێوە کە دووکەڵەکەی هێڵێکی نارێکی لە سەر ڕوومەتە قوپاوەکانی کێشاوە.

چەند جار دێڕی یەکەم دەنووسم دەیکوژێنمەوە، ئیمەیلەکەم دەکەمەوە و دادەخەمەوە، بە

خۆم دەڵێم ئومێد لەویش ببڕە و هیچی بۆ مەنووسە و پەشیمان دەبمەوە. دواجار بۆم نووسی، ویستم ئەو پرسە بورۆژینم کێ دەتوانێت نموونەیەک بێت بۆ لاوەکان، بۆ خەڵکانێک کە پێوسیتیان بە خڵکێکە بۆیان ببن بە نموونە، بەڵام ئێستا دەمەوێت بپرسم؛ چ زانستێکی دەروونی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری سەلماندویەتی کەسێک هەمیشە پێبکەنێت مرۆڤێکی ساغ بێت؟ کەسێک هەمیشە غەمبار بێت کەسێکی ساغ بێت؟ چ جیاوازیەک لە نێوان کەسانێک هاندەری غەمن لە گەڵ کەسانێکی مەرگ دۆستدا دەکەیت؟ ..ئاه بیرم نەبوو، دیدارت ناکەم، من وەڵامی ڕاستم لایە، بۆیە وەڵامەکان تەنها بۆ خۆت هەڵگرە. دەزانم نامەکە دەکات بە خۆراکی سرینەوە و ناویشم بەر نووکی تیژی چەند جەندرمەیەکی پێنووس دەدات. هێشتا نیشانەی کەمپیوتەرەکەم دەگەیەنم بە بنێرە.

Canada , 2012 , May

پەڕەسێلکەی سپی

گۆران ڕەئوف

١

ئێستا سەرەتای وەرزی پایزە، کەش و هەوا هێشتا کەمێک گەرمە، زۆربەی ڕۆژ دوانیوەڕوان بەتەنها دەرۆمە قەراغ شار، هەر بەتەنهاش دێمەوە. هەندێجار لەگەڵ گەنجە نائومێد و وەڕەسەکان چەند کاتێکی خۆش بەرێدەکەم، ئەوان بەردەوام لەنێو سنەوبەرەکانی ئەوێدا دەخۆنەوە، تەواوی کاتەکانیان لەوێدا دەبەنەسەر، دەخۆنەوە و دەخەون و سیگاری هەرزان بەها دەکێشن و جارجارە نێرگەلە گەرمدەکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا هیچ کەس ئاگای لەوان نییە!

٢

من ئەم ماوەیە کەمتر بیر لە تۆ دەکەمەوە، زێدەتر خەیاڵم لای ئەوەیە نەگەم بەتۆ! بەهیچ لەونێک نزیک نەبمەوە لە خەونەکانت، دەست بۆ هیچ خەیاڵێکت نەبەم، ئێستا بیرکردنەوە لەتۆ وەک سەرەتا بێزارم ناکات و هەر لەخۆمەوە پەرداخ و موبایل ناگرمە دیوار، بەڵام هەندێجار بەرلەوەی بخەوم وەک ئەوەی لەگەڵ نەستمدا ڕاهاتبم موبایلەکەم ڕۆشن دەکەمەوە، بزانم نامەیەک، جەرەسێکت نەهاتووە، کە دێمەوە هۆش و تێدەگەم من خۆم پێمگوتویت ئیدی نە نامە بنێرە و نە تەلەفۆنیش بکە، بۆیە خەندەیەکی کەمێک دڵتەنگانە و غەریب دەکەم و لێوێک تەڕ دەکەم و دەخەوم.

٣

باوکم لەم ماوەیەدا وێنەیەکی تەواو وەڕسکەری هەیە، تەواوی ئەوکاتانەی لەماڵەوەم دەنگە دەنگمە لەگەڵیدا، ئەوەندەم قیڕاندوە بەتەواوی گەروم گیراوە، لە هەمووی ناخۆشتر گشت ئازار و بێتاقەتییەکان بۆ دایکمە، باوکم تێناگات من گەورەبووم و بەقەد هەموو تاڵەمووەکانی

سەری لە کەون بێزارم و بە کێشی هەمو هەسارەکان دڵتەنگ و عاجزم لە ژیان، ئەو هێشتا ئەمانەش نازانێت و پێمدەڵێت: «ئاخر تۆ بەشەری، ناتوانی کیلۆیەک تەماتە و تەنەکەیەک رۆن و سەوزە و میوە بهێنیتەوە بۆمان؟ یان وادەزانی من حەماڵی تۆم کوڕی قەحبە؟! کاکە بڕۆ وازمان لێبێنە و برۆ چیت پێخۆشە بیکە، کەم ئەم تەلەفیزیۆنە بگۆڕە بەدڵی خۆت، ئەگینا بەم دەستانەم وردی دەکەم، بە یەک ڕەنگی خوا هیچ خەمی ئەو پارەم نییە پێمداوە»!
من وەک ئەوەی کاسەی سەرم کەوتبێتە نێوان تایەی ماشینێکی بارهەڵگر و زەوییەوە، ئەوەندە هەست بە ئازار دەکەم، کاتێک باوکم لەو چەشنە قسانە دەکات!

٤

من ڕقم لەو قسانەشتە کە پڕن لە ستایشی توڕەبونەکانم، جڕتم بەو نامە گەوجانەت دێت کە سەرڕێژن لە قسەی بێتام، وادەزانی من ئەوەندە گەمژەم بەو شتە دووبارە و تەقلیدیانە فریودەخۆم؟! بێزارم لەو هەموو ئەو درۆیانەی وەک دەنگی کەڵەشێرەکان کە سپێدان مەستیم دەشێوێنن دەیانکەیت... بەگشتی درۆکانت زۆر نایابن، بەڵام بۆ من وەک هاوار و ناڵەناڵی سۆزانییەکە کە تووشی موسیبەتی خۆی بووە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم کە برۆ ئەو قسانەت بۆ گەنجێک بکە کە لەگەڵ خوشەکەکانیدا پێکەوە برۆی یەکتر لادەبەن، ڕەنگە یەکێک لەوانە باوەڕ بە درۆ جوانەکانت بکات... تۆ گەر کەر نەبوویتایە بێدەنگ دەبوویت و منت کەر دەکرد!

٥

هەندێجار بەبێ ئەوەی دایکم بزانیت کەلای گەنجە وەڕسەکانی قەراغ شارم تەلەفۆنم بۆدەکات و زۆر بە جددی دەپرسێت: «لەکوێی؟» منیش هیچ خۆم تێکنادەم دەنگی ئەو گۆرانییە تراژیدیانە کزدەکەم کە کوڕەکان دەیانەوێت لەگەڵیدا کەمە کەمە مەست بن، دواتر وەڵامی دایکم دەدەمەوە و دەڵێم لەگەڵ یەکێک لە برادەرەکانم خەریکی چاخواردنەوەین لە یەکێک لەو چایخانانەی بازار... بۆ ئیشێکت هەبوو؟! دایکم بەشێوازی قسەکانیدا دیارە هێشتا دڵنیا نییە لە ڕاست و دروستی قسەکانم و وەک شتێک دڵی خەبەری داوە کارێکی باش ناکەم، ئاخر ئەو بۆ زۆر شت دەڵێت دڵم خەبەری داوە... دەڵێت: «هیچ... ئیشم نەبوو، تەنها کەمێک خەمم بوو، باشە هەوڵدە زوو بگەڕێیتەوە» کوڕەکان هەموویان سەیری من دەکەن تا پەیوەندییەکەم تەواوکەین و کەمێکتر باسی نائومێدی و بێکەڵکی ژیانیان بۆبکەم، بۆیە بەخێرایی و بە کەمێک دڵنیایی زیاترەوە بە دایکمم وت:»نا..نا خەمت نەبێت»!
کوڕەکان جۆرەها وێنەی بێزاری و وەڕسیی ژیانن، هەیانە بۆ نەبوونی ماڵ و حاڵێکی باش بێزارە.. تیایاندایە لە دایک و باوک و تەواوی ماڵەوەیان عاجزە.. کورە هیوایان هەیە بۆ کچ دەگریەت بۆ کچ!.. یەک دووانێکیشیان لە دۆخی سیاسی و ئەو کەش و هەوایەی وڵات غەمگینن..هتد، بەڵام سەیر لەوەدایە بێزاری و نائومێدی من لە هی هەموویان جیاوازترە.. ئاخر

خۆ من هۆکارێکم نییە بۆ دڵتەنگی و غەریبیم! شتێک نییە شەڕی بۆ بکەم... بەڵام ئەوەندە دەزانم پلەی نایابم هەیە لە بێزاری و وەڕسیدا.

٦

ئای ئای بیرم نەبوو باسی ئەوەبکەم کە بۆچی ئێستا ئەوەندە تەنهام؟ خەریک بوو لە یادمبچێت و دواتر وابزانن من بەردەوام هەر بەو شێوەیە تەنهابووم، ڕاستییەکەی لەم ماوەیەدا بەجۆرێک بێزار و ڕەشبینم لە ژیان کە تاقەتی هیچ برادەرێکم نەماوە، ئەسڵەن هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە هەبوو جاران دەڕۆیشتم، ئێستا زۆر بە بێزارکەر لێیان دەڕوانم، هەربۆیە کە دەڕۆمە قەراغ شار بەتەنهام و حەزم لەو جەوەیە کە دوای خواردنەوە لەگەڵ ئەو گەنجە چڵکن و بێزار و تورانەدا نانێکیشیان لەگەڵدا بخۆم، من ئەوکاتانەی کەلە قەراغ شاردام زۆر ئاسوودەم، چونکە وەک پادشای نائومێد و یاخییەکان وەهام... هاوکات ناشمەوێت ببمە بەشێک لەوان، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لێیە تەواوی کاتەکانم لەگەڵ ئەواندا ببەمەسەر، بۆیە حەزم لای ئەوانە، کە گوێم لە چیرۆک و سەرگوزشتەکانیان دەبێت زێدەتر ڕقم لە ژیان و تۆ دەبێتەوە و قوڵتر بیر لە حیزی و گەوادی کەون دەکەمەوە، هەڵبەت لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە کە گەلەک دڵخۆشیشم بەوەی یەک زەربی ڕاست و چەپم بەسەر تۆدا هێنا! هەههها.

٧

نوێترین ئەنجام کە لەم ماوەیەدا پێیگەیشتووم ئەوەیە من دەبێت یەک بازی بەرز هەڵدەم بەسەر تۆدا، ئاخر دڵنیام لەوەی نزیک ببمەوە لە تۆ سەقەت دەبم، یانی من ناتوانم وەک ئینسانێکی سادە لە خزمەتی خۆت و خەونەکانتدابم، باشترە بڵێم بەرلەوەی خەمی تۆم بێت خەمی خۆممە، من ناکرێت خۆم گێل کەم لەو هەمو ژاوەژاوەی گوێیەکانمیان بێزارکردوە، ناکرێت بەم سارد و سڕیەوە نزیکم بیت، چونکە دواتر خۆت لێم وەڕس دەبیت و ئێوارەیەک لەو ئێوارانەی کە من دەچمە قەراغ شار تۆ لە هەورەبانەکەتانەوە لەشەقەی باڵدەدەی!

٨

ئەها هەر کە دێمە سەر باسی تۆ لە خۆم و هەرچی شت هەیە تورەدەبم، ئاخر هەنووکە بەخۆم دەڵێم: «کورە بۆ ئەوەندە گەمژەیت ئەوە کەی ئەوەندە بایەخی هەیە تۆ شتی بۆ ڕووندەکەیتەوە؟! کەی بەهای ئەوەی هەیە هۆکار و ئەنجام ئەو شتانەی بۆ دەخەیتە ڕوو؟! مەگەر ئەمیش یەکێک نییە لە سەقەتی و کەرە کەرەکانی ژیان؟ مەگەر وەک هەمو ئادەمییەکانی تر خەریکی کردنی درۆی جوان نییە؟!».. لەکاتێکدا من لە تەواوی گەردوون بێزارم و لە تەواوی بێزارەکانی دونیاش جیاوازترم، کەچی لە ڕووخساردا هەروەک ئینسانەکانی ترم! زۆرکات بەخۆم دەڵێم دەبوو من شێوەیەکی جیاوازیشم هەبوایە!



کوڕە پیاوکوژەکەی من

بێرنارد ماڵمود (Malamud Bernard)
پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ کوردی: بابەک سەحرانەوەرد (تاران)

نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

(بێرنارد ماڵمود) لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی رووسی کە نیشتەجێی شاری نیۆیۆرک ببوون، لە دایکبووە.

هەوەڵین بەرهەمی ئەم نووسەرە، رۆمانێک بوو بە ناو (مرۆڤی ئاسایی) کە لە ساڵی (١٩٥٢) لە چاپدرا و ئاوێتەیەک لە ریالیزم وفانتازیای خولقاند و سەرنجی زۆر کەسی بۆ بەرهەمەکەی راکێشاند.

رۆمانەکانی دیکەی ئەم نووسەرە بریتین لە: (یەک ژیانی نوێ)، (کارسان)، (وێنەگەلی فیدێلمەن و کرێنشینەکان).

ماڵمود بە یەکێک لە مامۆستا هەرە گەورەکانی کورتە چیرۆکیش لە ئەژمار هاتووە و چەن کۆ چیرۆکی لێ بە جێماوە کە بریتین لە: (بۆشکەی سیحرئاوی)، (نەفامەکان لە پێشەوەن) و (کڵاوی رامبڕاند).

ئەم نووسەرە بەرزە لە ساڵی ١٩٨٦ زایینی کۆچی دوایی کردووە .
شایانی باسە چیرۆکی « کوڕە پیاوکوژەکەی من» یەکێک لە چیرۆکە هەرە شیاو و جوانەکانی ئەم نووسەرەیە کە باس لە تەنیایی مرۆڤ لەم جیهانە دەکا و هەروا ئاوڕ لە قڵشێکی گەورە کە نێوان باوکان و کوڕان کەوتووە، دەداتەوە کە تەنانەت لە پەیوەندییەکی بچووکیش دەسەوسانن.

(کوڕە پیاوکوژەکەی من)

کە لە خەو هەڵدەستێ، واهەست دەکا باوکی لە ڕاڕاوەکە گوێی ڕاگرتووە. باوکی لەخەون وخەیاڵەکانیدا گوێی لێ دەگرێت. گوێ دەگرێ کە لە خەو هەڵدەستێ و بە شوێن پانتۆڵەکەیدا دەگەڕێت. پێڵاوەکانی لە پێ ناکات. گوێ دەگرێ کە بۆ خواردن ناچێ بۆ چێشتخانە و بەچاوی خەواڵوو لە بەرامبەر ئاوێنەدا واق دەمێنێت و نزیک بە یەک کاتژمێر لە ئاودەست دادەنیشێ. گوێ دەگرێ کتێبێک کە ناتوانێ بیخوێنێتەوە، تەنیا لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە. گوێ ئێشەکەی، تەنیاییەکەی، باوکەکە لەڕاڕاو ڕاوەستاوە. کوڕەکە دەبیستێ کە باوکی گوێی ڕاگرتووە.

کوڕە نامۆکەم هیچم پێ ناڵێت.

دەرگا دەکەمەوە و باوکم دەبینم کە لە ڕاڕاو وەستاوە.

– بۆچی لێرەدا ڕاوەستاوی؟ بۆچی ناچی بە لای ئیشەکەت؟

–چونکا وەک جاران، لە زستان پشووەکەم گرتووە نە لە هاوین.

–بۆچی ئەم پشووە گەندەڵەت ئا لەم ڕاڕاوە بۆگەناوی و تاریکە تێدەپەڕێنی و ئاگات لە هەر جووڵەیەکی منە و ئەو شتەی کە ناتوانی بیبینی، دەتەوێ بە گومان تێبگەی؟ بۆچی هەمیشە شوێنم دەکەوی؟

باوکم دەچێ بۆ دیوەکەی خۆی و دوا ماوەیەکی کورت، هەمیسان بە دزییەوە بۆ ڕاڕاوەکە سەرەتاتکێ دەکا و گوێ ڕادەگرێ.

بڕێ جار دەنگی کوڕەکەم لە دیوەکەی دەبیستم، بەڵام لەگەڵ مندا قسە ناکات و نازانم لە کوێیە و بە چی سەرقاڵە و ئەمە بۆ باوکێک ژانێکی زۆر گرانە! ڕەنگە ڕۆژێ نامەیەکم بۆ بنووسێ، باوکی هێژا...

(هەری)، کوڕە ئازیزەکەم، دەرگام لێ بکەرەوە! کوڕە زیندانییەکەم!

ژنەکەم سەر لە بەیانی دەڕوات بۆ لای کچەکەم کە چاوەڕێی چوارەمین منداڵەکەیەتی. دایک بە جێی کچ چێشت ساز دەکا و ماڵ خاوێن دەکا و لە هەر سێ منداڵی کچەکەی چاودێری دەکات. کچەکەم تافی ئاوسییەکی هەرە دژواری هەیە و فشاری خوێنی لە سەرەوەیە و زۆربەی کات لە جێگا کەوتووە. بزیشکی بنەماڵە ئەم پێشنیارەی داوە. ژنەکەم بۆ تەواوی ڕۆژ ڕۆیشتووە بۆ ماڵی کچەکەم. زۆر پەشۆکاوە کە نەکا هەری دەردێکی هەبێت. لەو کاتەی کە هاوینی ڕابردوو لە زانکۆ دەرچووە، تەنیایە، تووڕەیە و خۆی لە خەیاڵەکانیدا نووقم کردووە. ئەگەر لەگەڵی بکەویتە ئاخافتن، نیوەی وتەکانی هەرا و هورییایە. تازە ئەگەر وڵام بداتەوە. ڕۆژنامە

دەخوێنێت، جگەرە دەکێشێ و لە ژوورەکەی دەمێنێتەوە. یان هەندێ جار دەچێ بۆ شەقام تاکوو پیاسەیەک بکات.

-پیاسە چۆن بوو هەری؟

-پیاسە بوو.

ژنەکەم پێشنیاری کردووە «هەری» بچێ بە شوێن کار و ئیشێکدا بگەڕێ. چەند جار چوو، بەڵام بە بوونی چەن پێشنیاری کار، قەبووڵی نەکرد.

-وامەزانن کە نامەوێ بچمە سەر ئیشێ. حاڵم باش نییە.

- دەی باشە، بۆچی وا هەست دەکەی کە باش نییت؟

-هەست دەکەم ئیتر، دەزانم کە دەردێکم هەیە .

نەخۆشی کوڕەکەم ؟ بە پێویستی نازانی بزیشک بتبینێ ؟

تکایا ئیدی من ئاوا بانگ مەکەن؟ هیچم نییە. هەر شتێکم هەبێت. نامەوێ باسی لێ بکەم...

ئەو کارە کە پێم خۆش بوو، دەسم نەکەوت.

ژنەکەم پێی دەڵێ: کە واتە ئا لەم دۆخە کارێکی تاوەکی بدۆزەرەوە.

دەس دەکا بە قیژ و هەرا : کاتێ هەموو شتێک تاوەکییە، ئیدی بۆچی بەو شتە کە خۆی تاوەکییە، دەبێ شتێکی تاوەکیتری پێ زیاد کەم؟

بە تەواوی هەستم دەزانم کە هەموو شتێک تاوەکییە. ئەم جیهانە گەندەڵەیش تاوەکییە. کە وایە ئەمن کاری تاوەکیم ناوێ. دەمەوێ تاوەکی نەبێت. بەڵام کوا؟ لە کوێدا دەکرێ بدۆزرێتەوە؟

باوکم لە چێشتخانە گوێ رادەگرێت.

کوڕە تاوەکییەکەی من!

دایکم پێم دەڵێ کە ئەگەر بچم بە شوێن ئیشێکدا، حاڵم باشتر دەبێ. دەڵێم نا، باشتر نابم.

ئەم مانگی دیسامبەرە دەبم بە بیست و دووساڵە. دەرچووی زانکۆم و دیارە کە بڕوانامەکەم هیچ دەردێکم لێ دەرمان ناکات. شەوانە گوێ لە هەواڵەکان دەگرم. رۆژ بە رۆژ هەواڵی شەڕم پێیە. شەڕێکی ماڵ وێرانکەرەی گەورەیە. بەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە بۆمب دەبارێ و بڵیسەی ئاگر هەر زۆرتر هێرش دەبا. برێ جار بە لای تەلەفزیۆنەکەدا دادەمووکێمەوە و شەڕ بە تەواوی لە لەپی دەستم هەست دەکەم. چاوەڕوانم کە دەستم بمرێ.

کوڕە دەس مردووەکەی من !

چاوەڕێ ئەوەم کە رۆژێ ناوم بۆ سەربازی بێتەوە. بەڵام چونکە بۆم هیچ بایەخێکی نییە، بۆ سەربازی ناچم. بۆ کەنەدا یان هەر کوێ کە بتوانم دەچم.

لەم دۆخە کە کوڕەکەم بەسەری دەبا، ژنەکەم هەست بە مەترسی دەکا، بۆ دەربازبوون لەم مەترسییەدایە کە هەر سەر لە بەیانی لە ماڵەوە دێتە دەر و دەچێ بۆ ماڵی کچەکەم کە سێ کچەزاکانی چاودێری بکا. لەگەڵ کوڕەکەم لە ماڵەوە دەمێنمەوە. بەڵام هیچ ناڵێت.

ژنەکەم بە کچەکەم دەڵێ کە دەبێ تەلەفون لە هەری بکەی و بیدوێنی .
ئەگەر دەرفەتێ رەخسا، تەلەفونی لێدەکەم، بەڵام لە بیرت مەبە کە من لەو نۆ ساڵ بەتەمەنترم. کاتێ منداڵ بوو زۆرم خۆشدەویست.بەڵام ئێستا هاوزمانی لەگەڵ کەسێ کە لەگەڵت هاودڵ نییە، هەرە دژوارە.
فشاری خوێنی لەسەرەوەیە. وابزانم دەترسێ تەلەفونی بۆ بکات. دوو حەفتەیە پشووم وەرگرتووە. من فرۆشەری تەمری مەزرینگەی پۆستم. بە بەرپرسی ئیشەکەم وت حاڵم باش نییە. درۆم نەکرد و ئەویش وتی پشوو بۆ دەرمانی خۆت بگرە. وتم هێندەش نەخۆش نییم، تەنیا بەپشوویەکی کورتم پێویستە. بەڵام بە (مۆبرکمەن)ی هاوڕێم وت چونکە زۆر دڵپەرۆشی کوڕەکەمم، دەمەوێ پشوو بگرم.
-دەزانم چیی دەڵی لێۆ، منیش دڵەڕاوکی تایبەت بە خۆمم لەمەڕ خێزانەکەم هەیە، خوێن هەڵدێنی تاکوو دوو کچ گەورە بکەی، دوایییەکەیشی دیاریکراو نییە. چی دەتوانین بکەین. دەبێ لەگەڵ ژیاندا هەڵکەین، بۆچی هەر ئەم شەوی هەینی نایی پووکێڕ کایە کەین؟ جێگایەکی خۆشە. وەرە تۆزێ بە خۆت رابگە؟
بزانم هەینی لە چ دۆخێکدام، چی دەقەومێ، جارێ بەڵێنیت پێ نادەم.
ئەگە دەتوانی بێی، زۆر باشە! ئەگەر تاقەت بێنی، تەواوی ئەم گرفتانە تێدەپەڕێ. ئەگەر پێت خۆش بوو وەرە بۆلامان. تەنانەت ئەگەردیت ئەوندەیش خۆشت لێنەهات، هەر سەردانێکمان بکە! چونکە لە ئاکامدا لە فیکر و خەیاڵ نەجاتت دەبێ. لەم تەمەنە ئەگەر زۆر خۆت تووشی دڵەڕاوکێ بکەی، بۆ دڵت زیانی زۆرە.
دڵەڕاوکێی من زۆر قوڕە. ئەگەر خراپی لە خۆم بووایە، ئیدی دەمزانی چیمە . واتە دەڵێم ئەگەر وا دەبوو، هیچ نهێنییەکەم نەبوو. بە خۆمم دەوت لێۆ، تۆ پەیکەرەیەکی گەمژەیت . ئەم هەمووە لە بیری ئەم دوو فلسە کە وەریدەگری مەبە. نیگەرانی بەسە. تا ئێستا کە بە تەواوی کز و کەنەفتی سازاوی، لە سەر پێی خۆت بووی. مەچۆ نێو بیرەوەری کە خەریکە شەست ساڵ پڕ دەکەی و هیچ کاتیش نابی بە گەنج. هەر کەس گەیشتە پەنجا و نۆ ساڵە بە شەستیش دەگا، ناتوانی کات کە لەگەڵدا رادەکا، بیبەزێنی. بەڵام پەشۆکاوی بۆ کەسێکی دیکە قوڕترین جۆری پەشێوییە. تازە ئەگەر ئەو کەسە نەیدەوێ شتێکت پێ بڵێت ناتوانی لە حاڵ و رۆژی تێبگەیت. بزانی چییەتی. ئەو کاتەیە کە ئیدی تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ. نازانی چۆن خۆت رزگار کەی و تەواوی ئەمانە نیگەرانی تۆ قورس دەکات.
-کە واتە لە هۆڵەکە چاوەڕێتم.
هەری ئەوندە نیگەرانی شەڕ مەبە!
تکا دەکەم ئەوندە بە من مەڵێ نیگەرانی چی ببم و چی نەبم.
هەری گیان من خۆشم دەوێت. ئەو کاتە کە مێردمنداڵ بووی، هەموو شەو کە دەهاتمەوە بۆ ماڵ، فێر ببووی کە بۆ لای من رابکەی. هەڵمدەگرتی و بەرزم دەکردی هەتا بن میچەکە. پێت

خۆش بوو بە دەسە چکۆلەکانت لە بن میچەکە دەس بخشکێنی.
نامەوێ ئیتر شتێ لەم بابەتەوە ببیستم. بەتایبەت لەم بوارەدا. نامەوێ گوێ لە هیچ شتێ بگرم. نامەوێ شتێ لەمەڕ منداڵیمەوە گوێم لێ بێت.
هەری، ئێمە هەر وەک نامۆ لەگەڵ یەک ژیان دەکەین. تەواوی ئەم شتانە کە دەڵێم بە هۆی ئەوەیە کە من ڕۆژە خۆشەکانم هەر لە زەیندا ماوە. ئەو کاتەی کە ترسێکم نەبوو کە پێت بڵێم تۆم خۆش دەوێت.
هیچ ناڵێیت.
با هێلکەت بۆ ساز کەم .
هێلکە دوایین شتە کە لەم جیهانەدا دەمەوێ.
کە واتە حەز لە چی دەکەی ؟
کۆتەکەی لەبەر کرد. کڵاوەکەی لە جلاوێزەکە هەڵدەگرێ و بەرەو شەقام ڕۆیشت.
هەری بە باڵتاوێکی درێژ و کڵاوێکی چرچۆڵی قاوەیی لە لای ئوتووبانی (ئوشن) پیاسە دەکا. باوک بە شوێنیدا دەڕۆیشت و کوڕ خەریبوو لەم کارە شێت دەبوو.
شەقامە پان و برینەکە بە لای سەرەوە بە خێرایی تێدەپەڕاند. زۆر لەمە پێش، لە تەنیشت قەراخی شەقام هەر ئەو جێگایە کە ئێستا پاسکیلەی لێدەخوڕن و چیمەنتۆ کراوە ڕێی ئاژووتنی هەسپ بوو. چەن دانە داریش بوون کە چڵە ڕەشەکانی ئاسمانی بێ هەتاوی دەیانقڵشاند. لەسەر پێچی شەقامی (ئیکی) نزیک بەو جێگایە کە دەتوانی بۆنی دوورگەی (کانی) ببیستی، لە شەقام تێپەری و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت. ئەگەر چی زۆر توورە بوو، وای نیشاندا کە باوکی لە کاتی تێپەڕین لە شەقام نەدیوە. باوک لە شەقام تێپەڕی و شوێن کوڕەکەی کەوت هەتا دەرگای ماڵەوە. بۆ ماڵەوە کە گەیشت زانی هەری لە نهۆمی دووهەمە. هەری لە ژوورەکەی بوو. دەرگای لەسەر خۆی بەستووە. سەرقاڵی ئەو فیعلە پێشوانەیەتی.
باوکی، کلیلێکی بچووکی لە گیرفان دەرهێنا و سندووقی پۆستی کردەوە. سێ نامەی تێدا بوو. ڕەنگە نامەی کوڕەکەی بە ڕێکەوت بۆ ئەوی تێدا بێت ... باوکە ئازیزەکەم! دەمەوێ قسەی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم و پێت بڵێم بۆچی ئاکامی من ئاوای لێهات.. ئەم جۆر نامەی تێدا نەبوو. یەکێک لە نامەکان لە بنکەی ئاسایشتی کارمەندەکانی پۆست بوو کە خزاندییە نێو گیرفانی کۆتەکەی. دوو نامەی دیکەی تێدابوو کە بۆ هەری هاتبوون. یەکێک لە بنکەی خزمەتی سەربازی بوو و.... نامەکەی هەتا بەر دەرگای دیوی کوڕەکەی لە نهۆمی دووهەم برد و لە دەرگای دا و وەستا.
لە وڵامی بۆڵە بۆڵی کوڕەکەی کەمێک بە چاوەڕوانی وەستا. بە کوڕەکەی گوت نامەیەک لە بنکەی خزمەتی سەربازی هاتووە. دەسگیرەکەی سووڕاند و چووە دیوەکە. کوڕەکەی بە چاوی قونجاو لەسەر تەخت ڕاکشابوو.
-بیخە سەر مێز !

–هەری دەدەویێ بۆت بکەمەوە؟
–نا، نامەوێت بیکەیتەوە، بیخە سەر مێز، دەزانم چی تێدایە.
–مەگە وەڵامەکەیانت نەداوە؟
–بەم لامەسەبەی خۆم پەیوەندی هەیە.
باوک نامەکەی خستە سەر مێز.
نامەی دووهەمی کوڕەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ چێشتخانە. دەرگای پێوەدا و کەمێک ئاوی نێو کتری قوڵاند. وای دەزانی دەتوانێ نامەکە زوو بخوێنێ و بە کەمێ چەسپ هەمیسان بە وردی سەرەکەی بلکێنێ. ئینجا بڕوا بۆ نهۆمی یەکەم و زەرفەکە بخاتە نێو سنووقی پۆست. ژنەکەی لە کاتی گەڕانەوە لە ماڵی کچەکەی بە کلیلێک کە پێیەتی، دەرگای سندووقی پۆست دەکاتەوە و نامەکە هەڵدەگرێ و دەیبا بۆ هەری.
باوکی نامەکەی خوێند. نامەیەکی کورت لە کچێک بوو. کچەکە نووسیبوی هەری پتر لە شەش مانگە دوو کتێبی لێ وەرگرتووە و چون ئەو کتێبانە زۆر بۆی بەنرخە، داوای لێکردووە هەر زوو بیداتەوە و لێی ویستبوو کە بە زووترین کات ئەم کارە بە ئەنجام بگەیێنێت هەتا پێویست نەبێ جارێکی دیکە نامەی بۆ بنووسێت.
لیۆ خەریکی خوێندنی نامەکە بوو کە هەری هاتە نێو چێشتخانە و چاوە گوناحبار و واق ماوەکەی باوکی دی. نامەکەی لە دەسی ڕفاند:
–دەبێ بۆ ئەم هەموو سیخوڕییە کە بۆ منی دەکەی بتکوژم.
لیۆ گەڕایەوە دواوە، لەپشت پەنجەرە بچووکەکەی چێشتخانە تەماشای حەوشە تاریکەکەی ماڵەکەیانی دەکرد و وای هەست دەکرد نەخۆش و ناسازە.
هەری چاوێکی بە نامەکە خشکاند. هەوەڵ نامە و دووهەم زەرفی نامەکەی کە لەسەری نووسرابوو، «نامەی شەخسی» لەت وپەتی کرد.
–ئەگەر جارێکی دیکە ئەم کارە بکەی، بێگومان دەتکوژم.
–هەری خەریکی لەگەڵ باوکت قسە دەکەی. شێت بووم ئەوندە سیخووڕی منت کرد.
لە ماڵەوە چووە دەر.
لیۆ چووە نێو دیوی کوڕەکەی و بەوردی هەموو کونج و قوژبنی دیوەکە گەڕا. کەشەوەکانی مێز و جلەکانی گەڕا و هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نەدۆزییەوە. لەسەر مێزی نزیک پەنجەرە کاغەزێک بوو کە هەری شتێکی لەسەر نووسیبوو:
–ئیدیتی ئازیز، بۆچی ملی خۆت ورد ناکەی؟ ئەگەر جارێکی دی نامەم بۆ بنێری بێگومان دەتکوژم.
باوک کڵاو و کۆتەکەی هەڵدەگرێ و لە ماڵەوە دێتە دەرێ. کەمێ هەنگاوەکانی توند کرد، رای دەکرد و ئەوسا هەنگاوی هێواش کردەوە و تا ئەوەی کە لەو لای شەقام هەری دی، لە دوورەوە بە شوێنیەوە بوو.

تا شەقامی دوورگەی «کانی» بە شوێنیدا ڕۆیشت. هەری دیی کە سوار شەمەندەفەڕێ بوو کە دەچوو بۆ دوورگە. دەبوایە لە ڕێی شەمەندەفەڕێکی دیکە دەوەستا. ویستی سوار سەیارە بێ و شوێن شەمەندەفەر کەوێت، بەڵام لەو دەوروبەرەدا هیچ سەیارەیەک دیار نەبوو.

پانزە خولی دیکە شەفەندەفەرێک هات و تا دوورگە بەو ڕۆیشت. مانگی فیبوریيە بوو و دوورگەی (کانی) سەرد و نم داربوو. چەند سەیارە لەوبەر شەقام دیار بوون. لە شەقام تاق و ترا کەسێکی دەدی. بەرفی هەست دەکرد. نێو بەفرەکان هەنگاوی دادەنا و بە شوێن کوڕەکەی دەگەڕا. پلاژە خۆڵەمێشییە بێ هەتاوەکە بەتاڵ بوو. دوکانی سوسیس فرۆشی و کەل وپەلی تیرەندازی و دووشەکان بەتاڵ بوو. ئۆقیانووسە کانزاییەکە وەک شینێکی لێڵاوی شەپۆڵاوی بوو و دەنگی هاژوهوژی لێدەهات. خەریبوو دەسی ڕەق دەبوو . بایەک کە لە سەر ئاودا دەگوزەرا، سەرمایەکی وەهای بە لەش و گیانیدا کە لێوی خستبووە لەرزە لەرز. شەپۆلەکان بە هێوڕی بە شریخاندنێکی هێواش خۆیان دەگەیاندە قەراخێکی چۆڵ.

بە شوێن کوڕەکەی لەم ڕەشەبا و سەرمایەدا دەگەڕێت. دەرۆیشت و دەگەڕایەوە. لە ڕێ ڕۆیشتن بەرەو قەراخی«برایتۆن» زەلامێکی دی کە لە شەپۆلە کەفاوییەکان وێستابوو. لێو بە پەلە لە پیلکانەکانی ساحل چووە خوار و هاتە سەر پیلاژ. ئەو پیاوەی کە لە قەراخ ئاوی خرۆشان وەستابوو و ئاو تا سەر پێڵاوەکانی دەگەیی، هەری بوو.

هەری نەدەجولا. لە ئاو ڕاوەستابوو و چاوی بڕیبوو بە شەپۆلە کانزاییەکان.

–هەری دەترسم. پێم بڵێ چ کێشەیەکت هەیە؟ کوڕەکەم بە باوکت ڕەحم بکە.

هەری وەک ئەوە کە لەگەڵ خۆی قسە بکات وتی:

–من لە دوونیا دەترسم. لە مەترسی سەرڕێژی کردووم.

کوڕەکە هیچی نەدەگوت.

ڕەشەبایەکی توند کڵاوی باوکی لەسەر ڕفاند و هەتا پلاژ سووڕیدا. خەریک بوو بیخاتە نێو شەپۆڵەکانەوە، بەڵام ڕەشەبا کڵاوەکەی وەک چەرخێک لە ڕاستەی زیخە تەڕەکان سووڕاند و هێنایەوە بۆ قەراخ ئاو. لێو بە شوێن کڵاوەکەی ڕایکرد. بەم لاو و لادا و دوایی بە لای ئاو ڕۆیشت. با کڵاوەکەی خستە بەر پێی و باوک هەڵیگرت. دەستی کرد بە گریان. بە قامکە تەزیوەکەی چاوی سڕییەوە و چوو بۆ لای کوڕەکەی کە لە کەنار ئاوەکە وێستابوو.

کوڕەکەم مرۆڤێکی تەنیایە. لە زاتی خۆیدا هەروا بووە. هەمیشە تەنیا دەمێنێت.

کوڕەکەم خۆی کردووە بە مرۆڤێکی تەنیا و بێکەس.

هەری گیان، من چی دەتوانم بڵێم، تەنیا دەتوانم بڵێم کێ ئەمەی گوتووە ژیان ئاسانە؟ لە کێت بیستووە؟ نە بۆ من ئاسانە، نە بۆ تۆ. ژیان هەر وابووە. ئیدی چی دەتوانم بڵێم؟ هیچ و پووچە. دەبێ لەگەڵ ژیان ڕابێیت.

پێی گوت هەری بگەڕێوە بەرەو ماڵ. ئێرە ساردە. ئا بەم جۆرە کە تۆ نێو ئاو وەستاوی بێ گومان نەخۆش دەکەوی.

هەری هەروا بێ هیچ جووڵەیەک لە ئاو راوەستا بوو و دوا ماوەیەکی کورت باوکی بە جێی هێشت. لە کاتی رۆیشتن، «با» کڵاوەکەی باوکی لەسەر لابرد و لە قەراخی ئاو هەڵیسووڕاند. باوکم لە رێڕەوەکە گوێ رادەگرێت. لە شەقام شوێنم دەکەوێ. یەکتر لە قەراخ ئاو دەبینین. ئەو بە شوێن کڵاوەکەی رادەکا.

کوڕەکەم بە پێوە لە ئۆقیانووس راوەستاوە .

ژێدەر:

ماهنامه ادبی گردون،« پسر ادمکش من » ، برنارد مالامود، ترجمەی کیوان نریمانی، شماره ١٢، تهران: ١٣٧١

ژن و مێردێکی نموونەیی

نەبیل عەودە*
لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری

عەبدولباری نەوەد سالّی تێپەڕاندووە، تا ئێستا ژیانی خۆی وەکو نموونەی خانەوادەیەکی بەختەوەر بەسەربردووە، لە تەمەنی بیست سالّییەوە ژنی هێناوە، ئێستا حەوت دەیەی تەواو بەسەر ژنهێنانەکەیدا تێپەڕیوە، نە مرۆڤ و نە ئەجندە گوێیان لێ نەبووە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبێت، تەنانەت خێزانەکەی لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەریدا بە سیفەتی «خێزانێکی چاکەکاری بێدەنگ» ناسراوە و نموونەی پێ دەهێنرێتەوە، ژیانی ئەو لەگەڵ ژیانی خێزانەکەی بە نموونەی ماڵێکی بەختەوەر دەهێنرێتەوە، تا خەڵک لاساییان بکەنەوە، هەم ئەو کەسانەی کە تازە هاوسەرگیریی دەکەن و هەم ئەو خێزانانەش کە ژیانیان پڕە لە ناتەبایی و کێشە، بەتایبەتیش هەمیشە ژنەکان بە نانەوەی ئاژاوە تۆمەتبار دەکرێن، بە هۆی زماندرێژی و کەمی باوەڕیان، وەکو مەلای پایەبەرزی شارەکە دەڵێت، تەنانەت بێ ئەوەی گوێشی لێ بووبن. یاسایەکی نەنووسراو لە شارەکەی ئێمە هەیە کە دەڵێ: مێرد هەمیشە عاقڵە و خاوەنی قسەی یەکلاکەرەوەیە، وەکو ئەوەی سەرۆک کۆمارێکی عەرەبی بێت.. قسەکانی مێرد لە شارەکەی ئێمە یەکلا کەرەوەیە، تەنانەت ئەگەر شێتیش بێت و نەزانێ دوو رستەی مانادار بەیەکەوە بنێت. خێزانەکەی عەبدولباری نموونەیەکی جیاوازە لەوان. بەڵام ئەی ئافرەتانی شارەکە، خێزانەکەی عەبدولباری رێزی خۆی دەزانێ و سنووری خۆی نابەزێنێ، مێردەکەشی رێزی دەگرێ و بەهای بۆ دادەنێ، وەکو ئەوەی خەزێنەی زێڕ و گەوهەر بێت!

مەلای شار لە هەموو دانیشتنێکدا دەڵێت: «خێزانەکەی عەبدولباری ئەرکەکانی ماڵەکەی و پێویستییەکانی هاوسەرەکەی دەزانێ، زۆربڵێی و قیرەقیڕ لەسەر پیاوەکەی ناکات، جگە لە

خۆشگوزەرانی مێرد وماڵەکەی هیچ شتێکی دیکەی بە لاوە گرنگ نییە، ئەمە لە رووی عەقڵ و ئایینەوە نموونەی ئافرەتێکی چاکەکار و تەواوە».

شارەکە زۆر شت لەسەر عەبدولباری و هاوسەرەکەی نازانن، نیوەی ئەوەی لەسەریان دەگوترێت بێ بەڵگەیە، بەڵام بەراستی پێویست بە بەڵگە و سەلماندن ناکات، چونکە شتێکی وروژێنەری ئەوتۆی تێدا نییە، کە خەڵک بوروژێنێ، بۆ نموونە هەموو ئەوشتەی لەبارەی ئەو ئافرەتە چاکەکارەوە دەزانرێت، ئەوەیە کە ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵ کەسێکدا کرد و کەسەکە تووڕەی کرد، تەنها ئەو خوەی هەیە بە هێمنییەوە پێی دەڵێت:

- یەکجار پێت دەڵێم.. ئاوا بکە و ئاوا مەکە.

جگە لەمە نەزانراوە کە کەسێکی زماندرێژ و ئاژاوەگێڕ و بە هاتوهاوار بێت و دەست لە کاروباری ئافرەتەکانی شارەکە و ماڵەکانیانەوە وەربدات.

بەڕاستی ئەمە رستە بەناوبانگەکەیەتی کە بە کەمی دەبیسترێ، ئەویش بە هۆی ئەو ژیانە گۆشەگیرییەی عەبدولباری و خێزانەکەی بە رێکوپێکی و خۆشەویستییەکی بێگرێ و گۆڵەوە تیایدا دەژین، بەڵام ئەو زانیارییە کەمەی لەسەر ئەو ماڵە گۆشەگیرە بەختەوەرە هەیە، ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ گوتنی ئەم رستەیە لە لایەن خێزانەکەیەوە، عەبدولباری بە شپرزەییەکی ئاشکراوە هەڵدەبەزێتەوە، وەکو ئەوەی مینی پێدا تەقیبێتەوە و بیەوێ رێگا لە هەر ناتەباییەک بگرێ، کە رەنگە لە نێوان خێزانەکەی و ئەو کەسە دروست بێت کە گوێبیستی رستەکە بووە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خێزانەکەی تەواو لەسەر حەقە و بە راستی و دروستی نەبێ هەڵسوکەوت ناکات، خێزانەکەی ئافرەتێکە وەکو هیچ ئافرەتێکی دیکە نییە، بۆیە عەبدولباری دڵی ئازاری دەدات ئەگەر خێزانەکەی ناچار بوو رستە بەناوبانگەکەی دووبارە بکاتەوە و بەو شێوەیە بڵێت:

«بۆ جاری دووەم پێتان دەڵێم».

هاوسەرێکە بێنە و بەردە نازانێ، ئارامگرتنەکەشی وەکو عەبدولباری دەڵێت: وەسف ناکرێ، ئەوەی بە قسەکانیشی رازی نییە «خوای لەگەڵ و با ماڵەکەمان بەجێ بێڵێ».

«خودایە دەبێ ئەمە چ جۆرە ئافرەتێک بێت؟ ئایا بەڕاستی خوا ئەم ئافرەتەی بە عەقڵ و دینێکی تەواو و بێ کەموکوڕی دروست کردووە؟». عەبدولباری قسەکەی مەلا لە پێداهەڵگوتنی هاوسەرەکەی دەقۆزێتەوە و دەڵێ: ئەی بۆچی خوا ئافرەتەکانی دیکەی بەوشێوەیە دروست نەکردووە کە ئەم سیفەتانەی ئافرەت بۆ هەموو پیاوێک وەکو خەون وان.

عەبدولباری بە هۆی خۆشەویستی زۆری بۆ هاوسەرەکەی و دڵپیسی لەسەر ئەوەی دەنگی نەبیسترێ، نایەوێ باشترین ئافرەتیش دووجار قسەی ئەویان گوێ لێ ببێتەوە، بەو کەسانە دەڵێ کە لە دەوروبەریدان «هاوار لە خۆمان ئەگەر قسەکانی دووجار دووبارە بکاتەوە، پێویستە ئەگەر ئەم ژنە قسەی کرد، لە گوتنی یەکەمجاریدا قسەکانی جێبەجێ بکرێن».. عەبدولباری ئەم قسانە بە شێوازێکی نامۆ و سەیر دەردەبڕێت، بە تایبەتیش ئەگەر ئافرەتەکەی

به زەقی لەسەر هەڵە بێت و هەڵەکانی هیچ پاساوێک قبوڵ نەکەن، عەبدولباری بۆ پاراستنی کەرامەتی خێزانەکەی و نەشکاندنی قسەی خێزانەکەی، دوودڵ نییە لەوەی کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ نزیکترین کەسوکاری بپچڕێنێ، تەنانەت ئەگەر خێزانەکەی لەسەر هەڵەش بێت. وای لێهاتووە هەندێک بە گاڵتەوە دەڵێن «ئەم خۆشەویستییەی وا لە پیاو دەکات کە وەکو کەر سواری پشتی خێزانەکەی بێت». بەڵام سەرزەنشتەکانی مەلا، هەر زوو زماندرێژی و زیادەڕۆییەکان بێدەنگ دەکات.

عەبدولباری و خێزانەکەی لە دەوروبەری شارەکە دەژین، لەسەر گردێک کە بەسەر پارچە زەویەکدا دەڕوانێ، عەبدولباری لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوابوون لەناو کێڵگەکەی کار دەکات و چاودێری کێڵگە بچووکەکەی دەکات.. دەیکێڵێ و دەیچێنێ و هەندێ مریشک و چەند بەرخێک و دوو چێڵی هەیە تیایدا بەخێویان دەکات.. نایەوێ لەوێ بێتە دەرەوە، تەنها ڕۆژانی دووشەمە بۆ کڕینی هەندێ شت و پێویستی ماڵەکەی دێتە دەرەوە و خێزانەکەشی لەگەڵی نەدەهات. باقی ڕۆژەکانی دی نەیدەویست ماڵ و زەویەکەی بەجێبێڵێ، جگە لەوە دەیویست بە ژن و منداڵەکانییەوە پەیوەست بێ و ئاگای لێیان بێ، بە شێوەیەکی سەیر بێدەنگ دەبوو، تەنها ئەگەر گوێی لەو قسانە ڕاگرتبا کە خێزانە بەڕێزەکەی بۆ یەکێک لە سەردانکەرانی کێڵگەکەی بیکردبان، تەنانەت ئەگەر کەسێکی نزیکیشیان سەردانی کردبان هەر وابوو. ئەم قسە نەکردنەشی بۆ ئەوە بوو بیروڕای لە خێزانەکەی جیاواز نەبێ، یان لەو فەرمانەی لا نەدات کە دەیگوت:

- یەکجار پێت دەڵێم..

هەموو ئەوانەی خزمایەتیان لەگەڵ عەبدولباری و خێزانەکەی هەبوو، یان ئەوانەی بە مەبەستی مامەڵە و بازرگانی سەردانیان دەکردن، هەستیان بەمە کردبوو، بەڵام هەندێ سەرچاوەی دڵنیا نەکەرەوە گومانی ئەوەیان هەیە نهێنییەک لەم کارەدا هەبێ، مەلای گوندەکە دەڵێت: «لە خەڵک گەڕێن با خەریکی کاری خۆیان بن، ئەمانە ماڵێکی باشن، پەلاماری نهێنییەکانی هیچ ماڵێک مەدەن، خراپەکاری لە نێوان خەڵکی باش مەکەن». بەڵام شارەکە پڕە لە کێشەی نێوان ژن و مێردەکان و خزم و هاوڕێکان، مایەی سەرسامییەکی زۆرە: چۆن دەبێ ژن و مێردێک سێ چارەگە سەدە بەسەر ژیانی هاوسەرییان تێپەڕیبێ و کەس گوێی لە کێشەیەک یان دەنگە دەنگێکیان نەبووبێ؟! ئایا ئەمانە فریشتەن؟!

هیچ کەسێک نەدەوێرا ئەم بابەتە لەگەڵ عەبدولباری باس بکات، چونکە بە بیانووی ئەوەی دەست لە ژیانی تایبەتی ئەو وەردەدات، لێی تووڕە دەبوو، هەر زوو لەو کەسانە دوور دەکەوتەوە کە ئەو پرسیارانەیان لێی دەکرد، دەگوترێ ئەو ژیانە باشەی ئەوە کە وای کردووە لە کێشەکان دوور کەوێتەوە و لەوەتەی ژنی هێناوە بە نیمچە گۆشەگیری ژیان دەگوزەرێنێ.

بەڵام قەدەرەکە هات و ئافرەتەکە بە پاکی و دوور لە هەموو گوناهێک گەڕایەوە لای پەروەردگار، سەرەڕای ئەوەی ژیانێکی خۆشیان دروستکرد و ئێستاش پیاوەکە بە دوو گۆچان دەڕوا و لە

ڕۆخی مردنە، «خودا هەندێ کار ئەنجام دەدات کە پەیوەندی بە بەندەکانییەوە نییە». مەلا بڕیاری دا کە کەس پرسیار لەبارەی نهێنی خۆشیی ژیانیانەوە نەکات.

لە ڕۆژانی تازیەکەیدا، خەڵکەکە تێبینی ئەوەیان کرد کە پیرە عەبدولباری لە کاتێکدا تەمەنی لە نەود ساڵ تێپەڕی بوو، تەندروستی هاتەوەسەرخۆ و ڕەنگ و ڕووخساری کرایەوە، تەنانەت پێشدەکەنی و توانجی لە خێزانەکەی دەگرت، بەشێوەیەک کە پێشتر بەوجۆرە نەبینرابوو. ئایا ئەمە بە هۆی شۆکی لەدەستدانی خێزانەکەی وای لێهاتووە و عەقڵی لەدەستداوە؟! یان بای پیری بەیەکجاری بەسەریدا هەڵی کردووە و ئاگاییەکەی نەماوە؟! بەڵکو شتێکی زۆر سەیر و دەگمەنیش بوو کە سەردانی خەڵکی دەکرد و خەڵکیشی بانگهێشت دەکرد کە سەردانی بکەن، لە سفرە و خوانەکەیدا بە هیچ شێوەیەک ڕەزیلی نەدەکرد، بە جۆرێک کە پێشتر لە سەردەمی خێزانەکەیدا کەس بەو شێوەیەی نەدیبوو، منداڵەکانی لە جاران ئازادتر و بەختەوەرتر بوون، کارێکی نامۆ و جێگەی سەرنج بوو، تۆ بڵێی خەمی دووری لە باشترین و دڵسۆزترین خێزان، بۆ هاوسەر و ماڵ و منداڵەکەی، لە کوێ خۆی حەشار دابێ؟

بەیانییەک هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە عەبدولباری تەندروستی زۆر شڵەژاوە، پێدەچێت ماڵئاوایی لە ژیان بکات، مەلا بە پەلە سەردانی کرد، ئەوەی لە خەیاڵدا بوو کە نهێنی ئەو گۆڕانە و ئەوەش تێبگات کە چۆن حەوت دەیەی تەواوی لەگەڵ خێزانەکەی بە بێدەنگی و تەبایی بردۆتەسەر، بە جۆرێک کە هەمیشە وەکو نموونەی خێزانێکی بەختەوەر و ژن و مێردێکی نموونەیی نموونەیان پێ دەهێنرایەوە، بە هیچ جۆرێک هیچ کێشەیەکیان لە نێواندا نەبووە.

عەبدولباری بە زەحمەت هەناسەی دەدا، منداڵ و نەوەکانی لە دەوروبەری بوون، مەلا پاش ئەوەی سڵاوی کرد و سورەتی فاتیحەی لەسەر خوێند و هیوای ئەوەی خواست کە ئاخیر خێر بێت، لێی پرسی:

– هەموو شارەکە دەیانەوێ بزانن کە چۆن دەتوانرێ پەیوەندییەکی هاوسەرگیری بۆ ماوەی حەوت دەیە دروست بکەن، بەبێ ئەوەی یەک کێشەیان هەبێت، بەڵکو بە تەباییەکی تەواو کە لە جیهاندا هاوشێوەی نییە؟! پێمان بڵێ چۆن ماڵی ئەو خەڵکانە چاک بکەین کە هەمیشە لە ململانێدان و تەنانەت هەندێ جار لەسەر یەک وشە کوشتنی لێ دەکەوێتەوە؟!

عەبدولباری بۆ ئەوەی بتوانێ قسە بکات، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە هەناسەبڕکێ دەستی بە قسان کرد، لە نێوان هەناسەکانیدا قسەکانی دەپچڕان، باسی نهێنی ئەو ماڵ و خێزانەی کرد کە وەکو نموونەی بەختەوەری و تەبایی چاویان لێدەکرا، گوتی:

– مامۆستای بەڕێز کارەکە ئاسانە، ئەوکاتەی ئێمە هاوسەرگیریمان کرد، ئۆتۆمبیل نەبوو، بە گالیسکەیەک ئێمەیان هێنا کە کەرێک لە دواى خۆی ڕادەکێشاین بۆ ماڵەوە، وەکو دەزانی ڕێگاکە سەخت بوو، هەمووی بەرز و ماندووکەر بوو، کەرەکە ماندوو بوو و بەربووەوە سەر زەوی، هەوڵمدا بەرزی بکەمەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆیشتن بەردەوام بێ، بەڵام بێ سوود بوو،

خێزانەکەم ئارامی نەگرت، لە گالیسکەکە هاتە خوارەوە و گوێی کەرەکەی گرت، تەماشای چاوەکانی کرد و گوتی: «یەکجار پێت دەڵێم: هەستە و بڕۆ». چەند ساتێکی پێنەچوو کە کەرکە هەڵسایەوە و گالیسکەکەی بەرەو ماڵ راکێشا، تۆزێک رۆیشت و دیسان کەوتەوە، دەمم کردەوە تا هاواری لێ بکەم و هەڵی بسێنمەوە، کەچی خێزانەکەم بە دەست دەمی گرتم و دەمی داخستم، دابەزی و گوێی کەرەکەی گرت و تەماشای چاوی کرد، پێی گوت:»جاری دووەم پێت دەڵێم هەستە و بجووڵێ». وەکو جاری یەکەم، کەرەکە هەستایەوە و بە گرانی و ماندووییەکی ئاشکراوە ئێمەی بەرەو ماڵەوە راکێشا، بەڵام سەختی رێگا، دووبارە کەرەکەی خستەوە سەر زەوی، وەکو جاری یەکەم و دووەم، بووک دابەزی و گوێی کەرەکەی گرت، تەماشای چاوەکانی کرد و پێی گوت: «بۆ جاری سێیەم پێت دەڵێم و نایکەمە چوار جار، هەستە و بڕۆ»، چەند ساتێک تێپەڕی و کەرە بەستەزمانەکە نەیتوانی بڕوا، بووک دەمانچەی لە جانتاکەی دەرهێنا و بێ هیچ پێشەکییەک چەند گولەیەکی لەسەری کەرکە دا و کوشتی، بۆیە من لەو کاتەوە ناچارم نەکردووە بە هیچ کەسێک بڵێت بۆ جاری دووەم پێت دەڵێم، جاری یەکەم بەسە!!.

* نەبیل عەودە- نووسەر و رەخنەگر و چیرۆکنووسێکی فەڵەستینییە.

نووسین سەرئێشەیە



غەمگین بۆڵی

مۆڵەتی ناوێ بنووسم! ئەوەی لای من شیاوی نووسین بێ ددانپیانانە بە گومانەکانی ئەو جنۆکەی ناخمی داگیرکردووە، لە ئێستایشەوە بەیانی ئەوە دەکەم، کەوا من بە کوتکی گومانەکانم ئاسنی ئەندێشە سارد و سڕەکانم دەکوتمەوە.

سەرم دێشێت! دەبێت دەست لە نووسین هەڵبگرم...!

تابلۆی تابووتێک دەکێشم وخۆمی دەخەمە ناوییەوە...!

دەست بە نووسین دەکەمەوە! تاکو بزانم دەتوانم دژی مەرگ زیاتر بژیم، بۆ ئەوەی بژیم یان دەبێ ملکەچ بم، یانیش دەبێ بجەنگم! کەوایە ئەستکوردم بشکێت کە لە پێناوی ژینبوونم بنووسم، ئاخر ئەوانەی کەوا لە ئەمڕۆ لێرە رێی نووسینەوە خۆشبەختی ژیان بەدەست دەهێنن ، ناشێت نووسەری راستەقینە بن، من نە نووسەرم و نە شاعیر و نە تەڕەماشیش، وەلێ

نووسین هەمیشە سەرئێشە بووە بۆم، هەم لە کاتی نووسین و هەمیش لە پرۆسەی بڵاوبوونەی نووسینەکاندا. نووسین هەمیشە بە سەرئێشەیی من کۆتایی پێ هاتووە، وەلێ هێندەیش بە نووسینەوە پەیوەستم ئێستا خێزانەکەم بەتەنها لەناو جێگەکەیدا بەجێهێشتووە. تۆ بڵێی ئەویش پەیی بەوە نەبردبێت کە نووسینم لە ئەو خۆشتر دەوێت؟ سەیرە! ئاخر من خۆم بە چییەوە سەرقاڵ کردووە؟ نازانم ئەم نووسینە دەلوێـت بۆ بڵاوکردنەوە! هەردەنووسم و دەست لە نووسین هەڵناگرم، ئەگەرچی نووسینەکانم لە هەندێک بڵاوکراوەدا چەشنی شتی قۆڕ قۆڕ سەیر دەکرێن، کەواتە دۆزیمەوە من دەشێت شاعیرێکی قۆڕیش بم!
شاعیرێکی قۆڕم.

+ها ها ها...!

قۆڕی هەر ئەوە نییە نووسینەکانم گوونک بن، قۆڕی زۆرجار لە دەستدانی بوونی گوون خۆیەتی. هەر چەندە ئەوەیش شتێکی قۆڕە کە دەینووسم، وەلێ من کارم بە چۆنیەتی قۆڕبوونەوە نییە. دووبارەی دەکەمەوە، من شاعیرێکی قۆڕم...!
تاکو ئێستایش هیچ نووسەرێکی سینگ پان، لەسەری نەنووسیوم، کەواتە شاعیرێکی قۆڕم!

+ ها ها ها...!

تاکو ئێستایش هیچ پلەیەکی شیعریم بە دەست نەهێناوە، کەواتە شاعیرێکی قۆڕم!

+ ها ها ها...!

تەنانەت جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تر نازانم، کەواتە هەوم...شتە قۆڕەکە!

+ ها ها ها ...

ئەوەی ئەزموونە نازانم چییە؟ یەکەمین ئەدیبی کورد و گەورەترین شاعیر و رۆماننووسی گەورەی کورد و باشترین لاو و تەنانەت وشەی پیرۆزی و مەزنترینیش دەک پیرۆزی ئەوانە بێت کە دڵیان بەو وشانەوە خۆشە، کەواتە ئەمجارە یەکەمین و گەورەترین و باشترین و پیرۆز و بەرز و ئەو جۆرە وشانە پیرۆزتان بێت و من ئەو وشانەم ناوێت، کەواتە هەوم...!

+ ها ها ها ...

هیچ زڕە ڕەخنەگرێکم دەعوەت نەکردووە!
هیچ دیمانەیەکم بە خۆم لەگەڵ خۆم نەکردووە!
هیچ نووسینێکم بە خۆم لەسەر خۆم نە نووسیوە!
هیچ ...!
کەواتە هەوم .

+ ها ها ها ...

چیتر ئاوا پێمەکەنە! ها ها ها ...! ئەمجارە ئاوا بە شێوازی فەردەسوفەکان پێبکەنە! هی هی هی ...؟
کەسیان ناناسم! کوفر لە ئیمانی نووسینی مندا بکات، منیش بەستایشە کوفرەکان سەری داهێنانیان (کە نییە) نابەمە بن هەورەوە. چاوەڕێی ئەوە ناکەم نووسینەکانم بەو شێوەیە بڵاوبکرێنەوە، منەتیشم بەوە نییە لێرەو لەوێ بڵێن: (ئەو سەگ بابە شاعیرێکی گوونکە و گووشی وەهاو وەهایە)، خۆ ئەگەر بڕیاربێت ترەماشێکی خراپ بم، بە هەرچی قونکە شاعیر و کۆلکە نووسەری کوردیی هەیە، ناتوانن بمکەنە ئەوەی کە لە بوونی مندا بوونی نییە. ئەو بەزمەیشی ناوێت، چۆن کەری ئاقڵ بە ئارامی دەزەڕێت، ئەگەرچی لەو پەڕی دوورە پەرێزیشدا بێت .
سەرم بە قەبری باوکم، کە نەشمردووە! من هەر دەمەوێت سەرم بهێشێنم، تۆ بڵێی بەم نیوە شەوە چیم داوە لە نووسین ؟!
لە خوارەوە دەنگی شووڕەی ئاوی بە لوعە دێت، ڕەنگە باوکم بێت. ڕەنگە هاتبێت لە حەوشە خۆی بسمیل بکات. ئاخر هاوینەکەی خۆشە و پێشکە و مێکەیشی کەمە .
پەردەی پەنجەرەکە لادەدەم، ئەها خۆیەتی ئاو بە گەڵ وگوونی دادەکات. کەواتە باوکیشم پیاوێکی قۆڕە!

+ هی هی هی ...!

– ها هە هە ...

دوای نیو خولەک...
سێبەرێک بۆ پێشەوە دەڕوات، نازانم کێیە؟ تەنها باوکم دیارە چەشنی دارێکی پاییزیی ڕووت بە گەڵا و ڕەق و لاواز و دۆڵەدرێژ، لەبەر ئەو تارماییەی کەوتۆتە سەر جەستەی لە پیاوێکی ئەڤگانستانی دەچێت .

پەردەکە دادەدەمەوە و دەگەڕێمەوە سەر سەر ئێشییەکەم، دەشێت مەرگی منی پێوە پەیوەست بێت! دەترسم نووسین سەری مەرگم بخوات! چۆن جارێ ترسی مردنم نییە، پێڵاوەکانم هێشتان بەکەڵکی پیاسە دێن! گومان لە مردن ناکەم، هەرکە مردیشم پێڵاوەکانم بخەنە گۆڕمەوە، لەوێشدا پیاسە دەکەم! سەفەر دەکەم! گوو دەکەم! سێکس دەکەم! خۆم قۆڕ دەکەم! دیسان لەوێشدا دەنووسم: (ئاااااای نووسین مێردە گەورە.)!

نووسینەکانم بە تەتەری تراویلکەیەکی زەغەل دەنێرمەوە، لەوێشدا رەخنە دەگرم، دەم و چاو و قەپۆزم بەبێ ویستی خۆم ناشیرین دەبێت و ناوەکەیشم پیس و بۆگەنی! ئەوە شەقامی رۆشنبیری کوردییە!. کەواتە قۆڕە!

+ سەرکەوێت قۆڕی ...؟

ناشێت گۆرەکەم تەسک بێت، هەی گوو بە گۆڕم، خۆ من هێشتا بڕیارنییە بمرم، ناترسم لە ژیان، چۆن هەموو گرفتێک چارەی خۆی هەیە، وەلێ مردن تاکە گرفتە چارەی نییە، دڵم بەوەیش خۆشە کە مەرگ واستە و ئەو شتە قۆڕانە ناناسێت! کەواتە دیسان گەیشتینەوە سەر بەزمەکەمان: قۆڕە قۆڕ!

+ چیتر درێژدادڕی مەکە، زۆر گوتن لە نووسیندا جۆرە مەرگێکیتری نووسەرە قۆڕەکانە.

– ئای مردن مێردەگەوورەی مرۆڤەکان!

بەیانی درەنگ لە خەو خەبەرم بۆوە، لاملێکم ڕەقبوو بوو، پێم وابێت دوو دەماری حیزم چوو بوونە سەریەک. بەهەرحاڵ زۆرجار زۆرگوتن حەیرانیش خۆشە! ئەمرۆ کاتژمێر سفرِ، بڕیارە کیسەڵێکی بێتاقەت دەفتەری ڕۆژی یاداشتەکانی بداتە من، دەشێت ئەویش تاقەتی نەبێت لەوە زیاتر بژیت! ئەم دیمەنە داڵغەکانم دەتاسێنێت، ئاخر کیسەڵێکی بێتاقەت، بۆ دەبێت تاقەتی ژیانی نەبێت؟! دەشێت زۆر ژیابێت! دەبێت تەمەنی چەند بێت و چەندیشی مابێت؟ ئاخۆ دەبێت بۆچی وەک من خۆی بەو ژیانە بۆگەنەوە شۆڕ نەکاتەوە؟ کەیفی خۆیەتی مردنی کەس بە کەس یاساغ ناکرێت. خۆشییەکەی لەوە دایە نەکەس دەناسێت و نەکەسیش دەتوانێت بچێتە لای و قاوەیەکی لەگەڵدا بخواتەوە. دەزانی مردن تاکە شتە لەیاساکانی خۆی لانادات. کەواتە خۆیەتی ...!

بەم بەیانییە درەنگە کۆخەکۆخمە! دڵنیام قسەیەکی قۆڕ بەر بۆڕی هەناسەمی گرتووە، وریابن قسەیەکی قۆڕ لە قورگم دەردەپەڕێت! تکایە وریابە! دیسان دەیڵێمەوە: وریابن قسەیەکی قۆڕ بەر بۆری هەناسەکانمی گرتووە، بەهەرحاڵ من نازانم چییە؟ کەواتە هەر خۆیەتی ...!

ددانپیادەنێم کە هەموو نووسینێک سەرئێشەیەکی بە دواوەیە، وەلێ کە (تا)ی نووسین دەمگرێت ئاوەزم بێ سەر و شوێن دەبێت! ئیدی مەگیرانییەکانم بە وشە دەست پێ دەکەن،

ئەگەرچی سگپڕیش نییمە! کێ دەڵێت سکپڕنیم؟! بە قەبری باوکم سکپڕم! ئەو مێردە گەورەیەی ناو ناخم، سکی پڕکردوومە! ئەوەتە ناهێڵێت ڕۆژان کارێک بکەم و شەوانیش بنووم، هەمیشە کاتەکانم لێ دەدزێت. ئەو مێردە گەورەیە شەوان تاکو بەری بەیانی لەگەڵم جووت دەبێت، ڕۆژانیش گەمە بە قەدەرەکانم دەکات، بە کۆنترۆڵی حەزی خۆی دەمگۆڕێت، ئەو ملەستوورەی ناخم قەت ناخەوێت! ناچێتە سەفەر! ئاو ناخواتەوە! ناچێتە ئەدەبخانە! چووزانم چەندین جار دوعام لێی کردووە، وەک کەر بتۆپێت. ئەرێ بیرم کەوتەوە کەرێکی دراوسێمان هاوینان قەسەڵی پێ خڕ دەکەنەوە و هاوینانیش بەڕەڵای دەکەن.

ئەوە کەی حاڵە؟ من نە هاوسەرێکی باشم بۆ خێزانەکەم، نە باوکێکی باش بۆ کورەکەم. دەبێت هەمیشە لە ناخەوە بە قووڵی لەگەڵی ژووان بکەم، هەمیشە پایتەختی بیرەوەرییم لەلای ئەوەوە داگیرکراوە، هێندە پەیوەستی کردووم بە جیهانی خۆیەوە، ئەم جیهانەی ترم لە بیرچۆتەوە! تەنانەت چەند ڕۆژێک لەمەو بەر چوومە ئەدەبخانە لە بری ئەوەی قایشی کابۆکەم بکەمەوە، سێ قۆپچەی قەمیسەکەم کردەوە. من هەمیشە لە ناخمدا لە جەنگێکی سەخت دام و هەمیشەیش دۆڕاوم. ئا ئەوەیە حاڵەکەمە! کەی ئەوە حاڵە نەتوانم لەگەڵ مرۆڤبوونی خۆشم هەڵبەکەم! وەلێ خەتای خۆشمە کە هەموو پێنووسەکانم فڕێ نادەمە ناو کوونی ئەدەبخانەوە و کتێبەکانم نابەخشمە کتێبخانە بێ کتێبەکەی شار و کۆمپیوتەرەکەیشم نافرۆشم و ژمارە تەلەفۆنەکان و ئیمێڵەکانیش ڕەش ناکەمەوە، ئاخر زەندەقم چووە سیاسەت لە بری ئەدەب دەستەمۆم بکات.

دەشێت هەنگینێ (گا)ی بەگوونانیش نەناسمەوە. کەواتە پێی ناوێت، هەوم! شتە قۆڕەکە.

+ هی هی هی ...!

هەست دەکەم بیر لە شتێک دەکەمەوە و بەخۆیەوە خەریکی کردووم، ئەوە حاڵەکەمە مێردەگەورە، تڕحێو لە خۆم، کە پێلەقەیەک لەو زەمەنە نادەم! تڕحێو لە باوک و دایکم کە بۆ خۆشی خۆیان منیان هێنایە دونیاوە! ئاخر من بۆچی هەمە؟! بەڕاستی من بەڵایەکی گەورەم بە ملی دونیاوەم! هێندە دەست و پێ سپیم تاقەتم نییە بژیم! هیلاکبووم هێندەی بحەسێمەوە! تاقەتم نییە بنووم، ئەو کیسەڵەیش دەیەوێت گرەوەی ژیانی بە من تەواو بکات، کە من: خۆم ژیانی خۆم پێ تەواو نابێت!. چەند قۆڕە ...؟

کاستۆر یادیس

یەکێک لەو هزرڤانە دەگمەنانەی کە فەلسەفە و شیکردنەوەی دەروونی ئاوێتەی یەکتری دەکەن

هاشم ساڵح

لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان

کاستۆر یادیس بەیەکێک لەو هزرڤانە ژمارە کەمانە دادەنرێ کە فەلسەفەو شیکردنەوەی دەروو نیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە. بەواتایەکی تر ئەو بەیەک ئاست بیر لە کۆمەڵگاو تاک دەکاتەوە. بۆ نموونە وەکو مارکسی و ئایدیۆ لۆژیەکان تاک و دەروونە قەڵەکەی پشت گوێ ناخا. وە بەمجۆرە پێناسەی فەلسەفەدەکا ,فەلسەفە واتە لێپرسراویەتی سەرجەک کێشەو ئاریشەکانی سەردەمەکەت لە رێگای هزرەوە لە ئەستۆ بگری. چونکە هزر راستی رووداوەکانی دەورو بەریان بۆ خەڵک روون دەکاتەوە. وە لەکاتی رەشەباو ناخۆشیەکانداو ئەو دەمەی کە بینایی نامێنێ و خەڵک دووچاری حەپەسان دەبێ , رێگایان بۆ رۆشن دەکاتەوە. هزرڤانە گەورەکان یا فەیلە سوفەکان ئەو چرایانەن کەبە درێژایی سەردەم و رۆژگارەکان دەدرەوشێنەوە. ئەو چرا رووناکانەش لە سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆوە دەست پێدەکەن تا دەگاتە کاستۆر یادیس خۆی و بە تێپەڕ بوون بە هەریەک لە دیکارت و کانت و هیگل و نیتشەو فرۆید و دەیانی تر. کاستۆر یادیس لە وەڵامی پرسیارێکدا کەلە بارەی رەوتە فیکریەکەیەوە لێی دەکرێ. دەڵێ: من هەر لە بچووکیمەوە شەیدای فرۆید بووم. وەهەر لەسەرەتاوە لەوە بە ئاگابووم کە پێویستە لایەنی دەروونی و رەگەزیی تاک لەبەر چاو بگیرێ. نەوەک هەر تەنها لایەنە کۆمەڵا یەتی و ئابووریەکەی , هەروەک مارکسیەکان ئەنجامی دەدەن. بەڵام سوور بوونم لەسەر رەهەندی کۆمەڵا یەتی یا لایەنی کۆمەڵا یەتی کە زۆر بەهێز تر بوو , بەهۆی کاریگەریم بوو بە مارکسیەتەوە تا ساڵی ١٩٦٠. پاش ئەوە کەوتمە شیکردنەوەی دەروونی خۆم. دوای ئەوەش لەلای خۆمەوە بوومە شیکەرەوەیەکی دەروونی. هەر لەو ساتەوەش مەحاڵ بوو وەکو مارکسیەک بمێنمەوە. چونکە وام بۆ دەرکەوت کە فەلسەفەی مارکس کەموکوڕ یەکی گەورەو زۆری تێدایە. ئەویش فەرامۆش کردنی تاکیەتی مرۆڤ و ناخە سایکۆلۆ ژیەکەیەتی و تەنها جەخت کردنیەتی لەسەر ژیانی کۆمەڵا یەتی ,هەروەک ئەوەی خەڵک مێگەل بن و هیچ هەست و سۆزیکیان نەبێ. پاشان لەوان مەترسیدارتر فەرامۆش کردنی مارکسە بۆ ئەو لایەنەی کەبە — دامەزراندنی خەیاڵی واقیعی کۆمەڵا یەتی- مێژوویی — دادەنرێ. بۆ نموونە مارکس تەنها گرینگی بە لێکۆڵینەوەی ژێر خانی ماددی و ئابووری دەدا.وە خەیاڵ یا خەیاڵی کۆمەڵا یەتی فەرامۆش دەکا , و پێی وایە تەنها رەنگدانەوەیەکی روکەشی ژێر خانەکانە. ئەمەش هەڵەیەکی ترسناکە. چونکە ئەو وێنەیەی کە کۆمەڵگا لەقۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوو لەبارەی خۆیەوە پێکی دە هێنێ. گرینگی و کاریگەری لەفاکتەرە ماددیەکان کەمتر نی یە. چونکە بیر کردنەوەی کۆمەڵا یەتی کە لە بیرو باوەڕو خەیاڵ پێک دێت ,مەسەلەیەکی تەواو بنەڕەتیە , هەموو کۆمەڵگایەکیش تێڕ وانینی گشتی بۆ جیهان و بوون هەیە. کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەک پشت گوێ بخرێ. لەوانە شە ئەو تێڕ وانینانە شێوازێکی ئاینی یا فەلسەفی یاخود ئەفسانەیی لە خۆ بگرن.بەڵام ئایا رەخنەکەی کاستۆر یادیس لە مارکسیەت لێرە لە رەخنەکانی جان پۆل سارتەر نزیک نابێتەوە؟ چونکە سارتەریش داوای پێک هاتنەوەی نێوان وجودیەت و مارکسیەت دەکاوگلەیی ئەوە لە مارکسیەت دەکا کە خودی تاک و فاکتەرە دەروونیەکانی فەرامۆش کردوە. لەبارەی

ئەمەشەوە کاستۆر یادیس دەڵێ: من زۆر کەم بەبەرهەمەکانی سارتەردا چوومەتەوە .بەڵام هەروەکو ئەرکێک کتێبە بەناو بانگەکەیم خوێندۆتەوە بەناوی رەخنە گرتن لە عەقلی جەدەلی. کە هەرگیز باوەڕم پێی نەبووە. وە نەمتوانیوە کتێبەکەی لە بارەی فلۆ بێر بخوێنمەوە بەناوی (گێڵەکەی بنەماڵە).چونکە سارتەر لە راستیدا هیچ لەبارەی تیۆری فرۆیدەوە تێ نەگەیشتووە. بۆ نموونە ئەو گلەیی لە چەمکێکی سەرەکی دەکا کە شیکردنەوەی دەروونی لەسەر دامەزراوە ,مەبەستم چەمکی نەست. ناهۆشیارییە. وەکو رەخنە گرتنێکیش لە فرۆید دەڵێ: ئەو هۆشیاریە چی یە کە گوێ بە خود نادا ؟ ئەمەش پرسیارێکی زۆر نەفامانەیە چونکە لە سروشتی نەستد ا ئەوەیە کە ئاگای لە خود بێ. زاراوەی نەست و یا ئەزموونی نا ئاگایی. ئەگەر بمانەوێ. بێگومان ئەزموونە و هەقیقەتی خودی تاک و کۆمەڵگاو مێژوو گەواهی لەسەر دەدەن. بەڵام بەرێز سارتەر نایبینێ. واتە ئەو شتێک نابینێ شایانی باس بێ. با ئێستاش بۆ تەنها چرکەیەک سەیری ئەو رەهەندە پێکهێنەرو دروست کەرەی کۆمەڵگاو مێژوو بکەین. ئایا ئەو رەهەندە کامەیە؟ ئەویش توانای کۆمەڵگا مرۆییەکانە لەسەر پێکهێنانی خەیاڵە تایبەتیەکەی لەهەریەکێک لە قۆناغەکاندا. واتە بیرو باوەڕو بۆ چوونەکانی و تێڕ وانینە دیاریکراوەکانی بۆ جیهان. کەلە ئەوانی تر جیای دەکاتەوە. جیهانی ئەغریقی کۆن بۆ نموونە دیدێکی دیاریکراوی لە بارەی جیهانەوە هەبوو ,کەلەسەی ژیا تا مردو لەناو چوو. جیهانی عیبرانی — مەسیحی دیدو خەیاڵێکی دیاریکراوی پێک دەهێنا ,کەلەسەری ژیا تا قۆناغی هاتنی چەرخە تازەکان , واتە ئەو دیدەیە کە ئاینی جولەکە- مەسیحی گوزارشتی لێ دەکا ,دوای ئەوە دیدی رۆشنگەری عیلمانی نوێ جێگای گرتەوە. کە تێڕ وانینێکی فەلسەفی نا ئاینی لا هووتیە. جیهانی سەرمایەداری ئێستاش دیدێکی دیاریکراو لەسەر جیهان پێک دەهێنێ. کە متمانە لەسەر بەکار بردنێکی بێ کۆتایی و فراوان بوونی بەرهەم هێنان دەکاو تا ئەمرۆش هەر لەسەری دەژی. واتە چەند رێژەی بەکار بردنم زیاتر بێ چێژی ماددی و غەرائیزی زیاتر وەربگرم , ئەوە ئامانجەکانی بوونم پتر دە پێکم. یاخود هەر ئەوەیە کە خەڵک لە کۆمەڵگا سەرمایەداریەکان بۆی دەچن. تێبینیش دەکەین کەوا ئەوروپای تازە کولتووری یۆنان و رۆمان و عیبرانیەکان و عەرەب و ئەوانی تریان بەکار هێناوە ,بۆ ئەوەی دیدە خەیاڵیەکەی خۆیانی پێ دروست بکەن و لەسەری بژین.بێگومان ئەوان هەموو ئەو توخمانەیان بەیەکە شێلاوە و کوڵاندوەو تواندۆتەوە تا شێوازێکی تازەی لێ دەربچێ کەتەواو لەو توخمانە جیاوازە ,ئەگەر بەتەنیا وەریان بگرین. واتە هیچ شتێک نایەتە ناو کۆمەڵگاوە ئەگەر بەتەواوی هەرس نەکرێ و قبوڵ نەکرێ , ئەگەر ناتەنها دەوترێتەوەو فڕێ دەدرێ. هیچ شتێکیش ناچێتە نێو دەروونی تاکەوە ئەگەر بەهەمان شێوە هەرس نەکرێ و قبوڵ نەکرێ. لێرەشدا تێبینی بەیەک چوون و هاوسەنگی نێوان ئالیەتی تاک و ئالیەتی کۆمەڵگا دەکەین لە هەرس کردن و قبوڵ کردندا. کارەساتی مارکس لەوەدا بوو کە هەرگیز لەو رۆڵە نەدەگەیشت کە بۆ چوونە خەیاڵیەکان یا فاکتەرە دەروونیەکان لە پێش کەوتنی کۆمەڵگادا دەیگێڕن. واتە مارکس عەقلانیەتێکی رووت بووە ,هەرگیز لە رۆڵی

ئەفسانەی خەیاڵی و بیرو باوەڕە میسالیەکان , لە ژیانی کۆمەڵگاکان و میللەتاندا نەگەیشتووە. ئەمەش شێوازی داتەکاندن و وەلانانی تیۆری مارکسیە بۆ مەسەلەی ئاین. بەمەش یەکێک لە رەهەندە بنەڕەتیەکانی مرۆڤایەتی دەسڕێتەوە. بۆ ئەوەی تەنها جەخت لەسەر یەک رەهەند بکا ئەویش رەهەندی ماددی — ئابووریە. هەر لەبەر ئەوەش مارکسیەت شکستی هێنا , بەڵام ئایا کاستۆر یادیس لە کۆتاییدا چۆن گرینگی هەریەک لە مارکس و فرۆید هەڵدەسەنگێنێ ؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێ.مارکس هزرڤانێکی گەورەیە ئەوەش هەقیقەتە. وێنەکەشی هەمیشە لە پاڵ ٢٠ هزر ڤانی تری وەکو توکفیل. مۆنتیسکۆ ,هوبز. ئەفلاتون. سوکرات.تد لە میحرابی هزردا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە :.ئێمە دوو شت لە مارکس فێر بووین یەکەمیان جەخت کردنە لەسەر گرینگی ژینگەی کۆمەڵا یەتی بۆ تاکی مرۆڤ. وە بایەخی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا لەدایک بووە بۆ پێک هێنانی کەسایەتیەکەی. پاشان دابڕان لەگەڵ هەر بۆچوونێکی تاکڕەوانە یا گەوهەری یاخود میسالیانەدا بەسەر واقیع دا باز بدا یا لەسەریەوە بوەستێ. هەرچەندە ئەو دابڕانە لەلای مارکس خۆی تێکەڵە واتە ئاڵۆزەو روون نی یە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چاکەیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە فێری کردووین چۆن وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیری کۆمەڵگا بکەین. دووەمیان ئەوەیە مارکس بیری لە توخمە کاراکانی ناو کۆمەڵگا کردۆتەوە کە دەکرێ بگۆڕدرێ و بەرەو باشتر ببردرێ. واتە بەرهەمهێنانی کاڵا ماددیە پێویستەکانی ژیان و ئامرازەکانی ئەو بەرهەم هێنانەو رۆڵی چینی کرێکار تیایدا.بەڵام سەبارەت بە فرۆید مەسەلەکە لای ئەو زۆر جیاوازە و ئەوەی کە لە هزرەکەی ئەودا لادەبرێ شێوازی بەتریرکی کەسایەتیەکەیەتی. وە بەو لابردنەشەوە هزری فرۆید سەبارەت بە ئێمە هەر بەراست و دروست دەمێنێتەوە ,بەڵام پێویستە زۆر لەوە دوور تر بڕۆین کە ئەو بۆی رۆیشتوەو هەر ئەوەشە کە هەوڵ دەدەم وەکو کەسی خۆم ئەنجامی بدەم. ئێستاش بابزانین پەیوەندی لە نێوان شیکردنەوەی دەروونی و فەلسەفەدا چی یە. یاخود شیکردنەوەی دەروونی چی پێش کەش فەلسەفە کردوە ؟ کاستۆر یادیس لە وتارێکی بەناو باگدا لەمبارەیەوە دەڵێ: شیکردنەوەی دەروونی سێ هەقیقەتی پێش کەش کردووین کە ئەوانەن. یەکەم شیکردنەوەی دەروونی لەسەر ئاستی ئەنتۆلۆژی شێوازێکمان نیشان دەدا کە فەلسەفەی ئاسایی پێی نازانێ. چونکە شیکردنەوەی دەروونیە کە بۆ یەکەمجار قوڵایی دەروونی مرۆڤمان بۆ ئاشکرا دەکا. دووەمیان شیکردنەوەی دەروونی ناچارمان دەکا مرۆڤ تەنها وەکو بوونەوەرێکی عەقلانی نەبینین. بەڵکو بزانین کە بوونەوەرێکی ئەخلاقیشە. واتە پڕە لە وێنەو خەیالاتی نا عەقلانی تەنانەت هەڵچووش. سێیەمیشیان ئەوەیە کەوا شیکردنەوەی دەروونی هەڵسو کەوتەکانی مرۆڤمان بۆ رۆشن دەکاتەوە بەهەموو دەرەنجامەکانیەوە. بە شێوەیەک کە پێشتر نموونەی نەبووبێ. ئەویش لە رێگای هەڵدانەوەی ناخی ئەو کیشوەرە تاریکە خۆی. چونکە لە رێگای ئەو کیشوەرەوە دەزانین لە بەرچی مرۆڤ بەو شێوەیە هەڵس و کەوت دەکا.. هەرچی فەلسەفەی راستەقینە یا مەزنە. کاستۆر یادیس بەمجۆرە پێناسەی دەکا. کە ئەو فەلسەفەیەیە کە رێگا بۆ ئەوە دەکاتەوە تا بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر بڕوا.

لەبەرچی؟ چونکە هەموو فەلسەفەیەکی گەورە بەسروشتی خۆی بۆ ئەوە دەچێ لەناوەخۆی داخراو بێ و خۆی واببینێ کە هەقیقەتێکی ڕەهایە یاخود شیکردنەوەیەکی کۆتایی جیهان و کۆمەڵگاو مێژووە. هەرلێرەشدا مەترسی دۆگماییەت و ئۆسۆڵیەتی داخراو دەردەکەوێ. بۆیە کاستۆر یادیس داوادەکا بەسەر کولتووری فەلسەفی باڵا دەست دا باز بدەین. کە مەبەستی کولتووری ئەغریقی — ڕۆژئاواییە. بەڵام هەرگیز دان بە مردنی فەلسەفەدا نانێ. هەروەک هەندێک ئێستا بۆی دەچن. چونکە فەلسەفە نامرێ بەڵکو بەبەردەوامی تازە دە بێتەوە. بۆ نموونە کولتووری فەلسەفی ئەغریقی — ڕۆژئاوایی لەوەتەی ئەفلاتون و ئەرستۆوە بەردەوامە تا ڕۆژگاری کانت و هیگل کە بێگومان کولتوورێکی مەزنە وەهەرگیز نابێ بەمانای وشەکە گیان لەدەست بدا. بەڵام پێویستە بەسەیاندا باز بدەین چونکە ژیان ناوەستێ. کاستۆر یادیس درێژە بەوتەکانی دەداو دەڵێ من هەر لەسەرەتاوە زۆر سەرسامی فەلسەفە بووم. واتە لەو کاتەوەی کە تەمەنم ١٣ ساڵان بووە وەلەبەر ئەوەی کە من بەرەچەلەک ئەغریقیم منداڵیم لە ئەسینا بەسەر بردوە. مۆڵەتی کتێب فرۆشتنم بۆ ئەوە بەکار هێنا دووبەرگی گەورەی مێژووی فەلسەفە بکڕم و لە ماوەیەکی کەمدا بینخوێنمەوە. بەمجۆرە ئەفلاتون و کانتو ئەرستۆو هوسریل و هیگل و ماکس فیبەرو بە زنجیرەو یەک لەدوای یەک ناسی سەرەرای مارکس بێگومان. هەر لەو کاتەوەش بەبەردەوامی کتێبەکانی فەلسەفە دەخوێنمەوە وە ئەوەی کولتووری فەلسەفی نەخوێنێتەوە ڕۆشنبیر نی یە. وەلە ساڵی ١٩٤٩ هاتمە پاریس تا خۆم بۆ تێزی دکتۆرا لەسەر فەلسەفە ئامادە بکەم بابەتەکەشی ئەوەبوو کەوا هەموو سیستەمێکی فەلسەفی پێویستە لە دوا قۆناغدا بە تەنگژەو کێشەی زۆر ئاڵۆز کۆتایی بێت. وەناکرێ چارەسەلر بکرێ تەنها لە ڕێگای سیستەمێکی فەلسەفی تازەی دیکەوە نەبێ لەدەوروبەری ساڵی ١٩٦٠ یش لە مارکس ڕزگار بووم و سیستەمە فەلسەفەیەکەیم ڕەت کردەوە.واتە ئەو کاتەی خەریکی دارشتنی تیۆرەکەم بووم لەسەر پێکهاتەی خەیاڵیی کۆمەڵگا. گومانیشی تێدا نی یە کەوا من لە ژێر کاریگەری کولتووری فەلسەفی یۆنانی — ئەوروپیدا بووم وەکو هزرڤانەکانی تر. بەڵام سەرسامیم بە ئەرستۆ زۆر زیاتر بوو چونکە ئەرستۆ بە مانایەک لە ماناکان دوای ڕۆشنگەری هاتبوو. بەمەش حاڵەتە مێژووییەکەی زۆر لە حاڵەتی ئێمە دەکا بەڵکو ئەرستۆ هەر تەنها دوای ڕۆشنگەری نەهاتبوو بەڵکو دوای ئەو ڕەتکردنەیە توندو سەختەش پەیدا ببوو.کە بۆ ڕۆشنگەری کرا. ئەیو ڕەت کردنەوەیە ترسناکەش گەیورەترین فەیلەسوفی سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی سازی کردبوو کە مەبەستم ئەفلاتۆنی مامۆستای ئەرستۆیە. چونکە ئەفلاتون بوو کە فەلسەفەی لاهوتی داڕشت , واتە تیۆری میسالی دژ بە عەقلانیەتی ڕۆشنگەری. واتە ئەو تیۆری میسالیەکانی داڕشت کە بەسەر زەوی واقیعدا دەکەون و دەگەنە کەشکەڵانی ئاسمان. پاشان ئەرستۆ وەکو کاردانەوەیەکی ئەو پەیدا بوو. بەڵام بێگومان قوتابی ئەو بوو وەناکرێ لە قوتابی بگەی بە بێ ئەوەی لەو مامۆستایە حاڵی بی کە ئەرستۆی قوتابی لە دژی هەڵگەرایەوە.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ژمارەی ڕۆژی ٢-١٠-٢٠٠٧ .

لە وڵاتی مامە سامیشدا!

عەبدوڵا عادل
لە عەرەبییەوە:
د. فەیسەڵ بڵباس

من خۆم، پێشان و ئێستاش لەو باوەڕەدام و لەدواڕۆژیشدا هەر لەسەری دەمێنمەوە کە ئەوەی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناودەبرێن، پێموایە لەوە پتر نین کە ڕێگایەک بن لەو هەزار بەهەزار ڕێگایانەی کە جیهانی پێشکەوتوو دەیانگرنەبەر بۆ دزیکردن لە جیهانی دواکەوتوو. بەڕاستی -یاسا پیاوی گێل ناپارێزێت- ئێمە سەرەتا دەست بە پاڕانەوە دەکەین لێیان، بۆ ئەوەی بە ئەندام لە ڕێکخراوێکدا وەرمان بگرن، بەمەش ئەوان سەرکەوتنێکی ڕەمزی بەدەست دێنن. ئەوجا ئابوونەی ئەندامبوونمان دەدەین و بەوەش سەرکەوتنێکی دارایی بەدەست دێنن. لەدواییشدا هەر ئەو ڕێکخراوانە بەکار دەهێنرێن بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە ڕێگە بۆ سوپاکانیان خۆش دەکات ڕامان بماڵن و ڕاستەوخۆ، لەژێر ناوی جیاجیای وەک هێزی هاوبەش و پاراستنی ئاشتی و... تا دەگاتە هێنانە جێی شەرعیەتی نێودەوڵەتی، داگیرمان بکەن، بەوەش سەرکەوتنی سەربازیان بۆ دێتەجێ.

خاوەن بەختی هەرە گەورەش ئەو کەسانەن کە لەناو ئەم جۆرە ڕێکخراوانەدا کار دەکەن، چونکە کار کەمە و دەستکەوتیش زۆر. ئاهەنگی پێشوازی، ئاهەنگی بەڕێکردن، ئاهەنگی هاتنی فەرمانبەرێکی تازە و ئاهەنگی بەڕێکردنی یەکێکی کۆن، ئاهەنگەکانی بەئەندام وەرگرتنی وڵاتێک و هی دەرکردنی وڵاتێکی دیکە، ئاهەنگی دووبارە بەئەندام وەرگرتنەوەی وڵاتە دەرکراوەکە، ئاهەنگی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی لەلایەن یەکەمین ئەفریقیانشین و ئاهەنگی بوونە

سەرۆکی یەکەم کەسی ئاسیایی، ئاهەنگی بوونە سەرۆکی یەکەم ژن و ئاهەنگی ماتەمینیی مردنی یەکەمین سەرۆکی ڕێکخراوەکە، ئاهەنگی ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی پڕۆژەیەکی دیارکراو و ئاهەنگی لەبیرکردنی سەرنەکەوتنی پڕۆژەیەکی دیکە. ئاهەنگە سەوزەکانی هاوڕێیانی ژینگە و ئاهەنگە شینەکانی هاوڕێی دەریا و ئاهەنگی سپی لەپێناو ئاشتیدا... بێگومان ئانگی سووریش لەبەر خاتری ئەندامە عەرەبەکان.

ئەوەندەی خۆدەرخەران بە خۆشەیستنی سرووشت و ئاشتی لە یەکێک لەو ئاهەنگانەدا مەی هەڵ دەقوڕێنن، زۆر لەوە پترە کە باپیرانمان لە شاری (یەسریب)، لەو ڕۆژە دیارەی کە ئایەتی حەرامکردنی مەی تێدا هاتە خوارێ، هەڵیان ڕشت. ئەو کەسەی کە فێری ئەو کەشوهەوایەی ناو ئەو ئاهەنگانە نەبووبێ لەوانەیە پێی خۆشبن، بەڵام ئەگەر لە تاکە ڕۆژێکدا لە سێیانیاندا ئامادە بیت ئەوە خۆی لەخۆیدا دۆزەخێکە.

بەڵام ئەوە ئەمریکایە!.. لەبیرتە... خەونی ئەمریکایی..؟

بە باکگراوندێکی ئاڵای پڕ لە ئەستێرە گەشەکانی.

بەو چەنەگە تایبەتەی سوپەرمان هەیەتی.

بەو خۆشییەی کە لە دەموچاوی هەموو بەشداربوواندا دەیبینین لە بەرنامەکەی دکتۆر (فیل) دا.

تکایە پێم مەڵێ ئەمە شەیتانی گەورەیە. هەموومان وا دەڵێین، پاشانیش لەگەڵ یەکەم داوەتنامەدا دەچینە سەردانی.

داوەتنامەکەی ئەمجارە زۆر لە هەویا و سەلیقە سەیرەکانی من دوور بوو، کە من هەمیشە حەزم لەوە بووە بەو کەسانە پێبکەنم کە دەیانەوێ ژنەکی دیکە بەدزیەوە بێنن. ئەو کۆنگرەیەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەبەسترا، کۆنگرەیەکی زانستیی پاک بوو و هیچ گومانێکی سیاسی تێدا نەبوو، یان ئەوها خەریک بوو خۆمی پێ قایل بکەم. شاند لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەوە هاتبوون. پێکەنینی بێتام، زرینگەی پێکدادانی بەرداخان، ئەو شاگردانەی کە شتی وایان دەگێڕا هەر لێی تێناگەی چییە و زۆریی لەخۆت دەکەی بۆ ئەوەی یەکسەر یەکێکیانی لێ قووت بدەی، پێش ئەوەی خانەخوێ ئەمریکاییەکەت پێت بڵێ: ئەمە ماسی سەلەموونە کە ناوهەناوی دەرهێنراوە و دەنکە توویێکی بە ڕوونی زەیتوون برژاوی لەجێ دانراوە، ئەوجا بەناوێکی لەسەر کێشی (ئەکسلاسیسۆن ستراوبەری) دەتخرۆشێنێ و تۆش بەتەواوی بڕواوە سەری خۆتی بۆ دەلەقێنی کە گوایە زۆر بەقووڵی تێی گەیشتووی. هممممم..... چەند لەمێژە تامیم نەکردووە..! دەزانی لە (ئەرابیا) لە هەموو جەمێکدا زۆریت لێدەکرێ کە گۆشتی حوشتر بخۆی..! ئەویش سەری دەلەقێنێ کە تێتدەگات و هاوسۆزیشتە.

میسریەکان دەڵێن (خوێن دەبزووێ)، ئەم دەستەواژەیە ئەگەر لەو کەشوهەوا ژەهراویەدا نەبێ، تێی ناگەی. ئەم شاندەم بینی و لە سمێڵە بابڕەکانیانەوە زانیم کە عارەبی خۆمانن. یەکترمان ناسی و دەرکەوت شاندەکە عێراقین. شاندی عێراقیان یەکسەر لەدوای داگیرکردندا

له ئەمریکان..! هەندێکیان بەختیار دیاربوون کە لە وڵاتی (مام سام) دان. ئەو وڵاتەی کە لە بەندەیی بتە بەعسییەکانی رزگارکردن و ئەوانی دیکەش تورە و توند دیاربوون و هیوایان دەخواست کە کەرکێکی لەوەی (دوگمەکە داگرە و برۆ بەهەشتێ) یان لەبەردا بووایە.
(فەیسەڵ) لەم جۆرەی دووەمیان بوو.
هاورێیەتیی برادەرە عێراقیەکانم زۆر پێ خۆش بوو. وەک دەزانرێ گەلی عێراق گەلێکی پێشکەوتنخواز و هەست ناسکی تەواوە. جەمێک لە (پاچە) یان سەروپێی بەرخێک لە بەیانیاندا دەخۆن. لە تەمەنی شەشساڵیدا فێری چەک بەکارهێنان دەبن. هەر دەبینی یەکێک بەرۆکی ئەویدیکەی گرتووە و سەری بەدیواردا دەدات بەوەی گوایە ئەوە گاڵتەی لەگەڵدا دەکا...گەمەیە گەمە.. تد! لەو رەفتارانەی کە بە بنەمای نەرمی و رێزلێنانی دادەنێن، بەڵام خۆشیی راستەقینە ئەو کاتە دەبێ کە لایەنە رکابەرەکان دەست دەکەنە پیلەکە لەسەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی بوونی ئەمریکییەکان لەناو عێراقدا. نزیکەی هەموو نیو کاتژمێرێک دەکەوتینەوە ناو گێژاوی ئەو مشتومرە. لەلای هەندێکدا دەگەیشتە ئەو ئاستەی کە نزیک دەبۆوە لەوەی خۆی باوێتە ناو کۆشی (سی ئای ئەی)یەوە، ئەوەندە بە (ئەحمەد چەلەبی) دا هەڵدەگوت..! لەلای ئەویدیکەدا نزیک دەبوو بکەوێتە ناو باوەشی (گوانتانامۆ)وە ئەوەندە زۆری بە (بن لادن)دا هەڵدەگوت..
لەیەکێک لە شەوە تاریکەکاندا نانی ئێوارەمان لەگەڵ جێگری ئەمینداری گشتیی رێکخراوەکە خاتوو (کریستینا) خوارد کە سەرەتا بە بەخێرهێنانی دانیشتووانی سەر مێزەکە دەستی بەقسان کرد و پرسیاری رووداوەکانی لێ کردن... تا گەیشتە (فەیسەڵ) و پرسیاری وڵاتەکەی لێکرد و ئەویش گوتی: عێراقیم.



هەموو ئامادەبووان کەوتینە بینەوبەردەیەک لەسەر ڕەوشێک کە لەمێژووی نوێی سیاسەتدا زۆرترین گفتوگۆ هەڵدەگرێت، ئەویش (بەرهەڵستکاریی عێراق)یە. بنەچەکەی، پێکهاتەکەی، دروست بوونی، پاڵەوانەکانی، سیمبوڵەکانی، سەر بە کێن؟ ئایا هیچ سوودێکی هەیە بۆ عێراق و وادەکات داگیرکەر زوو لێی بچێتە دەرێ، یان شەرعیەتی بە داگیرکەر داوە لەبەر ئەوەی شارەزایی سیاسیی نییە..؟ ئایا هەمان نائومێدییەکانی جیهادی ئەفغانییەکان دووبارە دەکاتەوە یان دەبێتە ئەزموونی سەربەستییەکی نوێ کە لەسەر زەمینەیەکی بتەو ڕۆنراوە..؟ بێگومان فەیسەڵ و حەیدەر لەسەر هیچ شتێک ڕێکنەدەکەوتن، چونکە حەیدەر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو بەرگرییە بەزێندراوە، لێرەدا فەیسەڵ دەپرسێ: کێیە ئەوەی بەزاندوویەتی؟ حەیدەر لە وەڵامدا دەڵێ: ئێرانە. ئەوجا فەیسەڵ جنێو بە ئێران و ئەوانەش دەدات کە تێیدا پەروەردە کراون! حەیدەر تووڕە دەبێ و گفتوگۆیەکە وردە وردە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕیتمەکەیدا، لە ئینگلیزییەوە دەگۆڕێ بۆ عارەبی کە جنێودان پێی خۆشترە. هەموو ئەوانەش کە لەسەر مێزەکەدان ڕوو لە خانەخوێ دەکەن، ئەویش بە نیەتێکی پاکەوە هەوڵ دەدا ڕووی گفتوگۆیەکە وەربگێڕێ.

بەشێوەیەکی دیپلۆماسیانە و گرژییەوە و بە ئەندامانی شاندی عێراقیی گوت: (ئەوا لەدواییدا توانیتان لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بەبێ ڕێگری بەشداربن). لەبەر ئەوەی فەیسەڵ، وەکو هاووڵاتییەکانی خۆی، هەست ناسکە، بۆیە پاشماوەی خواردنەکەی سڕیەوە کە ناوەکەی لەسەر کێشی (ئەکسلاسیسۆن ستراوبەری)ە و نۆرەی هەڵمەتی عێراقیانە دەستی پێکرد.

لە سەرەتادا کەوتە جنێودان بە باوکی و هۆزەکەی، هەرچەندە لەسەر خاڵێک ڕژد بوو کە لێی دڵنیایە کچی باوکی خۆی نیە (بیژیە). پاشان هاتە سەر مێژووی ئەمریکا و ڕێگرەکانی و کاوبۆی و لەناوبەرانی هیندییە سوورەکان و کەوتە جنێودانیان...! سێیەمینیش جنێوەکانی ڕووە و سەرۆکەکانی ئەمریکا کرد و خراپەکارییەکانیانی یەک یەک ژماردن... بە جنێودانە گەلی ئەمریکایی کە لە کۆمەڵێک نێرەمووک و هاوڕەگەزبازی مێیینە پێکهاتووە... پاشان جنێوی بە سوپای ئەمریکای پیس و پلانە پیسترەکانی دا بۆ کۆنترۆڵ کردنی نیشتمانی عارەبان. کۆتاییشی بە جنێودانە کۆنگرە و ڕێکخەرەکانی هێنا و خانەخوێیەکەمانی بە (لەشفرۆش) ناوزەد کرد...

وەکو دەڵێن (لەناو بەرگەکانماندا بووینە دڵۆپە ئاوێک) هەرچەندە زۆربەمان لچ هەڵێنانی خۆی بە کریستینا نەشاردەوە و سەرسامی خۆی بە ئازایەتی فەیسەڵ نیشاندا کە ئەوەی ئێمە دەمانویست ئەو گوتی، هەرچەندە بە تەواویش دیپلۆماسیانە نەبوو.

(کریستینا) لە شوێنی خۆیدا مت بوو و بە دەنگێکی نزمەوە هەر دەیگوتەوە (من لەشفرۆشم... ئای خودایە)... (پێی گوتم لەشفرۆش)...

فەیسەڵ __ دوای ئەوەی کەشوهەوایەکە کارەبائاسا گڕی گرت __ دەستەسڕە بەخواردنەکەی

بەدەموچاوی دادا. بێگومان لەناو دەستەسڕەکەدا پاشماوەی ئەو خواردنانە مابوونەوە کە ناوەکەی لەسەر کێشی (ئەکسلاسیسۆنستراوبەری)یە...

سەردانەکانی شەوانەم زۆر پێ ناخۆشە... ئەو میوانە رەزاقورسانەشم حەز لێ نییە کە کاتژمێر سێی دوای نیوەشەو لە دەرگای ژوورەکەم دەدەن. رکم لە فەیسەڵیشە کە دەبینم بە دەستەجلێکی رێکوپێکەوە داوای گفتوگۆم لەو کاتە درەنگە لەگەڵدا دەکات...

- (کاکە تۆ نازانی ئەو گێلانە و سوپای ئەمریکا و سەرۆکە سەرکێشەکەیان تووشی چ ئازارێکیان کردین)..
- (دڵگران مەبە برام، من زۆرباش لەوە دەگەم کە تۆ کردت... شەوێکی شاد)...

دیاربوو فەیسەڵ نەیدەویست تێبگات و سووربوو لەسەر ئەوەی پێڵاوەکانی لەبەر دەرگا لەپێ بکاتەوە و بەزۆری بێتە ژوورێ. دەستی کردە باسکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا و چۆن هێرشیان کردە سەر عێراق و خۆیشی لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا بوو لە هوتێلەکانی بەغداد پێش داگیرکردنی. مێریدیان فەلەستین و عەشتارشیراتۆن و ئینتەر رەشید... تێنەگەیشتم بۆچی عێراقییەکان رشتن لەسەر بیردۆزی (ئەلسافی-دانۆن) لە ناونانی هوتێلەکانین و بۆچی ناوێکی عارەبی دەخزێنرێتە پێش یان پاش نیشانە بازرگانییە بیانییەکەی... (فوتەیم) هەر (فوتەیم) ە... قەت نەگوتراوە فوتەیم\تۆیۆتا... کەسیش داوای ئەوەی لێ نەکردووە... لەوانەیە تۆشیبا\ ئەلعەرەبی یەکەم کەس بووبێ ئەو دەست پێشخەریەی کردبێت...

- (کەوایە بۆ ناچیتە لای و داوای لێبوردنی لێ بکەی لەو شێوازەت... نەک لە ناوەرۆکەکەی..؟
- (ئەو خۆی ئێستا لە ژوورەکەی منە...)
- (چی...؟؟؟)
- (هەر لەبەر ئەوەش هاتوومەتە لات بۆ ئەوەی ببیە شاهێد لەسەر مارەکردنی، هەر دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە خۆی هاتە لام لە ژوورەکەم و داوای پەیوەندیی لێکردم، منیش پێم گوت کە من هیچ پەیوەندیەکی ناشەرعی ناکەم...)
- (ئەدی ئەو لەشفرۆش نییە..!)
- (دەمت داخە... کێ وای پێ گوتی....)

بەڕاستی کەس ناتوانێ لە عێراقی و ئەمریکیان بگات. گەنجێکمان لە شاندی وڵاتی قەتەر هێنا و ئەویش زۆری پێ خۆشبوو کە مارەبڕینەکەی ئەنجام دا، من و حەیدەریش کە لایەنی مانەوەی ئەمریکا بوو، شایەدیمان دا. فەیسەڵ دەستی کریستینای گرت و بردیە ژوورەکەی خۆی لە هوتێلەکەدا و تا کۆتایی کۆنگرەش نەمان بینییەوە، هەرچەندە زۆرجاران کریستینامان دەبینی کە سۆرایی روومەتەکانی گۆڕابوو و گۆڕانێکی زۆریش بەسەر هەنگاونانەکانی دا هاتبوون، زۆرم دڵ پێی دەسووتا چونکە دەمزانی کە لە جەمی بەیانیانی دا (پاچە) دەخوات و بە چەقۆیانیش یاری دەکات... بەڵام ئەو قایل بوو... زۆریش قایل... قایلی تا سەر ئێسکان.

هەر جارەی کە بەرنامەیەکی گفتوگۆ لەسەر شاشەی ئەلجەزیرە یان موستەقیلە یان گفتوگۆی

ئەمڕۆ لەنێوان عێراقی و ئەمریکیەکدا دەبینم.. بەدەست خۆم نییە پێکەنینم دێت. بینەران چاوەڕێی جەنگێک دەکەن کە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا دوای بەرنامەکە بەرپابێت، ناشزانن ئەوەی کە بەڕاستی (رەنگە) رووبدات چییە! بەتایبەتیش ئەگەر لایەنی ئەمریکایی نوێنەرێکی مێیینەی ئەو فیدراڵییەگەلە بێت. بەڵام من تا ئەمڕۆکەش لێکدانەوەیەکی لۆجیکیم بۆ رووداوی ئەو شەوە نەدۆزیوەتەوە... ئایا بە کەسایەتییەکەی سەرسام بوو یان بە لەشولارەکەی؟ ئایا لەناو دەروونی خۆیدا هەستی بە گوناهێک دەکرد؟ یان خۆی بە هەرزەکار دەهاتە بەرچاو؟ یان هەر تەنیا ئەمریکاییەکی دیکەیە کە دەیەوێ شتێکی دیکەی نوێ تاقی بکاتەوە؟

ئەدی کابرا..؟ ئایا ئەوە حەزێکی کاتیمانە؟ ئایا لە کاتی گەڕانەوەیدا تەڵاقی دەدا؟ یان دەبێ ئێستا کەبابی فەلووجەییی بۆ ئامادە بکات؟

یان هەموو ئەوانە بۆیە روویاندا، چونکە بە ناوزەدکردنی بە (لەشفرۆش) هەستی ورووژاند..؟

سەرچاوە:

کتێبی (حکایا المسیار) لە نووسینی: عبدالله عادل شویخ. چ١: ٢٠١٠.

ئەگەر ژیان یاری بێت .... ئەمە چیرۆکەکانییەتی

چیرۆکی مرۆڤایەتی واقیعین، کەسە ڕاستەقینەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەگێڕێتەوە

بەشی سێیەم

لە عەرەبییەوە: د. پەخشان سابیر

(شیری کارتەر سکۆت)، مامۆستای زانکۆ و نووسەری ئەم کتێبەیە کە زۆرترین فرۆشی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە ((ئەگەر ژیان یاری بێت ئەوا ئەمانە یاساکانییەتی))، ئەم کتێبە کار لەسەر پێشخستنی خودی مرۆڤ دەکا لەڕێگەی کورتە چیرۆک و بەسەرهاتی ڕاستەقینە. ئەم کتێبە لەلایەن (کتێبخانەی جریر) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لەساڵی (٢٠٠٦) چاپی یەکەمی کراوە.

تێبینی:

لەبەر گرنگی ئەم بەرهەمە حەزم کرد خوێنەری کورد بە زمانی کوردی بیخوێنێتەوە و ئاگاداری کتێبێک بێت کە لەتەواوی دنیادا خوێنەری هەیە. ئەم کتێبە کۆمەڵێک ڕووداو چیرۆکی ڕاستەقینەن، لێرەوە بەشێوەی زنجیرە بڵاودەبێتەوە.

چپەی گیانەکان بریتییە لەو نامانەی یەکسەر ڕێبازی ژیانمان دەگۆڕن، ئەم نامانە بە زۆر ڕێگا پێمان دەگەن، هەندێ جار ڕوون و هەندێ جاری تر شاراوەن، لەوانەیە ئەو کەسانەی زیاتر لێمانەوە نزیکن، پشتگیری ئەو کردارانەمان نەکەن کە دڵمان دەخەنە گۆرانی وتن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەریەک لە ئێمە بەرەو ئەو هەڵبژاردنانە هەنگاو بنێین، کە لە بارەی جەستەمانەوە بڕیاری لەسەر دەدەین، کارەکە بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەرەو ئەو هەڵبژاردنانە بچین کە ئاشتی و دڵنیاییمان پێ دەبەخشن، (شوبرا ئیجرافال) چیرۆکی خۆی لەگەڵ خۆی ئەو کەسەدا دەگێڕێتەوە کە گوێ لە نامەکانی دەگرێت، بە چاوپۆشین لەو بیروباوەڕەی کە ئەوانی دی هەیانە.

کاک فێجای جویل
هیند

ئەو کارە چاکانەی کە ئەمڕۆ بۆ برا یا خوشکێک ئەنجامی دەدەیت، ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتەوە ڕێت، ئەمە بازنەی مرۆییە. ((ڕۆبەرت ئالان))

کاک (فێجای جویل) هەمیشە بە درەوشاوەیی و دەرفەتە سۆزدارییە جوانەکانی سەرسامی دەکردم، شانازییم بەو کاتانە دەکرد کە لەگەڵیدا بە یاریکردن و ئەسپ سواری بەسەر دەبرد، هەموو کات ئەو هەموو بایەخ پێدانەی ئەوم لا خۆشبوو.
وەکو منداڵێک بوو لە بەسۆزیدا، ئەو بەسۆزییەی کە دەمێک بوو هەستم پێکردبوو، لە گەلێک لەو ئەزموونانەی بە یەکمانی دەبەستەوە، بەدیم دەکرد و لە هەموو ئەو کاتژمێرە زۆرانەی کە بەیەکەوە تاوتوێی واتای ژیانمان دەکرد، باوەڕی وابوو ژیان تاقیکردنەوەیەکە هەموو ساتێک هانی فێربوون دەدات، عاشقی هەموو شتێکی سادە و ئاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار کاری وای ئەنجام دەدا کە لەسەروی کاری ئاسایی، ساڵان ڕۆیشتن و بێ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەم، خۆم لە قۆناغی هەرزەکاری دۆزییەوە، لە هاوینی یەکێ لە ساڵەکاندا کاک (جویل) بانگی کردم، تا لەگەڵیدا گەشتێک بۆ نێو سەربازگەیەکی تایبەت بکەین، سەرەتا کەمێک دوودڵ بووم، چونکە یەکێ لە پێنج خوشک و براکانم نەیتوانی ئامادە بێت، بەسۆزەوە قەناعەتی پێهێنام، کە ئەمە هەڵسوکەوتێکی ڕاستە و پێویستە بەم شێوەیە ئەنجامی بدەم، کاتێ بڕیارمدا لەگەڵیدا بچم، هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو لەبارەی ئەوەی چی چاوەڕێم دەکات.
خۆی دابووە پاڵ کۆمەڵەیەک لە چالاکوانان، ئەوانەی هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی کۆمەڵگایان دەدا، لە یەکێ لەو گوندانەی کە نەزانی تێدا بڵاوبوو، ناوی (بیشومبیر) بوو لە ناوچەی

(بیهار) له (هیند)، سەرنشینی خۆماڵی ئەم گوندە هۆزی (ئەدیفازیس)بوون، ئەو ئەندامانی کۆمەڵەکە پیشەی جیاواز و هەمەجۆرییان لە بوارەکانی فێرکردن و پزیشکی و کشتوکاڵی و دەروونناسیدا هەبوو.

سەرەتا وامدەزانی کە لەگەڵ کاک (جویل)م بۆ یەکێ لە جەربەزەییە سەیر و بوێرەکانی، لەوکاتەدا بە خەیاڵمدا نەدەهات، ئەم گەشتە لە ڕووبەڕوونەوەیەکی سۆزداری چەشنی گەردەلول دادەبێت و بە درێژایی ژیان کاریگەری لەسەر دەروونم جێدەهێڵێ، گەشتەکە دوور و درێژ و سەخت بوو.

کاک (جویل) بۆمی سەلماند کە پێشکەوتن بەدی نایەت، تەنیا لە ئاکامی تێکەڵکردنی بەها ونیازی ئەو کەسە نەبێت کە دەیانگرێتە خۆی، ئەو کەسانە بەرگەی سەختی کاراکردنی ئەم بەها و بنەمایانەیان گرتووە، بە بەرگەگرتنی هەموو سەختی و تێپەڕاندنی هەموو کۆسپ و تەگەرەکان، بە مەبەستی چاککردنی بارودۆخی ژیانی بۆ تاکەکانی ئەم هۆزە و بە ئارامی و خۆشەویستی و کارکردنی دڵسۆزانە ڕووبەڕووی هەموو کاردانەوەیەک دەبوونەوە.

کاک (جویل) باوەڕی بە توانای خۆی لە زاڵبوونی بەسەر هەموو سەختی و کۆسپێکدا هەبوو، هیچ بیرۆکەیەکم لە بارەی هیچ شتێک لە مێشکدا نەبوو، دەستم کرد بە چاودێری لە کاتێکدا ئەو دڵی خۆی واڵاکردبوو، چی لە بیر و هەست و سۆز تێدابوو، بەرەو دەرەوە دەریدەخست، لە بەردەم هەموو جۆرە کێشەکاندا خۆڕاگربوو، هەوڵی دەدا چارەسەر بۆ هەر کێشەیەک بدۆزێتەوە کە ڕێگەی پێ دەگرێت، سەرکردەی پرۆژەیەک بوو، کە گۆڕانێکی گەورەی لە کۆمەڵگادا دروست دەکرد.

لە یەکێ لە ڕۆژەکاندا ئاگادارییەکی بڵاوکراوەی لە یەکێ لە ڕۆژنامەکان خوێندەوە، کە بریتی بوو لە بەهاناچوون بۆ ڕزگارکردنی کەسێک کە پێویستی بە بەخشینی گورچیلەیەک هەبوو، کاک (جویل) بڕیاریدا گورچیلەیەکی خۆی ببەخشێتە ئەو کەسەی ئاگادارییەکەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرابۆوە.

ئەو بەدوای ناوبانگ یا درکاندنی سوپاسگوزاری لە بەرامبەر ئەم کارە ئازا و جوامێرییەی نەدەگەڕا، هەروەها ئارەزووی تاوتوێکردنی ئەم بابەتەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، بۆ خۆپاراستن لە هەر ڕەخنەیەک هەموو پشکنینە پزیشکییەکانی ئەنجامدا، کاتەکە بە خێرایی ڕۆیشت و کاتی نەشتەرگەرییەکە هات بێ ئەوەی پێی بزانێ، پلیتی فڕۆکەی بڕی و ژوورێکی لە میوانخانە گرت، پێش ئەوەی بچێتە نەخۆشخانەکە لە (حەیدەر ئاباد) کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە (دیلهی) دووربوو، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوەی پێگوتم کە دەیەوێ گورچیلەیەکی ببەخشێتە ئەو کەسە و وای لێکردم کە پەیمان بدەم ئەم نهێنییە بۆ کەس نەدرکێنم.

پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە بە ڕۆژێک نامەیەکی نووسراوی ئەوم پێگەیشت ((پێویستە پێش ئەزموون دووچاری لاوازی نەبین))، خستنە ڕووی ناخی دەروونمان بنیاتی دووەمی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکەمان بوو لەگەڵ یەکتردا، کاک (جویل) بۆ ماوەی سێ ڕۆژی دواتر ون بوو، ئەندامانی خێزانەکەی لەبارەیەوە لێیان دەپرسیم، بەڵام کاک (جویل) بە تەواوی لەبارەی بڕیارەکەیەوە ڕوون بوو، هەستم دەکرد کە پارچە پارچەم لە نێوان دڵسۆزیم بۆ کاک (جویل) و ئارەزووی پەردەلادانم لەسەر ڕاستییەکەدا، ئەم ئەزموونە تا ئێستاش شوێن پێی خۆی لە ژیانمدا هێشتۆتەوە.

لە کۆتاییدا ئەم ڕۆژە داهات کە بێتەوە ماڵەوە، دوای ئەوەی بە ئەستەم لە نەشتەرگەرییەکە چاک ببۆوە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە چاوەڕوانیدا بوون، بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێک پرسیار دەوری بدەن، چاودێریم دەکرد کاتێ هاتە نێو هۆڵەکە و جانتای سەفەری لەسەر زەوییەکە دانا، بە دەنگە بەسۆزەکەی سڵاوی لە ئەندامانی خێزانەکەی کرد، هەست و سۆزێکی زۆر دایگرتم، سەیری چاوەکانیم کرد، سەری خۆی داگرت، بەختەوەری گیان و دەروونیم بینی کە لە چاوەکانیدا ڕەنگیان دەدایەوە، لە بریسکەیەکی خێرادا، لە ئاکامی زەردەخەنەیەکی فراواندا ددانە سپییەکانی دەرکەوتن، لەوکاتەدا هەستم بەوە کرد کە گوێی لە دڵی ڕاگرتووە، هەروەک ئەو لە نیگاکانی مندا ئەوەی هەست پێکرد کە نهێنییەکەی پارێزراوە، لەگەڵیدا بە نهێنی ئاهەنگمان بۆ ئەو بۆنە خۆشە گێڕا.

هونەری بەخشین دوور لە وەرگرتن لە بەرانبەر ئەو بەخشینەدا وانەیەکی بەنرخە، ئەو وانەیە لە چاودێریکردنی ئەو کەسە فێربووم کە بە بێ هۆ گورچیلەیەکی بەخشییە کەسێکی بە تەواوی نەناسراو و نامۆ، کاک (جویل) نموونەی باڵام بوو، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە ئەو باوکم بوو.

(شوبرا ئەجرافال)

ژیان خەڵاتە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک وا هەڵسوکەوت دەکەن وەک ئەوەی باوەڕیان بەم ڕاستییە نەبێت، ئێش و ئازار بەهایەکن، تەنانەت لەگەڵ ڕوون نەبوونی ئەو ئامانجەی کە ئەم بەهایە خزمەتی دەکات، دۆزی ئەوەی دەژێت و ئەوەی دەمرێت دۆزی ئێمە نییە، هەرچەندە هەڵەیە بە ئەنقەست ژیانی هەر کەسێک ببەین، پێویستە لە سەرمان پارێزگاری ژیانی ئەوانی دیکە بکەین، پێویستە توانا و ویستمان-کە کارێکن لە چوارچێوەی زاڵبوونماندان- بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی جیاوازییەک دروست بکەین. (بامیلا دوجافیتز) چیرۆکی ئەو پەرجووەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕێڕەوی ژیانی کەسێکی نامۆی گۆڕی.

پەرجوی فاکوندۆ
ئەرجەنتین

بەخشینی ڕاستەقینە ئەمەیە قوربانی بەخۆت بدەیت.

(خەلیل جوبران)

((من زیندووم)) ئەمە قسەی (دنیز تامینجا)ی تەمەن ٣٧ساڵانە، لەکاتێکدا لە نەشتەرگەرییەکەی لە (٤)ی یونیوی ١٩٩٦دا بەئاگاهاتەوە، لەوکاتەی لە بێهۆشی هەستایەوە، مۆخی ئێسکەکەی لە ڕێگای بەندەری (ئان ئەربور)ی ناوچەی (مێشیگان) بوو بەرەو یەکێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئەوەی دەیزانی کە وەرگری ئەم مۆخە منداڵێکی پێنج ساڵانە و دووچاری نەخۆشییەکی ناوازە بووە، کە ناوێکی پەیوەست بە یەکتری هەیە (ویسکوت ئەلدریش) یەکێکە لە پەشۆکانە بۆماوەییە ناوازەکان.

دیارییەکەی ئەم لەوانەبوو ژیانی ئەم کەسە ڕزگار بکات، (دنیز) دەیویست ئەم ئازارەی لە کاتی کۆچ کردنی باوکی بە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن لەساڵی ١٩٩١دا هەستی پێکردبوو بگۆڕێت بۆ خەڵاتکردنی ژیانێک کە دەیبەخشێتە کەسێکی دیکە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤دا بانکی خوێنی ناوخۆیی لە بەخشندەیەک دەگەڕا بۆ کچێکی بچووک کە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەمرد، ئەمە یەکەم هەل بوو لەبەردەم (دنیز)دا، بەڵام بەداخەوە جۆری خوێنەکەی لەگەڵ جۆری خوێنی کچە بچووکەکە نەدەگونجا و بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە گیانی لەدەستدا. لە ١٩٩٤/٨/٢١دا واتا پێش سێیەم ساڵیادی کۆچکردنی باوکی بە ڕۆژێک، هەلی دووەم لەبەردەم (دنیز)دا سەری هەڵدا بۆ گۆڕینی غەمەکانی بۆ بەختەوەری، زەنگێکی لە بانکی خوێنی نزیک شارەکەیان (هولند) لە ناوچەی (مێشیگان) بۆ هات، کە هەواڵی ئەوەیان پێگەیاند جۆری مۆخی ئێسکی بۆ کوڕێک گونجاوە، کە پێویستییەکی زۆری

بەچاندنی مۆخی ئێسک هەیە. خاتوونەکە پێی ڕاگەیاندم کە نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد کەس لە سەراپای جیهاندا هەن، لەوانەیە جۆری مۆخەکەیان لەگەڵ مۆخی ئەو کوڕەدا بگونجێت. لێی پرسیم ئەگەر ئارەزووی بەخشینم هەبێت. باوەڕم نەکرد کە ڕۆژێک پێش سێیەم ساڵیادی کۆچی باوکم پەیوەندییم پێوەدەکات. منداڵە بچووکەکەش تەمەنی سێ ساڵ بوو، ئەوە بۆ من هێمایەکی دەنواند بەوەی ڕەزامەندی نیشان بدەم، بەدرێژایی ساڵی دواتر، چەندین جار نموونەی خوێنیان وەرگرت و کارمەندانی بانکی خوێنەکە پێیان ڕاگەیاند کە لە کاتی گونجاودا پەیوەندی پێوە دەکەن. دواتر لە بەهاری ١٩٩٦، پەیوەندییە چاوەڕوانکراوەکە گەیشت. پزیشکەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە مۆخی ئێسکی (دنیز) بە تەواوی گونجاوە، کوڕە بچووکەکە ئەوکاتە پێنج ساڵی تەواوکردبوو، هەر لە کاتی لەدایکبوونییەوە چاوەڕێی ئەم چاندنی مۆخە بوو، (دنیز) نامەیەکی ڕەزامەندی واژۆکرد کە پەیوەستی دەکات بەبەخشین. بەشێوەیەک چارەسەری کیمیایی و تیشکدەری کە پێش ئامادەبوون بۆ نەشتەرگەری، وا لە جەستە دەکات گشت بەرگرییەکانی بەرامبەر نەخۆشی ون بکات. ڕێگە بەهیچ پەیوەندییەک لەنێوان بەخشندە و وەرگردا لە نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسک نەدەدرا، تاوەکو ڕێککەوتن لەنێوان هەردوولادا بەتەواوی ئەنجام نەدرابا، نەدەبا ناوەکان ئاشکرا بکرێن، تەنیا دوای نەشتەرگەرییەکە بە نزیکەی ساڵێک ئینجا ئاشکرا دەکرا، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر نەشتەرگەرییەکەی (دنیز)، بانکی خوێنەکە پەیوەندییان پێوەکرد و هەواڵی ئەوەیان پێگەیاند کە ناوی کوڕە بچووکەکەی هێشتا نهێنییە و خەریک بوو بەرەو باشی دەچوو و تەندروستییەکی باشی هەیە و زیندووە، منداڵە بچوکەکە زیندووە، (دنیز) هاواریکرد. لەنێو فرمێسک ڕشتندا هەواڵەکەی بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی ڕاگەیاند و لە کاتێکدا تەلەفۆنەکەی دادەخست هەستی بە سوپاسگوزاری دەکرد.

هەموو ڕۆژێک نزامان بۆی دەکرد، داوامان لەیەزدان دەکرد کە لە ژیاندا بیهێڵێت و تەندروستی پێ ببەخشێت، (دنیز) وتی: ((یەزدان وەڵامی نزاکانی ئێمەی دایەوە)) لە تەممووزی ساڵی ١٩٩٧ (دنیز) ئەو نامەیەی لە (سانتیاگۆ دل ئیسترۆ) لە ئەرجەنتین پێگەیشت کە چەندین کات بوو چاوەڕێی دەکرد، دوای ئەوەی کە وەرگێڕدرا بریتی بوو لە: ((ئازیزەکەم (دنیز) ناوم (فاکوندۆ)یە و لەتەمەنی شەش ساڵیدام، لەوەتەی ساڵی ڕابردوو، نەشتەرگەرییەکی چاندنی مۆخی ئێسکم لە یەکێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەنجامدرا، دوای ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵە چاوەڕێمکرد، من وخێزانەکەم هەتاهەتایە سوپاس گوزاریت دەکەین، هیوادارین پێتان بگەین و لە باوەشت بگرین و ماچت بکەین، من لەقۆناغی یەکەمی سەرەتاییم، زمانی ئینگلیزی فێردەبم تابتوانم لەگەڵتدا بدوێم، دەمەوێ یاری تۆپێن بکەم و سواری پایسکیل بم و ڕاوی ماسی بکەم، ئێستا دوای ئەنجامدانی چاندنی مۆخی ئێسکەکە برێکی زۆر هێزم هەیە و لە داهاتوودا زیاتر لەبارەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە و چاوەڕوانی وەڵامتم، ماچی گەرمت بۆ دەنێرین)) -فاکوندۆ لوقا و دایک و باوکی-

(دنیز) لە ئاکامی وەرگرتنی ئەم نامەیە هەستی بە بەختەوەرییەکی زۆر کرد، یەکسەر و بە خێرایی وەڵامی دایەوە، لە ئۆکتۆبەر وەڵامی نامەکەی پێگەیشت، دایکی (فاکوندۆ) وەڵامی نامەکەی دابۆوە و دواتر وەرگێڕدرابوو.
ئەو نامە دۆستانە ڕاستگۆیەی (تیریزیتا لۆقا) ناردبووی چوار لاپەڕەی تەواو بوو ((ئێمە دەزانین پەرجووەکەمان ناوی (دنیز)ە)) هەروەها نوسیبووی (((دنیز) ئەو هۆیە بوو کە یەزدان بۆ ڕزگاربوونی ژیانی کوڕە تاقانەکەمان تەرخانی کردبوو)) باسی نزا بەردەوامەکانی بۆ خوا دەکرد تا ژیانی (فاکوندۆ)ی کوڕی ڕزگاربکات، چونکە (ئیجناکیو)ی برا گەورەی (فاکوندۆ) بەهەمان نەخۆشی بۆماوەیی کۆچی دوایی کردبوو، کە ژیانی (فاکوندۆ)یشی خستبووە مەترسییەوە، تا ئەو کاتەی مۆخی ئێسکەکەمان پێگەیشت و ژیانی ڕزگارکرا.
بەڵام خێزانی (تامینجا) دەیانویست زانیاری زیاترییان لە بارەی (فاکوندۆ) و ئەو شارەی تێیدا دەژێت و چۆنیەتی ژیانی، دەست بکەوێت، دەیانویست لەگەڵ خێزانی (لۆقا) بدوێن و لەوانە بوو میوانداریشیان بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی خێزانی (تامینجا)بە ئیسپانی نەدەدوان، تەنانەت لە توانایاندا نەبوو لە ڕێگەی تەلەفۆنیشەوە لەگەڵ خێزانی (سانتیاگۆ دل ئیسترۆ) بدوێن.
کاتێ (د.لویس توماتیس) گەورە نەشتەرگەری دڵ لە نەخۆشخانەی (گراند رابیدز) کە بە ڕەسەن ئەرجەنتینی بوو، گوێبیستی باری (دنیز) بوو، بە یارمەتیدانی بەختەوەر بوو، سەرسام بوو کاتێ زانی (فاکوندۆ) و خێزانەکەی لە هەمان ئەو شارەدا دەژین، کە دایکی تێیدا لەدایک

بووه و سێ لە کچە خوشکەکانی لەو کاتەدا تێیدا دەژیان.
(د. توماتیس) هەر ئەو کاتە پەیوەندی بە خێزانەکە کرد و لەگەڵ (ئەنریک)ی باوکی (فاکوندۆ) دوا، ئەوەی مایەی لە ناکاوییەکی ورووژێنەر بوو، و سەرسامییەکەی زیاتر کرد، هەستکردنی بوو بەوەی پێش چەندین ساڵ لە یەکێ لە کۆنگرەکان لە ئەرجەنتیندا بە باوکەکەی گەیشتووە، لەو کاتەی خێزانی (لۆقا) لە کەسێک دەگەڕان ژیانی کوڕە گەورەکەیان (ئیجناکیو) لە مردن ڕزگار بکات، (د. توماتیس) کە وانەیەکی دەوتەوە و ئەوان تێیدا ئامادە بوون، هەر ئەویش ڕێنمایی ئەوەی کردن بۆ گەیشتن بەو وڵاتەی کە دواتر ئەوانی گەیاندە ئەو شوێنەی نەشتەرگەرییەکەی مۆخی ئێسکی (فاکوندۆ)یان تێدا ئەنجامدا، ئەو وڵاتە لەو کاتەدا یەکێک بوو لەو دەوڵەتە کەمانەی کە دەتوانرا ئەم جۆرە نەشتەرگەرییەی کە بۆ (فاکوندۆ) پێویست بوو، ئەنجام بدات.
لە ماوەی ساڵێکدا (فاکوندۆ) و خێزانەکەی بۆ یەکێ لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کە زۆرترین جەماوەرییان لە ئەرجەنتین هەبوو، بانگهێشت کران، کە بە ناونیشانی (لە ناکاو و نیو) بوو، (دنیز) و خێزانەکەی لە هاوینی ڕابردوودا بە دەرکەوتنی لە ناکاوی (فاکوندۆ) سەرسامبوون، کاتێ دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بە سەر پیشاندان و خستنە ڕووی بەرنامەکە لە ئەرجەنتین، (دنیز) و دوو لە منداڵەکانی لەلایەن بەرهەمهێنەری بەرنامەکە لە (بووینوس ئێرس) میوانداری کران، کە ئەمە بۆ (فاکوندۆ)و خێزانەکەی شتێکی لە ناکاو بوو، ژمارەی تەماشاکەرانی ئەم پیشاندانە بە (٦) ملیۆن تەماشاکەر تۆمارکرا، کە ئەم چاوپێکەوتنە فرمێسکاوییەی نێوان (دنیز) و (فاکوندۆ) یان لە (مێشیگان) بینی، ئەم پیشاندانە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو و بوە مایەی زیادبوونی ژمارەی بەخشەرەکانی مۆخی ئێسک لە ئەرجەنتین.
(د. تۆماتیس) وتی : (ئەمە جیهانێکی بچووکە)، تا ئەو کاتەش بەو ڕووداوانە سەرسامبوو کە دەشیا ببێتە مایەی ڕزگاربوونی ژیانی گەلێک لە منداڵانی وەک (فاکوندۆ)، ئەمە زنجیرەیەکە لە پەرجووەکان، هەروەک هەریەک لە خێزانی (تامینجا) و خێزانی (لۆقا) ئەم دەربڕینەیان لەم بارەیەوە وت.
(بامیلا دوجافیتز)

ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندان نموونەیی بن، ئەوا شتێکی کەم دەمێنێ تا فێری ببین، بەرەنگاربوونەوە و جیاوازی ئاسۆیەکانی دۆزینەوەی دەروونمان بۆ دەکاتەوە، هەندێک لە ئێمە تەنیا شتێکی کەم لەو شتانەی کە خاوەنین، ئەنجامی دەدەین، بەڵام هەندێکی تر دەستکەوتێکی زۆر لە نەبوونەوە بەدیدەهێنن، خەریکە ئەوە ببڕێنمەوە کە مرۆڤە پەرجوو دروست دەکات، هەروەها زۆر بیرنەکردنەوە ئەوەیە کە وامان لێدەکات نەک تەنیا سوپاسگوزاری ئەو بارە نەبین کە بە شێوەیەکی کارەکی تێیداین، بەڵکو وامان لێدەکات هەموو سنوورەکان تێپەڕێنین، لە چیرۆکی (لویس لوجان هورن) ئەوە بەدیدەکەین، کە تیشک دەخاتە سەر ژنێک کە ناهێڵێ کۆسپەکان ڕێگەی پێ بگرن.

نوبوکۆ
یابان

بوون لە خودی خۆی لە سادەترین شێوەکانی جگە لە پەرجوو شتێکی تر نییە.
(ریبیکا وست)

من تازە گەڕابوومەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک لە یابان بووم و هەندێک زمانی یابانی فێرببووم، ئەزموونێکی دەوڵەمەند و درەوشاوە بوو بە کرانەوەم لە سەر شارستانێتی و داب و نەریتی جیاواز و میللەتێکی جیاواز، کاتێ بەرپرسەکەم لە شوێنی کار لە بەیانی یەکێ لە ڕۆژەکاندا هاتە لام وپێمی ڕاگەیاند کە ڕۆژی دواتر پێشوازی لە میوانێک دەکەین لە یابانەوە هاتووە، هەستم بە بەختەوەرییەکی زۆر کرد، چونکە هەلێکی بەخێرهاتنم بۆ دەڕەخسێ بە هەمان شێوەی ئەو بەخێرهاتنەی کە لە یابان بۆم کرا، ناوی ئەو خاتوونەی کە هاتبووە میوانداریمان (نوبوکۆ) بوو من و ئەو لە بواری خزمەتی کۆمەڵایەتی کارمان دەکرد. دەمویست لە ڕێگەی ئەودا سیما جیاواز و لەیەکچووەکانی نێوان ڕۆشنبیری هەردوولامان بۆ ئاشکرابێت. ئەرکی (نوبوکۆ) دۆزینەوەی خێزانی ئەلتەرناتیڤ بۆ منداڵە هەتیوەکان بوو، (نوبوکۆ) پاداشتێکی لە یابان لە بەرانبەر چالاکییە کۆمەڵایەتییە دیارەکانی لەم بوارەدا وەرگرتبوو، گەیشتبوومە ئەوەی کە (نوبوکۆ) گرنگی بە هەموو شتێک دەدات کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە و بە دڵسۆزییەکی بێ پایان مامەڵە لەگەڵ کارەکەی دەکات، هەست بە شانازییەکی زۆر دەکات، کاتێ دەگاتە بەیەکگەیاندنێکی نموونەیی و گونجاو لەنێوان منداڵەکە و ئەو خێزانەی کە بەخێوکردنی منداڵەکە دەگرێتە ئەستۆ. (نوبوکۆ) چەندین ئارەزووی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کارەکان بۆ ئەو سەخت دەهاتە بەرچاو، فێری چێشت لێنان و چنین و نەخش و هەروەها فێری هونەری خەت خۆشی ببوو. ئەو شتەی مایەی سەرسوڕمان بوو و

لەوانی تری جیادەکردەوە، ئەوە بوو کە هەموو ئەو شتانەی بەدیهێنابوو بەبێ ئەوەی هەردوو دەستی هەبێت، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا هەردوو دەستی لە ڕووداوی بڕین بە هۆی مشاری کارەبایی لەدەستدابوو، کاتێ ویستبووی هەندێک دار بۆ ئاگرکردنەوە بۆ خێزانەکەی بهێنێت، پێی خزیوە و کەوتۆتە سەر مشارەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سووربوو لەسەر ئەوەی ژیانێکی سروشتی بژێیت. (نوبوکۆ) بۆ من نموونەیەک بوو لە چۆنیەتی تێپەڕاندنی سنوورەکان و لابردنی کۆسپەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی خەونەکان.

(لویس لوجان هورن)

دوا وێستگە

بەڕێوەبەری نووسین

هەموو کارێک جددی لەسەرەتادا ئامانج و پەیامی تایبەت بە خۆی هەیە. دەرکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک کە تایبەت بێت بەلایەنی ئەدەبی و هزری کەڵکەڵەی خستبووە بیری ئێمەی ستافی ئەم گۆڤارە. گۆڤارێک کە بتوانێت ببێت بە سەکۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامە ئەدەبی و هزرییەکان، ئاوێنەیەک بێت بۆ خۆدیتنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دنیای ئەدەب و هزردا رۆچووبوون. ئێمە لە ناوەندی زانکۆدا کە تەواو تێیدا ئەدەب و هزر بە پەراوێز خراوە، بۆچوونەکانمان گۆڕییەوە و هەنگاومان نا بەرەو کارێکی وەها. دوای هەوڵێکی زۆر و گرتنەبەر و تێپەڕاندنی رێکارە یاساییەکان، مۆڵەتی ژمارە (٤٢١)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەخشرا بەو گۆڤارە بە ناوی گۆڤاری٢٣ی ئەدەبی، هزری، رەخنەیی. سەرئەنجام لە شوباتی ٢٠١١ یەکەمین ژمارە دەرچوو.

لە یادمە کاتێک گۆران رەسووڵ بە تەلەفون ئەو هەواڵەی پێگەیاندم، هەر خێرا یەکمان بینی، باسمان لە شێوازی کارکردن و چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغێکی نوێ کرد. بە جۆشەوە وەخۆ کەوتین و پەیوەندیمان بەست بە کۆمەڵێک لەوانەی کە بەرهەم و بیروڕاکانیان سودبەخش بوون بۆ کارێکی لەم جۆرە. هەرچەندە سەرەتا رووبەرووی جۆرێک لە رەتکردنەوەی

چەند نووسەرێک بووین بە بیانی هەمەجۆر بەڵام ٢٣ توانی سەرکەوتووبێ بەوەی کە توانی ببێ بە چەترێ زۆرێک لە نووسەرانی خاوەن ئەزموون و ژمارەیەک بەرچاو لە دەنگە نوێ و نەبیستراوەکان کۆبکاتەوە.

سەرەتای سەدەی ٢٣ دەتوانرێت ناوبنرێت بە سەرەتای قەیرانەکان، ئەوە سەبارەت بە وڵاتانی رۆژئاوایی لەبەر ئەوەی چەندان مەملەکەت تووشی دارمانی ئابووری بوون، هەمان شت گونجاوە بۆ دۆخی رۆژنامەگەری کوردی، چونکە دەرگای پاڵپشتی میری بە رووی زۆرێک لەو ناوەندانەدا داخرا کە بێلایەنانە کارییان دەکرد لە لایەک، و کەمی ژمارەی خوێنەران لە کۆمەڵگای کوردیدا کە ئاستەنگە لە هەمبەر بە بازاڕکردنی بەرهەمە نووسراوەکان لە لایەکی دیکەوە هۆکارن بۆ کۆتایی پێهێنانی کاری رۆژنامەگەریمان.

لە ماوەی کارکردندا ئەگەرچی ٢٣ نەیتوانی تەواوی ئامانجەکانی بپێکێ لەچاو ئەو خواستەی کە زۆرێک هەمانبوو لە گۆرینی ئەو دۆخە کپەی کە ژیانی ئەدەبی و هزری کوردی گرتوەتەوە، بەڵام لە دەرخستنی دەنگە شاراوەکان لە لایەک و سەربەخۆبوون و بێلایەنی و دورکەوتنەوە لە پاشکۆبوون لە لایەکی دیکەوە پێشەنگبوون بەم گۆڤارە بەخشیبوو. لێرەوە ٢٣ دەبێ بە رابردوو، رابردوویەک کە هەموو ئاستەنگ و خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە بیرەوەرییەکی جوان جێدەهێڵێت لای هەموو ئەوانەی زۆر تا کەم ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم گۆڤارە هەبوو. وەک ستافی ٢٣ بە پێویستی دەزانین سوپاسی هەموو ئەو نووسەرانە بکەین کە بەشداربوون لە نووسینەوەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا و خەمخۆرانە کاریاندەکرد بۆ خزمەتکردنی لایەنی ئەدەبی و هزری نەتەوەکەمان. سوپاسی تایبەتمان بۆ هێمن خدر کە خۆبەخشانە و بە دڵەوە کاری دیزاین گۆڤارەکەی ئەنجامدەدا. سوپاس بۆ هەریەکە لە ڕەسووڵ سوڵتانی و غەمگین بۆڵی کە هاوکارێکی بەردەوامی کارەکانمان بوون. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو خوێنەرە پەرۆش و هاوڕێ دڵسۆزانە دەکەین کە لە رێگەی دەربڕینە رەنگینەکانیان و هەواڵ پرسینی بەردەوامیان هێزیان پێ دەبەخشین بۆ بەردەوامبوون و کاری باشتر.

23

An Independent literary, Intellectual and critical magazine

Number: 10
Winter 2013

Concessionaire: Sirwan Abdulkarim
Editor-in Chief: Goran Rasool
Editor: Dana Ahmad

Designed By: Hemin Xdr
hemn89@gmail.com

Contact:
Mob: 009647504524443
Email: govar23@yahoo.com

Erbil – Kurdistan Region – Iraq
2013